دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٧٢، شەممە، ١٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٤ی هەتاوی ٥ی مارسی ٢٠١٦، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

سپاسنامەی کۆمیسۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە خەڵکی کوردستان... ٢

بەیاننامەی دەفتەری سیاسی سەبارەت بە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی... ٢

یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە کۆنگرەی جیهانی USYدا بەشداریی کرد ٣



ئەو هەڵبژاردنە لەبەر ئەوەیکە ئازاد و دێموکراتیک نیە... ٤



شانۆی هەڵبژاردن و پرسی ئابووریی ئێران ٦



هۆکارناسیی کێشەی کۆمەڵایەتیی کێشانی قلیان ٧



دیپلۆماسیی «حکوومەتی ناوچەیی کوردستان»... ١٠

# یارسان، دڕکێک لە چاوی فاشیزمی ئایینیدا



لە درێژەی ڕەوتی فشار هێنان بۆ سەر پیڕەوانی ئایینە غەیرە حکوومەتییەکان لە ئێران، شاری شائاباد شاهێدی شەپۆلێکی نوێ لە سووکایەتی پێ کردن و هێرشی بەکرێگیراوانی ڕێژیم بۆ پیڕەوان، سیمبۆلەکان و ناوەندە ئایینییەکانی ئایینی یارسان بوو.

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕۆژی شەممە ٨ی ڕەشەمە، نزیک بە ١٠٠ کەس لە کەسانی «توندئاژۆی ئایینی» بە دار و بەرد هێرشیان کردە سەر دوایین جەمخانەی پیڕەوانی یارسان و شووشەی ئەو شوێنەیان شکاندووە و خەساریان بە بیناکەش گەیاندووە.

ئەو کەسانە، گرووپێکی پێکهاتوو لە توندئاژۆ ئایینییەکانی بەستراوە بە ڕێژیم بوون کە بە پشتیوانیی هێزە ئەمنییەکان و مەئموورە ئینتیزامییەکانی ڕێژیم لەو شوێنە ئامادە بوونە و بێڕێزی و سووکایەتییان بە هێما و سیمبۆلەکانی ئایینی کەونارای یارسان کردووە و دروشمیان لە دژی پیڕەوانی ئەم ئایینە داوە.

هێرشبەران وێڕای دانی دروشم، خوازیاری لەناوچوونی گشتیی پیڕەوانی ئایینی یارسان بوون.

بەکرێگیراوانی ڕێژیم هاوکات لەگەڵ هێرش کردنەسەر جەمخانەی ئیسلامئاباد، ڕێژەیەک لە شارۆمەندانی یارسانیان کە نارەزایەتییان لەمەڕ ئەو هێرشە دەربڕیبوو، دایە بەر لێدان و کەوتنە وزەیان.

ئەم کەسانە بە ئازادی لە نێو شاردا دەسووڕانەوە و تەڕاتێنیان بوو و بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ئاستی شاردا دەگەڕان و دروشمیان دەدا.

لە لایەکی دیکەشەوە، ڕۆژی یەکشەممە، نۆی ڕەشەمە، کۆبوونەوەیەکی نارەزایی دەربڕین بە مەبەستی داکۆکی کردن لە پیڕەوانی ئایینی یارسان، بەرانبەر بەخشداریی «گاوارە»، سەر بە شارستانی «کرند» بەڕێوەچوو.

لەم ڕێپێوانەدا، شارۆمەندانی کوردی پیڕەوی ئایینی یارسان داوایان لە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم کرد کە پێش بە سووکایەتی و شکاندنی ڕێزی ئایینەکانی دیکە بگیردرێت.

لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە هێزە سەرکوتکەرەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیم، ڕێگرییان لە بەردەوامیی ڕێپێوانەکە و پەیوەست بوونی شارۆمەندانی دیکە بەو ڕێپێوانە کردووە. لە لایەکی دیکەشەوە لە زۆربەی جەمخانەکانی ناوچە یارسان نشینەکانی ئێران، خەڵک بە مەبەستی دەربڕینی بێزاریی خۆیان لە ڕووداوەکەی شائاباد و پرۆتێستۆ کردنی سووکایەتی و دەستدرێژی بۆ سەر پیڕەوانی ئەم ئایینە، بەشێوەی خۆڕسک کۆبوونەتەوە و واژۆیان کۆکردۆتەوە.

لە فەزای مەجازییشدا، هەندێ لە بەکارهێنەران، لە هەر چوار بەشی کوردستان، بەرانبەر ئەم ڕووداوە هەڵوێستیان گرتووە و کەمپەینێکیان بە ناونیشانی «من کوردم... من یارسانیم» وەڕێ خستووە و بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەستی دەربڕینی هاوسۆزی لەگەڵ پیڕەوانی ئایینی یارسان و پرۆتێستۆ کردنی ئەو ڕووداوانە، وێنەی پرۆفایلی خۆیان گۆڕی بە دروشمی «من یارسانیم».

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، گەنجان و چالاکانی یارسان بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێک، خوازیاری ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەکی ئاشتیخوازانە لە ڕۆژی شەممە پازدەی ڕەشەمەدا بوون لە بەرانبەر فەرمانداریی کرماشاندا. ئایینی یارسان لە ئایینە کەون و ڕەسەنەکانی کوردستانە و لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنە نیوە فەرمییەکان، نزیکەی ٢ میلیۆن شارۆمەندی پیڕەوی ئایینی یارسان لە ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان بوونیان هەیە، بەڵام ئەم ئایینە لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا بەفەرمی نەناسراوە و کەرامەت شکاندن لە ڕێی تاشینی سمێڵی پیاوانی یارسان و زۆرێک ستەم و هەڵاواردنی سیستماتیک و ڕۆژانە، لە دژی پیڕەوانی ئەم ئایینە، لەم چەند ساڵەی دووایی‌دا، بووەتە هۆی دەربڕینی نارەزایەتی لە نێوان پیڕەوانی ئەم ئایینەدا.

# ڕێژیمی ئێران بەردەوام هەڕەشەیە بۆ سەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

کوردستان میدیا: بەرپرسانی پایەبەرزی سەربازی ئەمریکا بەردەوام باس لەوە دەکەن کە ڕێژیمی ئێران هەڕەشەیەکە بۆ سەر ئەمنییەت و سەقامگیریی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان، «ڤینسێنت ستوارت» بەڕێوەبەری ئیدارەی ئیتلاعاتی سەربازی ئامریکا لە کۆبوونەوەیەکدا باسی لەوە کردووە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەردەوام هەڕەشەیەکە بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

ستوارت لەو کۆبوونەوەدا لەگەڵ کۆمیتەی هێزە چەکدارەکانی مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکادا باسی لەوە کردووە کە مووشەکە بالستیکەکانی ڕێژیمی ئێران دەتوانن وڵاتانی ناوچەکە بکەنە ئامانجی خۆیان و بۆردی ئەو مووشەکانەش دەگاتە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئورووپاش کە ئەو ڕێژیمەش بێ لەبەرچاوگرتنی ڕێککەوتنی ناوکی، درێژە بە تاقیکردنەوەی مووشەکەکان دەدات.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لەوە کردووە کە مانەوەی هاوپەیمانانی عێراقی و سووری لەگەڵ ڕێژیمی ئێران ئەولەویەتی بنەڕەتیی ئەو ڕێژیمەیە و بۆ ئەو مەبەستەش هێزەکانی قۆدسی سپای پاسداران و حیزبوڵڵای لوبنان لە باسکە بەهێزەکانی ڕێژیمی ئێران ئەژمار دەکرێ کە دەتوانن لە ڕێی ئەوانەوە پەرە بە دەستێوەردانەکانی خۆیان لە وڵاتانی ناوچەکەدا بدەن.

هەروەها بەڕێوەبەری ئیدارەی ئیتلاعاتی نیزامیی ئەمریکا گوتوویەتی کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٥ی زایینیدا ڕێژیمی ئێران زیاتر لە هەزار کەس لە هێزە زەوینییەکانی خۆی بۆ شەڕی سووریە ڕەوانە کردووە.

لەو پێوەندییەدا، ڕێککەوتی ٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٤ی هەتاوی، شووورای هاوکاریی کەنداو لەکۆتایی ١٣٦ـەمین کۆبوونەوەی وەزیرانی کاروباری دەرەوەی وڵاتانی ئەندامی شووورای هاوکاریی کەنداودا، کە لە وڵاتی عەرەبستانی سعوودی بەڕێوەچوو، لەهەمبەر هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ نانەوەی ئاژاوە و شەڕ لەناوچەکەدا، هۆشداریی جیددیان بەو ڕێژیمە دا.

دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئێران لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و پشتیوانی لە ڕێژیمی بەشار ئەسەد و گرووپە تیرۆریستییەکانی ناوچە، بووەتە هۆی ئەوەیکە ئەو ڕێژیمە ئێستا وەکوو گەورەترین پشتیوانی ماڵیی تیرۆریزم لە جیهاندا بناسرێت.

## پەیڤ

### لێڵاوی سیاسەت

**کەریم پەرویزی**

زیاتر لە ٣٠ ساڵە بەردەوام دەبیسین و گوێمان لێ دەبێ کە ڕەخنە لە خەڵکی ئێران دەگیرێ کە بۆچی بە هەموویانەوە تووشی نەخۆشیی کورتبینی هاتن و وەدوای دیکتاتۆر و جەللادێک بە ناوی خومەینی کەوتن؟ لەم زیاتر لە ٣ دەیەدا، زۆر لێکۆڵەر و سیاسەتڤان لێیان پرسییەوە و بەدوای کەوتون کە بزانن بۆچی ئەو خەڵکەی لە ساڵی ١٣٥٧دا، نووری ڕزگارییان لە سیمای خومەینی‌دا بینی، بۆچی ئەو هەموو کون و قوژبنە تاریکەی ئەشکەوتە پڕ دڕەدەکانی هزری خومەینیان نەبینی؟ زۆرجار قسە و کتێب و نامیلکەکانی خومەینی وەکوو فاکتی دواکەوتوویی و دژە مرۆڤ بوون و دژە ژن بوونی خومەینی هێنراوەتەوە، ڕەخنە لە مرۆڤەکان و لە ژنان گیراوە کە چۆن بوو وەدوای خومەینی کەوتن؟

بەڵام دوای ٣٧ ساڵ لە شانۆگەرییەکی هەڵبژاردندا، خەڵکی ئێران بەشێکی بایکۆتی دەکەن و بەشێکیش بە هەر هۆیەک بە ناچاری یان بە هۆکاری شەخسی بەشدار دەبن، بەڵام بەشیکی دیکە لەو خەڵکە بە هیواوە دەڕۆن دەنگ بە کەسانێکی وەکوو ڕەفسەنجانی و ڕەیشەهری و نەجەفئابادی و ... دەیان کەسی تیرۆریست و جەللاد و بڕیاردەری ئێعدام و ئەشکەنجە دەدەن، بەو هیوایەی کە ڕزگاریان بکەن!

لە نێو ئەو بەشە لە خەڵکدا کە بەو شێوازە بەشدار بوون، بەتایبەت لە شاری تاران و لە نێو کەسانی بەناو خوێندەوار و چالاکڤاندا، شتەکە زەقتر دێتە بەرچاو. هەرچەند هەر لە شاری تارانیش، زیاتر لە نیوەی خەڵک شانۆکەیان بایکۆت کرد و ڕێژیم بە دەسکاری کردنی ئامارەکان، بە زۆرەملێ ڕێژەکەی گەیاندە ٥٠٪، بەڵام ئەو ژمارەیەی لە تاران بەشدار بوون، بە هیوای ئەوەی ڕەفسەنجانی و ڕەیشەهری ببنە ڕزگاریدەریان، دەنگیان بەو لیستە جەللادە داوە کە هاوتای لیستەکەی دیکەی جەنەتی وەکوو یەک جەللاد و تاوانبارن و سەرچاوەی تاوانباری و تاڵانکارین لە ئێراندا.

کاتێک لەم ڕووداوە لە ئێراندا دەڕوانی کە لەو نێوەدا کەسانێک چوون بۆ دەنگدان کە خۆیان ئێستاش لە زینداندان و خۆیان

درێژە لە لاپەڕەی ٢

# بە مەبەستی بایکۆت کردنی شانۆی هەڵبژاردن لە چەندین شاری کوردستاندا چالاکی بەرینی تەبلیغی بەڕێوە چوو

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە چەندین شاری کوردستاندا بۆ تەحریمکردنی شانۆی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران، لە چوارچێوەی ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەستیان دایە چالاکی تەبلیغییاتی و بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێر و فایلی دەنگیی تایبەت بە بایکۆت کردنی هەڵبژاردنەکان، ئەو هەڵبژاردنەیان بایکۆت کرد.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ی هەتاوی، ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزبی دێموکرات لە شاری سەقز بۆ تەحریمکردنی شانۆی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران، دەستیان دایە چالاکی تەبلیغاتی و بە نووسینی دروشم ئەو هەڵبژاردنانەیان بایکۆت کرد.

ئەم چالاکییە بە شێوەیەکی بەرین لەم گەڕک و شەقامانەی شاری سەقز بەڕێوە چوو: «شەقامی ٣٢ میتری، حاجی ئاوا، کەریم ئاوا، شەهرەکی گوڵان، ساڵحاوا، شەهرەکی فەرهەنگیان، ئوستاد شیرازی و کوشتارگای قەدیم».

دوای ئەو چالاکییە تەبلیغاتییەی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، ڕێژیم هێزەکانی خۆی لە نێو شاردا بڵاوە پێ کردووە و بەشوێن بکەرانی ئەو کارەدا دەگەڕێت و دەستیان کردووە بە پاک کردنەوەی دروشمەکان لەسەر دیوارەکان.

ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ، لە شاری بۆکان بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی حیزبی دێموکرات و فایلی دەنگی «دەنگ نادەین» و تراکت و پوستێری تایبەت لە زۆربەی گەڕەکەکانی شاری بۆکان و بەشیکی زۆر لە گوندەکانی سەر بەو شارە، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هەروەها ئەندامانی حیزب فایلی دەنگی و بەشیک لە بەیاننامەی حیزبی دێموکرات و و تراکتیان لە ڕێگای «sms، تێلگرام و ئینستاگرام و تورەکۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەت بۆ موبایلی هاووڵاتییان نێردراوە.

هەروەها ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە گوندی «ئاڵیاوێ» سەر بە شاری شنۆ، چالاکیی تەبلیغییان بۆ بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیم بەڕێوە بردووە.

ئەو دروشمانە بریتی بوون لە: «دەنگ نادەین بە مانەوەی ڕێژیم، دەنگ نادەین بە دواڕۆژی نارۆون، ئێمە لە شانۆگەریی هەڵبژاردندا بەشداری ناکەین، دەنگ نادەین بە ڕێژیمی سێدارە، نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی و نەمان بۆ جاش».

هەروەها لە شاری مەهاباد ئەندامان ولایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم شوێنانە چالاکیی تەبلیغاتییان بەڕێوەبرد: باغی شایگان، مەیدانی ئیستقلال، جادەی تاقەدار، پارکی میکائیل، پۆمپی بەنزینی مەیدانی ئیستقلال، تێرمینالی گوندەکان، مەدرەسەی حاجی عەبدوڵلا، پۆمپی گازی پشت بیمارستان، بەری شیلانان، شارەداری، پردی حکمەت، مەدرەسەی سەید یوسف، شەقامی ئەرتەش، فەرمانداری، مەحوەتەی مەنگوڕان، فەلەکەی کۆسار، باغی سەفا و پارکی سەید قوتب ئەو شوێنانەن کە تراکت و پۆستێری تایبەت بە بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیم بڵاو کرابوونەوە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ژاوەرۆی سنە لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکاندا بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغاتی شانۆی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیمیان بایکۆت کرد.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە ژاوەرۆی سنە بۆ تەحریمکردنی شانۆی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران، دەستیان دایە چالاکی تەبلیغاتی و بە نووسینی دروشم، ئەو هەڵبژاردنانەیان بایکۆت کرد.

# سپاسنامەی کۆمیسۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە خەڵکی کوردستان بۆ بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان

هاونیشتمانانی بەڕێز!
ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات!

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕێکەوتی ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٤ی هەتاوی، لە بەیاننامەیەکدا بە شێوەی فەرمی، بە ناو هەڵبژاردنەکانی دەوری دەیەمی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و خولی پێنجەمی مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەریی بایکۆت کرد. لەم بەیاننامەیەدا کومیتەی ناوەندیی حیزب داوای لە هاونیشتمانان کرد کە بەشداری لە شانۆگەریی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا نەکەن.

هەر لەم پێوەندییەدا، بە مەبەستی ڕێکخستن و بەرەوپێشبردنی کاروبار و چالاکییەکانی تایبەت بە «تەحریمی فەعال»ی بە ناو هەڵبژاردنەکان، لەسەر ڕاسپاردەی کومیتەی ناوەندیی حیزبەکەمان، ،کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات، وەک ئەرکی تەشکیلاتی نێوخۆیی، سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی خۆی ڕاسپارد کە بەشێوەیەکی بەربڵاو و بەرنامەداڕێژراو هەوڵ و توانای خۆیان بخەنە گەڕ تا سیاسەتی تەحریمی فەعال ببەنە پێش.

کار و چالاکیی تەبلیغیی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە کاتێکدا بوو کە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەک سیاسەتی هەمیشەیی خۆی، بەپێی پلان و پیلانی پێشوەخت، دۆخێکی ئەوتۆی پێکهێنابوو کە لەلایەک، ئامادەکاریی تەواوی کردبوو بۆ هەڵبژاردنی «هەڵبژێردراوەکان»، لەلایەکی دیکەوە، هەر وەک لە ئەتڵەسی ئەمنیەتیی تایبەت بە هەڵبژاردنەکانی ١٣٩٤دا هاتبوو، فەزایەکی ئەمنی و پۆلیسی سەرجەم شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تەنیبووەوە. لەم ڕووەوە دەستوپێوەند و دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی هەوڵیان دەدا هەر جۆرە چالاکی و تێکۆشانێ بخەنە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵەوە.

لە وەها دۆخێکدا ئەندامان، تێکۆشەران و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات، بە بڵاو کردنەوەی تراکت، نووسینی دروشم، ڕۆشنگەری و لەقاودانی سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەرپەرچی پیلانەکانی ڕێژیمیان دایەوە. خاڵی جێی سەرنج، پێوەندی کردن بە ژمارەیەک لە بەربژێرەکانەوە بوو کە ئەنجامەکەی بوو بە کشانەوەیان لە شانۆگەریی هەڵبژاردنەکان.

لەو ماوەیەدا، بەتایبەتی لە سەروبەندی بانگەشە و کەمپەینی هەڵبژاردنی بەربژێرەکان، ئەندام و لایەنگرانی حیزب زۆر چالاکانە ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانیان دەناردەوە بۆ کۆمیسیۆنی تەشکیلات. ئاکام و دەرەنجامی ئەم کاروتێکۆشانەی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە نێوخۆی وڵات، بووە هۆی ئەوەی کە سیاسەتی «تەحریمی فەعال» جێی خۆی بکاتەوە و ڕەنگدانەوەی باشی لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا هەبێ. تا ئەو جێگایە کە لە چەند گوند و ناوچەیەک ڕێگا بە بەربژێرەکان نەدرا ستادی تەبلیغاتی دابنێن و بانگەشە بۆ بەرنامەکانی خۆیان بکەن. ئەمەش هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە و جێگای پێزانینە. بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرت و زانیاریانەی کە بە کۆمیسیۆنی تەشکیلات گەیشتووە، لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ڕێژەی بەشداریکردن لەم بەناو هەڵبژاردنانە ئاستێکی نزمی هەبووە. ئەمەش بەرانبەر بە سیاسەت و پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، سەرکەوتنێکی گەورە بوو. بەرانبەر بە ڕێژەی خوارەوەی بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان، کۆماری ئیسلامی و دامەزراوە پێوەندیدارەکان، وەک سیاسەتی هەمیشەیی خۆیان، وا دەنوێنن کە ڕێژەی بەشدارییەکان زۆر و «دڵخواز»ی ڕێژیم بووە. لێرەوە جەخت لەوە دەکەینەوە کە ئەم چەواشەکاری و ئامارسازییانەی ڕێژیم، وەک هەمیشە دوورە لە ڕاستی. بەم هۆیەوە ڕایدەگەیێنین شانۆگەری بە ناو هەڵبژاردنەکان تەنانەت بەو شێوەی کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی چاوەڕوانییان دەکرد سەرکەوتوو نەبوو.

لێرەوە، سپاس و پێزانینمان هەیە بۆ سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کە زۆر بە بەرنامە و یەکگرتووانە، توانیان خەتی تەشکیلاتی و سیاسەتی بایکۆتی فەعال بەرانبەر بە شانۆگەرییەکانی ڕێژیمی تاران ڕەچاو بکەن و بەم شێوەیە بەرپەرچی سیاسەتەکانی ڕێژیم بدەنەوە. هاوکات سپاسی ئەو بەربژێرانە دەکەین کە لە سەر داوا و ڕێنوێنیی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شانۆی بەناوهەڵبژاردن کشانەوە.

سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی-دێموکراتیکی کوردستانی ئێران
سەرکەوتن بۆ ئیرادەی شۆڕشگێڕانە و یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیسیۆنی تەشکیلات
١٠ی ڕەشەمەی ١٣٩٤ی هەتاوی
٢٩ی فێوریەی ٢٠١٦ی زایینی

# بەیاننامەی دەفتەری سیاسی سەبارەت بە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانە لە ئێراندا

هاونیشتمانیانی بەڕێز!
خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

هەروەک لەپێشتردا باس کرا بوو و چاوەڕوان دەکرا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی شانۆیەکی دیکەی لە ژێر ناوی هەڵبژاردندا بەڕێوە برد کە لە سەرەتای نمایشەکەوە هەتاکوو پەردەی کۆتایی شانۆکەی، بەرنامەی بۆ دارشتبوو و بە وەڕێخستنی هەندێک دەنگۆ و خۆڵ لە چاوی خەڵک کردن، وای دەنواند کە شانۆی ئەمجارەی لەگەڵ جارانی دیکە جیاواز دەبێ و هەندێک لە مۆرە و باندەکانی نێو ڕێژیمیش وایان دەنواند کە لەبەر نەخۆشیی ڕێبەری ڕێژیم و هەروەها تەسلیمبوونیان بەرانبەر بە ڕۆژئاوا لە پرسی ناوکیدا، هەڵبژاردنی ئەم جارە کاریگەریی زۆرتری لەسەر سیاسەتەکانی ڕێژیم و جێگرەوەی داهاتووی خامنەیی دەبێ. بەڵام هەموو ئەوانە تەنیا بۆ گەرمکردنی بازاڕی شانۆگەریی هەڵبژاردن بوو و ڕێبەری ڕێژیمیش کە لە دۆخی نالەباری ڕێژیمەکەیدا داوای لە تەنانەت دژبەرانی ڕێژیمیش کردبوو کە لەم هەڵبژاردنەدا بەشدار بن، دوایە لە ترسی ئەوەی کە نەکا دۆخەکەیان لەدەست دەر بچێ، ڕایگەیاند کە وتوویانە کە دژبەرانی ڕێژیم دەنگ بدەن و نەیانوتووە کە دەتوانن بچنە مەجلیس! بەم شێوەیە ڕێژیم هەموو ئامادەکارییەکی بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی بێنێوەڕۆک و چەواشەکراو و فریوکارانە کردبوو و لە قۆناغە جیاجیاکاندا بەرنامەکانی بردنە پێش و لە ڕۆژی ٧ی ڕەشەمەشدا کە بۆ ڕۆژی دەنگدان دیارییان کردبوو ، هەموو دەزگای تەبلیغی و پڕوپاگەندە و بەسیج کردنی خەڵکی وەگەڕ خست تاکوو خەڵک بکێشێنە سەر سندووقەکان و لە بەر چاوی دووربینەکانەوە ڕیزی دوور و درێژی خەڵکی بەشدار نیشان بدا. لەم ماوەیەدا کە حیزبی دێموکرات وەک هێزێکی ئازادیخوازی واقیعبین، سیاسەتی بایکۆتی شانۆگەریی ڕێژیم و هاندانی خەڵک بۆ نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدانی ڕێژیمی گرتە پێش، لە سەر بنەمای لێکدانەوەیەکی دروستی سیاسی و بە ناسینی ڕێژیم و بە ئاگادار بوون لە هەموو چەواشەکارییەکانی ئەو ڕێژیمە، ئەو سیاسەتەی گرتە پێش و هەم دروستیی سیاسەتەکەی دەرکەوت و هەم ئەندام و لایەنگرانی تێکۆشەری حیزبیش لەم ماوەیەدا بۆ سەرکەوتنی ئەو سیاسەتە و بردنی سیاستی حیزب بۆ نێو خەڵک ئەوەی لە دەستیان هات ئەنجامیان دا و بە چالاکییەکانیان هەنگاوی کردەییان بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ڕێژیم هەڵگرت.

هاونیشتمانیانی بەڕێز!

هەروەک ئاگادارن، ڕێژیمی ئیسلامی بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکان لە پیلانی جۆربەجۆر و بڵاوکردنەوەی دەنگۆی ناڕاست و تەماح وەبەرنان و هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە لە خەڵک هەوڵی دا کە بەناچاری بەشێک لە خەڵک پەلکێشی سەر سندووق بکا. هەروەها بە دیاریکردنی بەربژێری دەسکردی خۆی لە نێو گرووپ و پێکهاتە و چین و توێژی جۆربەجۆری کۆمەڵگا و بەتایبەت لە کوردستاندا، هەوڵی دا کە هەم بازاڕگەرمییەکی ناواقیعی بۆ هەڵبژاردنەکەی وەدەست بخا و هەم کێشە و ململانێی ناتەندروست بخاتە نێو کۆمەڵگای کوردستانەوە. لە ڕۆژی بەناو دەنگدانیشدا، هەم ژمارەیەکی زۆری دەنگی لەپێشدا ئامادەکراوی خستە نێو سندووقەکانەوە و هەم خەڵک و دەستوپێوەندییەکانی خۆی لەمبەر بۆ ئەوبەر گواستەوە، تاکوو هەم تەقەلوبیان پێ بکا و هەم لە بەرچاوی دووربینەکانی خۆیەوە مانۆڕ و نمایشیان پێ بدا. وەکوو ئاکامی هەڵبژاردنیش، لە ئاستی سەرتاسەریدا، ڕێژیم ڕایگەیاند کە؛ بەشدارییەکی نزیک بە ٦٠٪ی هەبووە، کە بە لەبەرچاوگرتنی دەسکاری و گزەکردنی هەمیشەیی ڕێژیم لە ئامارەکاندا، بۆمان دەردەکەوێ کە ئاستی بەشداریی خەڵک بەگشتی لە خوارەوە بووە. هەروەها لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا، بەپێی هەندێک تایبەتمەندی، بەشداریی خەڵک جیاواز بووە. بەپێی ئەو ئامارانەی لە لایەن خودی ڕێژیمەوە بڵاو بوونەتەوە، ئاستی بەشداریی خەڵک لە پارێزگای سنە لە خوارەوە بووە کە زانیارییەکان باس لە بەشداریی کەمتر لە ٤٠٪ی خەڵک لەو پارێزگایە دەکەن. لە پارێزگاکانی دیکەی کوردستانیش ئاستی بەشداریی خەڵک کەمتر لە ئاستی گشتیی ئێران بووە، تەنیا لە چەند شوێنی ئیلام و پارێزگای ورمێ نەبێ کە لەبەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئەو ناوچانە و تایبەتمەندییان، هەروەها هەندێک پیلانی ڕژیم بۆ زەقکردنەوەی کێشەکانی نێو پێکهاتەکان، لە ڕێگەی کاندیدا دسنیشانکراوەکانەوە، بەداخەوە ڕێژیم لە ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک لەو شوێنانەدا سەرکەوتوو بووە.

ئەوەی لەم بەناو هەڵبژاردنەشدا بۆ جارێکی دیکە نیشان درایەوە، ئەوە بوو کە ڕێژیم لەوپەڕی ترس و لەرزۆکییدا تەنانەت کاندیداکانی خۆیشی کە پێشتر لێیان دڵنیابوو، لە مەیدان دەری کردن، تاکوو هیچ جۆرە ڕیسکێکی بۆ دۆخی لەرزۆکی داهاتووی نەکردبێ و مەبەستی ڕژیم تەنیا ئەوە بوو کە خەڵکێک بکێشێتە سەر سندووقەکان، دەنا نە مەجلیسەکانی دەسەڵاتی ئەوتۆیان هەیە و نە باندە جیاوازەکانی نێو ڕێژیم هیچ خەمێکی مافی خەڵک دەخۆن، تەنیا لە سەر بەرژەوەندیی خۆیان پێکەوە کێشەیان هەیە و لە سەر ستەمکردن لە خەڵک هاودەنگن و لە کاتی هەستیاردا بۆ پاراستنی نیزامەکەیان هەموو دژبەرییەکانیان وەلا دەنێن. پێویستە لە کۆتاییدا سپاسی هەموو ئەو کەسانە و ئەو تێکۆشەرانەی دێموکرات بکەین کە لە پێناو سەرخستنی هەڵوێستی حیزبی دێموکراتدا تێکۆشان، هەڵوێستێک کە هاوتەریب و هاوئاهەنگ بوو لەگەڵ زۆربەی هەرەزۆری ڕێکخراو و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کە هەڵبژاردنەکانیان بایکۆت کرد. هەروەها سپاس و پێزانین بەرانبەر بەو خەڵکە دەربڕین کە سندووقەکانی چەواشکاریی ڕێژیمیان بایکۆت کرد. هەروەها بەو ژمارەیەی خەڵکیش کە بە ناچاری یان لە دۆخی ئاڵۆزکراوی ڕژیمدا چوونە سەر سندووقەکان ڕابگەیەنین کە دوای ڕۆژی بەناو دەنگدان، ڕوونتر دەردەکەوێ کە هەموو ئەو کەسانەی کە دەبرێنە مەجلیسی ڕێژیم، دامودەزگاکانی ڕێژیم خۆیان دیارییان کردوون و دەچنە شوێنێک کە هیچیان لەدەست نایە بۆ پشتیوانی لە مافی گەل، بەڵکوو ئەوان تەنیا بەڕێوەبەری سیاسەتەکانی دەزگای ویلایەتی فەقیهن و هیچی تر.

نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی
سەرکەوتن بۆ ئازادی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٤
٢٨ی فێوریەی ٢٠١٦

## دریژەی پەیف

بەدەستی ئەم جەللادانە سووکایەتییان پێ کراوە و بە دەستی کەسانی نێو ئەو لیستانە، فەرق ناکا کام لیستیان، کەسێکیان ئێعدام کراوە، بەڵام ڕۆیشتوون دەنگیان داوە و هیوایان پێ هەڵبەستوون، دووبارە بوونەوەی مێژوو دەبینی.

سەردەمێک بە تەبلیغاتی ڕادیۆ بی بی سی، خومەینیان لە خەڵکی ئێران کرد بە ئازادیخواز و وێنەکەیان چەسپاند بە مانگەوە! ئێستاش هەر بە هەمان تەبلیغات و بە هەمان دەزگای تەبلیغاتی، ڕەفسەنجانی و باندە تیرۆریست و جەللادەکەی، کراون بە پیاوی چاکسازییەکان و «هیوا»ی لەسەر دادەمزرێنن!

پرسیارێکی گرنگ و بنەمایی لەم نێوەدا خۆی زەق دەکاتەوە: ڕۆشنبیر و لایەنە سیاسییەکان کە پاساویان بۆ دڕندەیی و بیری تاریکی خومینی هێنایەوە، لە ئێستاشدا، هەمان کار و کردەوە بە نیسبەت کەسێکیتر لەهەمان ڕەگەز دووپات دەکەنەوە، گەر جاری یەکەم تێی کەوتبوون و فریویان خواردبوو، ئەمجارەش فریویان خواردوە یان بۆ فریودان هاتوون؟

# بارودۆخی کورد لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ بەرپرسی پێوەندییەکانی ک.ج.ک تاوتوێ کرا

بەرپرسی پێوەندییەکانی کە.جە.کە (K.C.K) سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لە سەردانە پرسە پێوەندیدارەکان بە کورد خرانە بەر باس.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٤ی هەتاوی، دوکتور «حوسین»، بەرپرسی پێوەندییەکانی کەجەکە لە باشووری کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرەستی «مستەفا هیجری» پێشوازییان لێکرا.

لەو سەردانەدا، باس لە سەر دۆخی کورد لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا و هەر دوو لایەن ڕوانگە و بۆچوونەکانی خۆیان لە سەر پرسە پێوەندیدارەکان بە کورد خستە بەرباس. هەروەها لە کۆتاییدا، پێداگری لە سەر ئەوە کرایەوە کە کورد بۆ چارەسەری کێشەکانی ڕێگای دیالۆگ و ئاشتی فەرامۆش نەکات.

## کۆچی دوایی برای شەهیدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەهاباد

عەلی عەلی‌نژاد ناسراو بە «عەلی چاوشین» برای شەهید «ڕەسووڵ چاوشین» ماڵئاوایی لە ژیان کرد.
ڕۆژی پێنج‌شەممە ڕێکەوتی ٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ی هەتاوی، عەلی عەلی‌نژاد، ناسراو بە «عەلی چاوشین» برای شەهید «ڕەسووڵ چاوشین» ماڵئاوایی لە ژیان کرد.
شەهید ڕەسووڵ چاوشین ڕێکەوتی ٣٠ی خەرمانانی ١٣٦٢ی هەتاوی، لە گوندی «کیسەڵاوی» شەهید بوو.
کاک عەلی دوای شەهیدبوونی کاک ڕەسوول، ئەرکی بەخێوکردنی بنەماڵەی شەهید ڕەسووڵی وەئەستۆ گرت.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشیی خۆی لە بنەماڵە و خزم و کەسوکاری کاک عەلی دەکات وخۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## کۆچی دوایی باوکی شەهیدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەهاباد

«محەممەدئەمین ئەحمەدپوور» باوکی شەهیدێکی حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەی دێرینی ئەم حیزبە لە شاری مەهاباد ماڵئاوایی لە ژیان کرد.
ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٤ی هەتاوی، کاک محەممەدئەمین ئەحمەدپوور ناسراو بە «محەممەدئەمین شەشە» بە هۆی نەخۆشینەوە لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە زێدی خۆتی بە بەشداریی خەڵکێکی بەرچاوی ناوچەکە بە خاك سپێردرا.
کوڕێکی کاک محەممەدئەمین بە ناوی «بارزان» پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی، شەهید کرا.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشیی خۆی لە بنەماڵە و خزم و کەسوکاری کاک محەممەدئەمین دەکات وخۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## دایکی شەهیدێکی حیزبی دێموکرات لە شاری پاوە کۆچی دوایی کرد

دایە «پیرۆز مۆئمێنی» دایکی شەهیدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری پاوە کۆچی دوایی کرد.
ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی٨ی ڕەشەمەی ١٣٩٤ی هەتاوی، دایە پیرۆز مۆئمێنی، کچی «عەبدولحەسن» دایکی شەهید ڕەحمان وەلیانی، خەڵکی گوندی«نەروێی»، سەر بە بەخشی نەوسوودی شاری پاوە، لە تەمەنی ٦٥ساڵی‌دا بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.
تەرمی دایە پیرۆز لە نێو ئاپۆرای خزم و کەسوکار و دۆستانیان لە زیدی خۆی بە خاك سپێردرا.
دایە پیرۆز ژنێکی نیشتمانپەروەر، حیزب دۆست و پێشمەرگەپەروەر بوو.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران سەرەخۆشی لەبنەماڵە و کەسوکاری دایە پیرۆز دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## کۆچی دوایی باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە بانە

خاڵە «تۆفیق ساڵحی» باوکی شەهید «عەبدوڵڵا ساڵحی» لە گوندی «خۆڕیاوای» شاری بانە ماڵئاوایی لە ژیان کرد.
ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٤ی هەتاوی، خاڵە «تۆفیق ساڵحی» ناسراو بە تۆفیقی «پوور سەلمێ» باوکی شەهید «شەهید ساڵحێ» لە گوندی «خۆڕیاوای» شاری بانە لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی ماڵئاوایی لە ژیان کرد. خاڵە تۆفیق کەسایەتییەکی خۆشناوی ناوچەکە بوو و تەرمی ناوبراو لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکە و خزم وکەس‌وکاری لە شاری بانە بە خاک سپێردرا. خوالێخۆشبوو خاڵە تۆفیق ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی،پەیوەست بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بوو و بۆ ماوەی ١١ ساڵ پێشمەرگایەتی کرد.
خاڵە تۆفیق ئەگەرچی بەهۆی هەندێک کێشەوگرفتی بنەماڵەیی و لە سەر ئیزنی حیزبی دێموکرات وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا، بەڵام تا دوایین ساتەکانی ژیانی بە ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران وفادار مایەوە.
شە هید عە بدوڵـڵا ساڵحی ساڵی١٣٤٤ی هەتاوی، لە گوندی خوڕیاوای بانە لەدایک بوو، ناو براو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران بوو کە بە هۆی نەخۆشی لە ڕێکە وتی ١٥ی ڕەزبەری ١٣٦٠ی هەتاوی، لە شوێنیک بە ناوی «نەنۆڕ» شە هید بوو.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پرسە و سەرەخۆشیی خۆی لە بنەماڵە و خزم وکەس‌وکاری خاڵە تۆفیق دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## کۆچی دوایی دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە شنۆ

دایە «مەنیجە عەزیزی» دایکی شەهید «عومەر فارس» لە شاری شنۆ، لە تەمەنی ٩٠ ساڵێدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد.
ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٤ی هەتاوی، دایە «مەنیجە عەزیزی» دایکی شەهید عومەر فارس، پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خە ڵکی گوندی «شاوانێ» سەر بە شاری شنۆ لە تەمەنی٩١ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.
دایە مەنیجە ژنێکی بە ورە و شۆڕشگێر بوو و شانازی بەوەوە دەکرد کە دایکی شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.
تەرمی ناوبراو لە نێو ئاپۆرای گەرمی خە ڵکی ناوچەکە و خزم‌وکەس وکاری لە زێدی خۆی، شاوانێ بە خاک سپێردرا.
شەهید عومەر فارس ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی، لە گوندی شاوانێ سەر بە شاری شنۆ لەدایک بوو و لە شەڕێکی قارەمانانە لە گوندی «گورگ ئاوێ» بە دیل دەگیردرێ و پاش ئەشکەنجەیەکی زۆر لە زیندانەکانی ڕێژیمی ئێراندا، لە ڕێکەوتی ١٨ی خەرمانانی ١٣٦١ی هەتاوی، ئیعدام دە کرێت.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە وسەرەخۆشی خۆی لە بنەماڵە و خزم‌وکەس وکاری دایە مەنیجە دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## دایکی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات لە شاری ورمێ کۆچی دوایی کرد

دایە «گوڵیزار شەفەق» دایکی «بەهمەن دێهقان» پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری ورمێ کۆچی دوایی کرد.
ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٤ی هەتاوی، دایە گوڵیزار شەفەق، کچی «مامەد» خەڵکی گوندی«پیرانجق»، سەر بە شاری ورمێ، لە تەمەنی ٧٠ساڵی‌دا کۆچی دوایی کرد.
دایە گوڵیزار هەروەها خوشکی شەهید «سەبری شەفەق» شەهیدی حیزبی دێموکراتە کە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، لە شەڕی پیرانجقدا شەهید بوو.
تەرمی دایە گوڵیزار هەر ئەو ڕۆژە لە نێو ئاپۆرای خزم و کەسوکار و دۆستانیان لە پیرانجق بە خاك سپێردرا.
دایە گوڵیزار ژنێکی نیشتمانپەروەر و حیزب دۆست و پێشمەرگەپەروەر بوو.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران سەرەخۆشی لەبنەماڵە و کەسوکاری دایە گوڵیزار دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە کۆنگرەی جیهانی IUSYادا بەشداری کرد

نوێنەری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی جیهانیی ئینترناسیۆناڵ سوسیالیستی لاواندا بەشداریی کرد.
ڕۆژی پێنج‌شەممە ڕێکەوتی ٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٤ی هەتاوی، کۆنگرەی جیهانیی ئینترناسیۆناڵ سوسیالیستی لاوان، بە بەشداریی نوێنەری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک تەنیا ڕێکخراوی ئەندامی فەرمی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەو کۆنگرەیەدا نوێنەرایەتی لاوانی ڕۆژهەڵات دەکات، دەستی بە کارەکانی کرد.
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ئەندامی فەرمیی کۆمیتەی مەدیتەرانەی IUSYـە بە بەشداریی ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە و میوانانی ئامادەبوو لەو ناوچەیە،لە سەر بەرنامەی کاری ئەو بەشە کۆبوونەوە و هەر کام لە لایەنەکان باسی ناوچە و وڵاتی خۆیان پێشکەش کرد.
لە پەراوێزی کاری ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەی IUSY، نوێنەری یەکیەتیی لاوان لەگەڵ «ڕێکخراوی لاوانی بزووتنەوەی سوسیالیستی ئاڵبانی» و «نوێنەری ڕێکخراوی ئۆلۆف پالمە» و «ڕێکخراوی لاوانی سوسیالیستی ئارژانتین» دیداری کرد.
لەو یەکترناسین و هاودیتنانە، نوێنەری لاوان تیشکی خستە سەر پرسی کورد و بارودۆخی لاوانی کوردستان بە تایبەت لاوانی ڕۆژهەڵات و ناساندنی ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

کۆنگرەی جیهانیی ئینترناسیۆناڵ سوسیالیستی لاوان بە بەشداریی ٢١٠ نوێنەر لە کۆی ١٣٦ ڕێکخراو لە ئاستی جیهانی لە ٧٤ وڵاتەوە، دەست بە کارەکانی دەکات.

## یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی زمانی دایکییەوە بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە

ڕێکەوتی ١ی ڕەشەمە، یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکییەوە، بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتووە:گرنگیی زمان و لەو نێوەشدا زمانی دایک لە هیچ کەس شاراوە نیە. گرنگیی زمان تەنیا لەوەدا نیە، کە دەبێتە ئامرازی قسەپێکردن و دروستکردنی پێوەندی لە نێوان مرۆڤەکاندا، بەڵکوو کایەی هەرە مەزنی زمان و گرنگییەکەی لەو ڕۆڵەدایە، کە لە بنیاتنانی کەسایەتی و ڕۆشنبیریی و ناسنامەی مرۆڤەکاندا دەیگێڕێ.
لە بەشێک لەم ڕاگەیەندراوەدا هاتووە ، بەداخەوە ئەمساڵیش لە کاتێکدا ئەو یادە دەکەینەوە، کە تارمایی نەزانی و دیکتاتۆریی ئاخوندەکان هەروا بە سەر وڵاتەکەماندا زاڵە. ئەوەی لەم نێوەدا مایەی خۆشحاڵییە، ئەوەیە کە سەرەڕای ئەو هەموو زوڵم و زۆرە و خەرجکردنی ئەو هەموو پارە زۆر و زەوەندە بۆ نەهێشتنی ناسنامەی ئەم نەتەوەیە و زمانەکەی، کەچی هەروا ئاستی خوازیارانی فێربوونی زمانی کوردی و خۆبەخشانی فێرکردنی زمانی کوردی بەرە و سەر هەڵکشاوە و بە خۆشییەوە ئێستا زمانی کوردی لە سایەی هەوڵ و تێکۆشانی هەموو ئێوە ئازیزان و پەرەپێدەرانی زمانی کوردی، لە ئاستی زمانە زیندووەکانی جیهاندایە.
لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەشدا هاتووە؛ ئیمە وەک یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران، جارێکی دیکەش پیرۆزبایی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک لە هەموو ئێوە خۆشەویستان و دڵسۆزان و خۆمخۆرانی زمانی دایک دەکەین و سەری ڕێز و نەوازش بۆ هەموو شەهیدان و ماندوونەناسانی ئەم بوارە دادەنەوێنین.

## ڕاگەیەندراوی هاوبەشی یەکیەتییەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی

زمانی دایکی یەکێک لە سەرەکیترین کۆڵەکەکانی پێکهێنەری کەسایەتی و شوناسی مرۆڤە و ئاخاوتن و فێربوون بەو زمانە یەکێک لە سەرەتاییترین مافەکانی هەر تاکێک لە کۆمەڵگای مرۆیی دایە.
زمان هەروەها ئامرازێک بۆ پێوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگایە، لە بواری سیاسیشەوە ناسنامەی نەتەوەیی و یەکێک لە فاکتەرە بەهێزەکانی پێکەوەبوون و هاوچارەنووسیی هەر نەتەوەیەکە.
خوێندن بە زمانی دایکی مافێکی بنەڕەتیی مرۆڤە کە لە زۆربەی بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکانی وەک بڵاوکراوەی زمانی دایکی، ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافی زمان، خاڵەکانی ٣ و ٤ی ڕاگەیەندراوی کەسانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەییەکان، گەلان، کەمایەتییە زمانی و مەزهەبییەکان، مادەی ٣٠ی کۆنوانسیۆنی مافی منداڵ و مادەی ٢٧ی ڕێککەوتنامەی نێونەتەوەیی مافە سیاسی و مەدەنییەکاندا بە ڕوونی ئاماژەی پێ کراوە.
لە جارنامەی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکاندا هاتووە: «هەموو مرۆڤێک ئەو کاتەی کە لە دایک دەبێ مافی ئەوەی هەیە کە بە شێوەیەکی سروشتی بە زمانی دایکی خۆی بخوێنێت، بیربکاتەوە، پەروەدە ببێت».
بەپێی لێکۆڵینەوە زانستییەکان، خوێندن بە زمانی دایکی یارمەتیدەری منداڵ بۆ تێگەیشتنی ئاسانتر لە وانەکانی خوێندن و ڕاستەوخۆ بیرکردنەوەیە. منداڵێك کە پەروەردەی بە زمانی دایکیی خۆی بێت، خێراتر بە سەر کۆسپەکاندا زاڵ دەبێ، زیاتر هەست بە کەسایەتی و کەرامەتی خۆی دەکا و متمانەی زیاتری بە خۆی هەیە، شانازی بە خۆیەوە دەکا کە کەسایەتییەکی سەربەخۆی هەیە، دەرفەتی لەبارتری بۆ گەشەی هزری و پێشکەوتن دەبێ و تەنانەت خێراتریش فێری زمانی دیکە دەبێ.
بە پێچەوانەوە ئەگەر منداڵ بە زمانی دایکی نەخوێنێ، لەگەڵ زمانێکی دیکەدا ڕووبەڕوویە کە لە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بۆی نامۆیە و کاتی زیاتری دەوێ تا گوێی بە بیستنی دەنگەکانەوە خوو بگرێت، مێشکی بۆ وەرگرتن و زمانی بۆ وتن ئامادە بکات و دەستەکانی بۆ نووسین ڕابێنێ. سەرەڕای ئەم هەموو کۆششە تێگەیشتن لە وانەکان بۆی دژوار دەبێ، بیری پرش و بڵاوە و کاتی زۆری بۆ بیرکردنەوە و تێگەیشتن پێویستە. دەبێ لە مێشکی خۆیدا وشەکان وەرگێڕێ و ڕستەکان دروست بکا. لە کاتی تێنەگەیشتندا هەست بە لاوازی و سەرشۆڕی دەکا، زۆربەی کات دوو دڵە، منداڵێ کە بە سەر زمانی دایکیی خۆیدا زاڵ نەبێ، لە فێر بوونی زمانێکی دیکەشدا پێشکەوتنی ئەستەم دەبێت.
بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە و لە یەک سەدەی ڕابردوودا حکوومەت لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە سیاسەتی ئاسیمیلاسیون و سەرکوت و لە ناو بردنی زمانی دژی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران ڕەچاو کردووە. لەوانە قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی دایکی لە قوتابخانەکاندا، قەدەغەکردنی ئاخاوتن بە زمانی نەتەوە ژێردەستەکان لە ڕەوتی کاری خوێندنگا و ئۆرگانە دەوڵەتییەکاندا، بەرتەسککردنەوەی ڕۆڵی ئەو زمانانە لە کاری ڕۆژانەی خەڵکدا، بەرتەسککردنەوەی بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بە زمانی گەلانی ژێردەست و تێکدانی شێوەزارەکانیان لە ڕێگەی تێکەڵکردنی نەگونجاوی وشەکانی زمانی نەتەوەی باڵادەستەوە، قەدەغەکردنی قسەکردن لە قوتابخانەکاندا بە زمانی دایکی، سووکایەتی بە زمانی گەلانی دیکە و پڕۆپاگەندەی لەو چەشنە کە گوایە زمانی دایکی لە ڕووی زانستییەوە لاوازە و وەڵامدەری داهاتووی پێشەییان نییە، هێنانی پەروەردەی ئایینی لە باتی پەروەردەی نەتەوەیی لە قوتابخانەکان، تەرخانکردنی بەرنامەکانی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی بۆ زمانی فارسی و پەرەپێدانی هەرچی زیاتری ئەو زمانە لە ناوچەکانی نەتەوە بندەستەکاندا، دروستکردنی هەموو بەرنامەکانی منداڵان بە زمانی فارسی بۆ ئەوەی منداڵان هەر لە منداڵییەوە بە زمانی فارسی خوو بگرن، کۆمەڵێك لەو سیاسەتانەن کە بۆ بەرتەسککردنەوە و لاوازکردن و لەنێوبردنی زمانی دایکیی گەلانی بندەست و بۆ وەردەرنانیان لە مەیدانی ڕکەبەرایەتیی زمانی فارسی لە پێش گیراون.
دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و هاتنە سەرکاری، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی توندوتۆڵتر درێژەی بەو سیاسەتە دا.
لە ئەسڵی ١٥ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا هاتووە کە زمانی فەرمی خوێندن و نووسین زمانی فارسییە و هەموو بەڵگە و نووسراوە فەرمییەکان و کتێبە دەرسییەکان دەبێ بە زمانی فارسی بێت، بەڵام کەڵك وەرگرتن لە زمانەکانی دیکەی ناوچەیی و قەومی لە بڵاڤۆک و میدیاکان و وتنەوەی ئەو زمانانە لە تەنیشت زمانی فارسی ئازادە.
بە پێچەوانەی تەبلیغاتی درۆیینی ڕێژیم، دەبێ بڵێین ئەو ئەسڵە هیچ پێوەندییەکی بە مافی خوێندن بە زمانی دایکییەوە نیە و تەنیا باس لە فێربوونی زمانی دایکی وەکوو وانەیەك لە تەنیشت وانەکانی دیکەدا دەکات کە هەڵبەت تەنانەت حکوومەتیش لەو پێوەندییەدا ئەرکدار نەکراوە و تەنیا باس لە ئازادبوونی زمانی دایکی کراوە.
بەڵام لە کردەوەدا ڕێژیمی ئێران تا ئێستا نەك هەر پشتیوانیی لە ئازادیی فێربوونی زمانی دایکیش نەکردووە، بەڵکوو باسکردن لە زمانی دایکی وەکوو هەڕەشەیەك بۆ سەر ئەمنیەتی نەتەوەیی، پڕۆپاگەندە دژی نیزام و پارچەپارچەکردنی وڵات چاوی لێ کراوە و سزای قورسی بە سەر چالاکانی ئەو بوارەدا سەپاندووە.
حەسەن ڕۆحانی وەک هەموو کاربەدەستانی دیکەی ڕێژیمی ئێران تەنیا لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بۆ فریودانی خەڵک و گەرمکردنی تەنووری هەڵبژاردن باسی لە دانی هەندێک وردە ماف بە نەتەوەکانی ئێران کرد، بۆ نموونە باسی لە جێبەجێ کردنی ئەسڵی ١٥ی یاسای بنەڕەتی کرد کە چی دواتر ئەوەش وەک هەموو بەڵێنییەکانی دیکەی لە پێوەندی لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی خەڵکدا وەڕاست نەگەڕا.
لەو پەیوەندییەدا ڕوحانی دوابەدوای خۆپاڵاوتنی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ڕێژیم، سەردانی گەلێك ناوچەی خۆیان گوتەنی «ئەتنیکەکانی» ئێرانی کرد و لەسەردانەکەی بۆ پارێزگای سنەدا بەڵێنی دا لە ئەگەری سەرکەوتنیدا، کار بۆ جێبەجێکردنی ئەسڵی ١٥ی یاسای بنەڕەتی دەکات. ئەوەی لە کردەوەدا بینرا، ئەوە بوو کە خوێندن بە زمانی دایکیش تا ئێستا هەر وەکوو هەڕەشەیەک بۆ سەر ئەمنیەتی ڕێژیم چاوی لێ دەکرێت و هەموو بەڵێنییەکانی لەمەڕ دانی مافەکانی نەتەوەکان لە دەسنیشانکردنی بەناو «نوێنەرێك بۆ کاروباری ئەقوام»دا کورت کراوەتەوە.
ئەوەش بۆ جارێکی دیکە سەلماندی کە لە سێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا مافی خوێندن بە زمانی دایکی وەك هەموو مافەکانی دیکی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بە دی نایەت و بەشداربوون لە شانۆگەرییەکانی ڕێژیم لەو پێوەندییەدا و بۆ نموونە هەڵبژاردنی چند ڕۆژی داهاتووی دوو مەجلیسی شۆرای ئیسلامی و خوبرەگاندا تەنیا بەفیڕۆدانی وزەی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران لە خەبات بۆ بەدیهێنانی مافەکانیاندایە.
کاتێ گەلێک ویستی خۆی بۆ فێربوون و پاراستنی زمانی دایکی نیشان بدا و بەرگریی لێ بکا، ڕێگا بۆ شۆڕشێکی فەرهەنگی و گەشەی زمان لە ناوچەکەدا خۆش دەبێ و ئەگەر گەلێک پێشوازی لە بەرنامەکانی دەسەڵاتی سەرکوتکەر و داگیرکەری حاکم نەکا، ئەوانیش ناچار پاشەکشە دەکەن.

یەکیەتییەکانی خوێندکاران، لاوان و ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٢ی ڕەشەمەی ٢٧١٥ی کوردی
٢١ی فیورییەی ٢٠١٦ی زایینی

**مستەفا هیجری:**

# ئەو هەڵبژاردنە لەبەر ئەوەیکە ئازاد و دێموکراتیک نیە هیچ پەیامێکی بۆ حیزبی دێموکرات نیە




**وتووێژ:** سەلام ئیسماعیلپوور

هەروەک ئاگادارن ڕۆژی هەینی، ٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٤ی هەتاوی، شانۆگەریی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ دەستنیشانکردنی نوێنەرانی دوو مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و خوبرەگانی ڕێبەری لە ئێراندا بەڕێوە چوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لەو لایەنانە بوو کە ئەو هەڵبژاردنانەی بایکۆت کرد و داوای لە خەڵکی کوردستان و ئێرانیش کرد نەڕۆنە سەر سەندووقی دەنگدان و ئەو کارەی بە جۆرێک ڕەواییدان بە کۆماری ئیسلامی و یارمەتیدانی بۆ دەربازبوون لە قەیران لەقەڵەم دا. لەپێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا تەلەڤیزیۆنی تیشک وتوێژێکی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هێناوە کە دەقی ئەو وتووێژە بەم چەشنە بڵاو دەکرێتەوە:

**Tishk.tv: نەیارانی هەڵوێستی حیزبی دێموکرات دەڵێن؛ بایکۆت هەڵوێستێکی سواو و نیشانەی پاسیڤبوونە و هیچ سوودێکی تا ئێستا نەبووە و بۆتە هۆی چۆڵکردنی مەیدان بۆ باڵی پاوانخوازی ڕێژیم. بۆچوونی ئێوە لەو پێوەندییەدا چیە؟**

**مستەفا هیجری:** ئەو ئیستدلالە یان ئیستدلالی ئەو بەشە لە خەڵک لە حاڵەتێکدا دروست دەبێت کە لە ئێراندا هەڵبژاردنێکی ئازاد هەبێت، خەڵك بە دڵی خۆی بتوانێت خۆی کاندید بکات بۆ هەرکام لە دامودەزگاکان کە بە هەڵبژاردن جێبەجێ دەبن، یا خۆی کاندید نەکات و بێت بەشداری بکات یان بەشداری نەکات، بێ ئەوەی کە لەژێر مەترسی یان هەڕەشەی لایەنێکدا بێت، بەڵام دەبینین لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا وانیە، هەڵبژاردنێکی ئازاد وجوودی نیە، وانیە کە ئەگەر خەڵک هاتوو بەشداری کرد دەتوانن نوێنەرانی دڵخوازی خۆیان هەڵبژێرن. چوونکە ئەو نوێنەرانە، لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە لەپێشدا نیگەهبان هەڵبژاردنە، یەعنی ڕێژیمی جمهوریی ئیسلامی لە مەرحەلەی ئەوڵدا، ئەوانە وەک نوێنەری خۆی و جێگای باوەڕی خۆی دەستنیشان دەکات، دواتر بە خەڵک ئیجازە دەدەن کە لەبەینی ئەو نوێنەرانەدا کە لە ڕاستیدا هەڵبژێردراوی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن، کەسێک یان کەسانێک هەڵبژێرن کە لە ئەساسدا فەرقێکی ئەوتۆیان بۆ حکوومەت نییە، ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە ئێمە دەبینین کە بەشداری کردن یان بەشداری نەکردنی خەڵک کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە. ئەگەر ئیستدلالەکە ئەوەیە کە ئەو شێوە هەڵوێستە شێوەیەکی کۆن و تیکرارییە، لە واقعدا مەیدان ئاواڵە دەکات بۆ لایەنی پاوانخواز یان ئوسوولگەرا. ئەو ئوسوولگەرایانە بە بێ هەڵبژاردن هەموو جومگەکانی دەسەڵاتیان لە بەردەستدایە. لە ڕاستیدا هەڵبژاردن،یان ئەوەی کە ناویان ناوە هەڵبژاردن، زۆرتر بانگهێشتنی خەڵکە بۆ ئەوەی کە بڕۆنە سەر سەندووقی دەنگدان و لەسەر سەندووقەکانی دەنگدانەوە ڕێژیم ئێعلام بکات کە خەڵک موشارکەتی کردووە،کە خەڵک متمانەی پێی هەیە و مەشروعییەت بدەن بە ڕێژیم، هەر وەکوو خامنەیی بۆ خۆشی لە قسەکانیدا لە پێوەندی لەگەڵ بەشداریی خەڵکدا، ئەو مەسەلەیەی بە ڕاشکاوی ڕاگەیاندووە کە بەشداریی خەڵک ئێعتبار دەدات بە جمهوریی ئیسلامی، جمهوریی ئیسلامی بەردەوام دەکات، قەوام و دەوامی پێ دەبەخشێ، بۆیە خەڵکەکە دەعوەت دەکەن، بۆ ئەوەی کە نیشان بدەن خەڵك بەشداریی کردووە.

**Tishk.tv: ئێوە دەڵێن بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا ڕەواییدان بە کۆماری ئیسلامی و چاوپۆشیکردن لە زوڵم و جنایەتەکانی ئەو ڕێژیمەیە. بەڵام بۆچوونێکیش هەیە کە دەڵێ کۆماری ئیسلامی بۆ وەرگرتنی ڕەوایی، پێویستی بە خەڵک نیە و ئەگەریش قسەی ئێوە دروست بێت، کۆماری ئیسلامی بەهۆی بەشداریی ڕابردووی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا ڕەوایی دێموکراتیکی وەرگرتووە. لێکدانەوەتان لەو پێوەندییەدا چیە؟**

**مستەفا هیجری:** من سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی و هەڵبژاردن وای دەبینم کە کۆماری ئیسلامی دوو لایەنی هەیە، یەکێکیان لایەنە ئایینییەکەیەتی کە حکوومەت بەڕێوە دەبات، دەسەڵاتی هەیە و هەموو ئیختیاراتێک لە دەستی ئەو بەشەدایە کە لە سەرووی ئەو بەشەدا، وەلی فەقیه قەراری گرتووە، بەیتی ڕێبەریی و کەسانێک کە وابەستە بە بەیتی ڕێبەریین، کە سپای پاسداران و باسکی توند و بەهێزی کۆماری ئیسلامی دەگرێتەوە، بەشێکن لەو حکوومەتە کە دیارە ئایینییە و نەگۆڕە و لە سەر بیرو باوەڕی خۆی سوورە، بەڵام لایەنێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی لە بەرچاو دەگرین کە لایەنی ڕەسمیەتی بۆ دەرەوەیە، بە مەبنای ئەوەی کە نیشان بدات لە دەرەوە کە حکوومەتێکی ئەورۆییە، لەو حکوومەتەدا هەڵبژاردنی شووڕای ئیسلامی، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شار و شارستانی هەیە، ئەوە شکلێکی ڕواڵەتی بۆ فریو دانی خەڵکە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە لەو هەڵبژاردنانەدا، هەمووی لە ڕۆژی ئەوەڵەوە تاکوو کۆتایی مۆهەندیسی کراوە. کێ دەبێت هەڵبژێردرێت، هەڵگرانی چ نوعێک فکر بن بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە دەسەڵاتدا و دەنگیان بۆ بدرێت، کە ئەوە فەقەت شکڵێکی ڕواڵەتیی بەخۆیەوە گرتووە. بۆیە لێرەدا مەسەلەکە ئەوە نیە کە خەڵکێکی زۆر هاتووە بەشداریی کردووە یان بەشداریی نەکردووە، دیارە وانیە کە خەڵک هەمیشە زۆر بەشداریی کردووە لە هەڵبژاردنەکاندا، جاری وایە خەڵک زۆر بەشداریی کردووە، جاری واشە کەم بەشداریی کردووە، بەڵام هەڵبژاردنی خەڵک زۆر و کەم تەئسیرێکی لە چارەنووسی هەڵبژاردن دانەناوە. هەر وەکوو بینیمان لە ساڵی ٨٨دا، لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماردا، زۆرینەی دەنگەکان هی مووسەوی و کەڕووبی بوون، بەڵام ئەحمەدی نژاد بۆی دەرکەوتوو و دەنگی زۆرینەیان بۆ ئەو دەرخست، کە وابوو تەئسیرێکی ئەوتۆی نیە. لە لایەکی دیکەوە، کە خەڵک دێ بەشداریی دەکات، وەک لە وەڵامی پرسیاری ئەوەڵدا عەرزتانم کرد، خەڵکەکە ئازاد نییە، لەژێر هەڕەشەدایە ئەنواعی هەڕەشەیان لەسەرە،هەڕەشەی ئەوەی کە ئەگەر بەشداری نەکەن کاریان نادەنێ یان یارانەکەیان دەبڕن، یان ئەگەر بەشداری نەکەن، لە فڵانە شتدا بێبەشیان دەکەن و بە ئەنواع و ئەقسامی ئەو شتانە دەیانترسێنن بۆ ئەوەی بیانهێننە سەر سەندووقی دەنگدان. بۆیە ئەوانەی کە دێنە سەر سەندووق و دەنگ دەدەن وانیە کە کەسانێک بن کە بە مەیل و ئیرادەی خۆیان و تەشخیسی خۆیان بێنە سەر سەندووقەکانی دەنگ و ئازادانە دەنگیان بە کاندیدی خۆیان دابێت. کە وابوو ئەو خەڵکە کە بەو شکڵە دێت، ئەوە ناتوانێت مەشرووعیەتی پێ بدات، لە لایەکی دیکەشەوە دەبینین کە کێیە ڕایدەگەیەنێت ئەوەندە دەرسەد خەڵک بەشداریی کردووە!، هەر لایەنی حکوومەتە، یەعنی حکوومەت لە واقعدا بۆ خۆی ئەیبڕێت و ئەیدوورێت و بۆ خۆشی ڕایدەگەیەنێت. کەسیش نیە،نە چاودێرێکی بێلایەن هەیە، نە چاودێرێک هەیە لە لایەن سازمانی میللەلەوە هاتبێت چاوەدێری بکات و تەییدی بکات کە ئەوەندە خەڵک بەشداریی کردووە، بۆ خۆیان چیان پێ خۆش بوو، لە سەندووقەکانی دەنگدان دەری دێنن، چیان پێ خۆش بوو ڕایدەگەیەنن، بۆیە ئەو جۆرە ڕاگەیاندنانە ئەو جۆرە بەشداری کردنانە کە ڕێژیم ئێعلامی دەکات، لە هیچ بارێکەوە جێگای متمانە و باوەڕ نیە.

**Tishk.tv: هەڵوێستێکی دیکەش هەیە کە دەڵێ ئێمە نە بەشداری دەکەین و نە داوای بایکۆتیش لە خەڵک دەکەین، با خەڵک خۆیان بڕیار بدەن. خاڵی لاوازی ئەو هەڵوێستە لە چیدا دەبینن؟**

**مستەفا هیجری:** دیارە ئەوەی کە خەڵک بۆ خۆی، بە ئیرادەی خۆی،بەپێی پێویستی خۆی دەبێت دەنگ بدات، لەوەدا هیچ گومانێک نیە، چوونکە دەنگ هی تاکە کەسە، تاکەکەس چۆن دەنگ دەدات یان دەنگ نادات، لە سیستمێکی ئازادا بۆخۆی دەزانێت، بەڵام حیزبێکی سیاسی کە هەڵگری بیر و بۆچوونێکی سیاسییە، بەرنامەی هەیە و هەڵوێستی سیاسی هەیە، ناکرێت لە ڕووداوە گرینگە سیاسییەکاندا کە لە وڵاتدا دێتە پێشێ، بێلایەن بێت، ناکرێت حیزبێکی کە ئێحساسی مەسئوولییەت دەکات بە نسبەتی ڕووداوەکانی نێوخۆی وڵات، نێو کۆمەڵگا بە چاک و بە خراپ، لە ڕووداوێکی وەکوو هەڵبژاردندا خەمساردی بنوێنێ،بڵێ خەڵک چ دەکات با بیکات، بۆیە پێم وایە دەبێت حیزبێکی سیاسی نەزەری خۆی بڵێ، ئیستداڵ بکات بۆ نەزەری خۆی، بۆ ئەوەی کە نەزەری خۆی بچێتە پێشێ، جا ئێستا خەڵک چەند بە دوای ئەو دەنگەوە دێ، بە دوای ئەو قسانەوە دێ و تەئییدی نەزەری ئەو حیزبە دەکات، ئەوە نەزەرێکی دیکەیە، بەڵام من پێم وابێت حیزبێکی سیاسی دەبێت لەو ڕووداوە سیاسییانەدا هەڵویستی زۆر ڕوونی هەبێت بۆ خەڵک، تەنانەت بۆ لایەنگرانی خۆی، بۆ ئەوەی کە بزانن تەکلیفیان چیە،سەبارەت بەو ڕووداوە چۆن قسە بکەن چۆن هەڵوێست بگرن و چۆن هەنگاو بنێن.

**Tishk.tv: نەیارانی بایکۆت دەڵێن لە هێندێک لە ئۆرگانەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەرەتانێک بۆ شوێندانانی هەرچەند کەم، لە سەر دەسەڵات هەیە و خەڵک نابێ ئەو دەرەتانەش لە کیس بدات. وەڵامی ئێوە بۆ ئەو بۆچوونە چیە؟**

**مستەفا هیجری:** من ئارەزووم دەکرد وا بوایە، یەعنی لە دامو دەزگاکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئیراندا،پشکێک بۆ دەسەڵاتی خەڵک هەبوایە، خەڵک تەئسیری شوێندانەری هەبوایە، بەڵام ئەوەی کە تاکوو ئێستا لە ماوەی نزیک بە چەند ساڵی ڕابردوودا دیومانە و لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، تەنانەت لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و سەرۆک کۆمارییشدا دەبینین کە هەموو شتێک دیاری کراوە، یەعنی خەڵک دەور و نەقشەکەی فەقەت ئەوەیە کە وەکوو ڕەشایی نیشانی بدەن، بێن لە سەر سەندووقەکانی دەنگدان دەنگ بدەن. هەرچەند دەنگەکانیان تەئسیری نیە. بێجگە لەوە دەسەڵاتێکیان نیە، ئێمە لەو دامودەزگایانەی کۆماری ئیسلامی کە گۆیا بە هەڵبژاردن دیاری دەکرێن، وەکوو مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، تاکوو ئێستا دەبینین کە ئەوانە نەیانتوانیوە شتێک بکەن لە خزمەتی خەڵکەکەدا، چوونکە ئوسوولەن ئەوانە نوێنەری خەڵک نین، نوێنەری کۆماری ئیسلامیی ئیرانن. بەڵێ لە پێوەندی لەگەڵ پاراستنی کۆماری ئیسلامی، بەهێزکردنی کۆماری ئیسلامی، ئەوەی لە دەستیان بێت کردوویانە، بەڵام بۆ خزمەت کردن بە خەڵک هیچیان نەکردووە. باشترین نموونەی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، مەجلیسی شەشم بوو کە ئیسڵاحتەڵەبەکان ئەکسەرییەت بوون، ئەو مەجلیسە پێشتر بە دانی وەعدەیەک بە خەڵک کە قانوونی ئینتخابات ئیسڵاح دەکات، خەڵک دەنگیان پێ داو هاتنە سەر، بەڵام کە هاتنە مەجلیس و ئەو مەوزوعەیان مەترەح کرد، بە ئیشارەیەکی خامنەیی وەلیی فەقیه، ئەو مەوزوعە وەکو حووکمی حکوومەتی ڕاگەیەندرا و بێدەنگەیان لێ کرد،

یەعنی تەئسیریان نیە، ئەگەر هەیانبێت،سرووشتییە و دەبێ خەڵك بەشداری بکات.

**Tishk.tv: لە پەیامی ئێوەدا دەوترێت کە گۆڕینی سەرۆککۆمار یان نوێنەرانی مەجلیس ناتوانێ کاریگەریی لەسەر سیاسەتی ڕێژیم دابنێت. بەڵام نەیارانی بۆچوونی ئێوە ئاماژە بە جیاوازییەکانی سیاسەتی ڕێژیم لە سەردەمی ئەحمەدی نژاد و ڕووحانی، یان جیاوازیی مەجلیسی شەشەم لەگەڵ ئێستا دەکەن. چ وەڵامێکتان بۆ ئەو بۆچوونە هەیە؟**

**مستەفا هیجری:** خودی مەجلیسی شەشم لەگەڵ ئەوەی کە کەموکوڕی زۆر بوو، خاڵی موسبەتیشی هەبوو، هەر لەبەر ئەوەشە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە جەریانی مەجلیسی شەشم تەجرووبەی وەرگرتووە و ئەو پەڕی دیقەتی خۆی دەکات کە لەوە بەدوا ئیجازە نەدا کە مەجلیسێک بە شێوەی مەجلیسی شەشم کە ئیسلاحتەڵەبان زۆرینەیان پێکیان هێنا پێکبێ، بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ چاوەدێرییەکان توندوتیژتر دەبن بەسەر کاندیدەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامییەوە، بۆیە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئیجازە نادات جارێکی دیکە ئەو مەجلیسە دووبارە بێتەوە. لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی سەرۆککۆماریدا، لەویشدا مەسەلەکە وانیە کە خەڵکەکە وای دەبینێ کە هەموو شتێک تەئسیری دەنگی خەڵک بوو ڕووحانی هەڵبژێردراوە یان تەئسیری دەنگی خەڵک بوو کە ئەحمەدی نژاد هەڵبژێردرا. ئەوانە هەموویان ئامادەکرابوون، هەموومان دەزانین و دوایە مەعلووم بوو کە هێشتا ساڵێک لە سەرۆککۆماریی ئەحمەدی نژاد مابوو کە وەلی فەقیهـ بە وەسیلەی نوێنەری خۆی لەگەڵ ئامریکا لە عەممان لە وتووێژدا بوو بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی ئەتۆمی و بۆ درێژەدانی ئەو پرۆژەیە کە گەمارۆکان نەفەسی ئابووریی کۆماری ئیسلامیی ئیرانیان تەنگ کردبوو، دەبوا کەسێک بوایە وەکوو ڕووحانی، ببێتە سەرۆککۆمار،بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو پرۆژەیە ئیدامە بدات، لە نەتیجەدا ئەوە سازماندهی کرا و ئەو هاتە سەر کار، هەر وەکوو چۆن پێشتر بۆ ئەحمەدینژاد ئامادە کاری کرا و هاتە سەر کار، لە هەر دەورانێکدا بەپێی سیاسەتی نێوخۆ و سیاسەتی دەرەوە،چێهرەیەک لە کەسایەتییەکانی ڕێژیم و حکوومەت پێویستە، لە باری شێوەی بەیان، چۆنیەتی تەعاموول کردن لەگەڵ دەرەوە، چۆنیەتی تەعاموول کردن لەگەڵ نێوخۆی وڵات، پێویستیان بەو کەسانە هەیە، دایان دەنێن، کارەکانیان پێ جێبەجێ دەکەن و دوایەش وەلا دەنرێن. بۆیە ئەگەر دیقەتتان کردبێت لە نێو تەواوی سەرۆککۆمارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران،کە لە سەرەتاوە تاکوو ئێستا بوونە، هەموویان بە بەدنێوی، بە فشار و بە ئیهانەت و بێحورمەتی وەلانراون، لە بەنیسەدرەوە بیگرە تا ئەحمەدینژاد، لە خاتەمییەوە، لە ڕەفسەنجانییەوە و ئێستاش نەوبەتی ڕووحانییە، بزانین ڕووحانی دوای تەواو بوونی دەورەکەی، ئەو چی بە سەر دێ؟ یەعنی ئەوانە لە واقعدا ئەگەر حسابەکە لە سەر ئەوەبێت کە بە دەنگی خەڵک هاتبێتنە سەر، هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، ئەوە نیشانەی نەناسینی کۆماری ئیسلامییە. واقعیەتەکەی ئەوەیە کە ئەوانە مۆرەگەلێکن کە ئەو ڕێژیمە لە هەر دەورانێکدا ئحتیاجی بە شکڵێک لەوانە هەیە، کە دەیانهێنێتە سەرکار و دوایەش وەلایان دەنێت. کە وابوو مەسەلەکە وانیە کە سەرۆک کۆمار بە دەنگی خەڵک هەڵدەبژێردرێت، ئەوە فەقەت شکڵێکی ڕواڵەتییە وەکو باقی هەڵبژاردنەکان، چەند مۆرەی ڕێژیمن کە بۆ خۆی دایاندەنێت و لە نێو ئەو مۆرانەدا زەمینە فەراهەم دەکەن بۆ ئەوەی کە یەکێکیان دەنگ بێنێتەوە.

**Tishk.tv: یەکێک لە ڕەخنە سەرەکییەکانی ئێوە ئەوەیە کە لە ئێراندا هەڵبژاردن تەنیا بۆ دامەزراوە بێدەسەڵاتەکان دەکرێت. بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا دەوترێت لە ئەگەری مردنی خامنەیی‌دا، مەجلیسی خوبرەگانی داهاتوو، مەجلسێکی گرینگ بۆ هەڵبژاردنی وەلی فەقیهـ و دیاریکردنی ڕێڕەوی سیاسیی داهاتووی وڵات دەبێت. بە باوەڕی ئێوە هەڵبژاردنی کەسی یەکەمی کۆماری ئیسلامی ناتوانێ ببێتە هۆی وەرچەرخانێکی بنەڕەتیی چاک یان خراپ لە سیاسەتی ڕێژیمدا؟**

**مستەفا هیجری:** دیارە ئەو تەجروبەیە کە ئێستا ئێمە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەمانە، دوو وەلی فەقیهـ هەبووە، یەکیان خومەینی بوو ئەوی دیکەش خامنەیی. تاکوو ئێستا تەجروبەکە پێمان دەڵێ کاتێک کە وەلی فەقیهـ دیاری کرا، ئاڵوگۆڕی پێ ناکرێت هەتاکوو دەمرێت. ئێستا باسەکە لەسەر ئەوەیە کە خامنەیی نەخۆشە و ئیحتماڵی مردنی هەیە، بۆیە مەجلیسی خوبرەگانی داهاتوو دەبێت کەسێک لە جێگای ئەو هەڵبژێرێت، ئەوە وەختێکە کە خامنەیی لە ئارادا یان لە ژیاندا نەمابێت، بەڵام کاتێک مەجلیسی خوبرگان وەلی فەقیهێکی دیکە هەڵدەبژێرێت، ئەو وەلی فەقیهە کێیە؟ ئایا ئەو وەلی فەقیهە بەڕاستی هەڵبژاردەی خەڵکە؟ خودی مەجلیسی خوبرگان، ئەوان لەواقعدا نوێنەرانێکن کە دیاری کراون، وەک مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، وەکوو سەرۆککۆمار کە هەڵدەبژێردرێن، ئەوانیش هەندێ نەفەراتن کە ڕێژیم بۆخۆی دیاریی کردوون، لەنێو ئەوانەدا ئیجازە دەدات خەڵک نەفەرات هەڵبژێرن. کە فەرقێکی ئۆتۆیان نیە، هەموویان لە باری بیرو باوەڕەوە، لە باری ئایینەوە، لە باری هەوڵدان بۆ بەردەوامیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، هەموویان لە یەك چوارچێوەدا دەژین، فکر و بۆچونیان لە باری ئیدئۆلۆژییەوە بە جیاوازییەکی زۆر زۆر کەم، هەر وەک یەک وایە. کەوابوو هەڵبژاردنی وەلی فەقیهـ، هەر کەسێک بێت هیچ فەرقێک لە باری ئاسایش و ئەمنییەت وئازادی، دێموکراسی و کار پەیدا کردن بۆ خەڵکی ئێران، فەرقێک ناکات، بۆیە ئەوەی کە ئێستا کۆماری ئیسلامی بۆ تەبلیغاتی خۆیان، بۆ ئەوەی خەڵک بکێشنە سەر سەندووقەکانی دەنگدان، وا نیشان دەدەن کە ئەمجارە هەڵبژاردنی ئەندامانی مەجلیسی خوبرگان زۆر گرینگە چوونکە ئەوانە وەلی فەقیهـ هەڵدەبژێرن، فەقەت تەبلیغاتێکە بۆ هەڵبژاردن،وەلی فەقیهی ئایندە چ فەرقێک دەکات لەگەڵ وەلی فەقیهی ئێستا، هەرکامێکیان بن لەو مۆرانەن کە دیاریی دەکەن، فەرقێک ناکات، کە وابوو لە خۆڕا ئەو تەبلیغاتە ساز بووە تەنها بۆ ئەوەی کە خەڵك بکێشنە سەر سەندووقەکانی دەنگدان،دەنا شتێک لە ئەسڵی ماهییەتی کارەکە ناگۆڕێت، ڕێژیم هەر ئەو ڕێژیمەیە، وەلی فەقیهیش بەپێی ئەو قانوونە کە دیاری کراوە، هەر ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە ئێستا خامنەیی هەیەتی.

**Tishk.tv: یەکێک لەو لایەنانە کە ئێستا بۆ مەجلیسی خوبرەگان بە تایبەتی لە لایەن ئیسلاحخوازانەوە پشتگیریی لێ دەکرێت، لیستی ڕەفسەنجانیە کە کەسانێک وەکوو «موحەممەدیی ڕەیشەهری» یەکێک لە بڕیاردەرانی کوشتارەکانی دەیەی ٦٠ و «دوڕڕیی نەجەفئابادی» وەزیری ئیتلاعاتی سەردەمی قەتڵە زەنجیرەییەکان لە تاران و «عەلی فەلاحیان» وەزیری ئیتلاعاتی سەردەمی تێرۆرەکانی دەرەوەی وڵات لە خووزستان ناویان لەو لیستەدا هەیە و دەڵێن دەنگ بدەن بە ئەمانە با جەننەتی دەنگ نەهێنێتەوە. ئێوە پێتان وایە ڕێبەرێک کە ئەو لایەنە هەڵیبژێرێت چ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕێبەرێک هەیە کە کەسانی وەک جەننەتی هەڵیبژێرن؟**

**مستەفا هیجری:** خەڵکی ئێران نابێت لە بیری بچێت کە هەموو ئەو مۆرانە، پێکەوە سیستمی ئەو حکوومەتە پێک دێنن، لە حکوومەتێکدا ئەوەی کە تەئسیرگوزارە سیستمە، نەک فەردێک بەتەنیا. دیارە بێجگە لەوەی کە ئەوە وەکوو گشتی وایە، بەڵام لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا فەرقی بەینی ڕەفسەنجانی،ڕێیشەهری و مۆرەکانی دیکە نیە، چوونکە ئەوانە لە گشتییەتی خۆیاندا، پارێزەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانن. دیقەت بکەین لێرەدا مافی مرۆڤ و ئازادی و دێموکراسی و شتی وا هەر وجوودی نیە، ئەوەی کە ئەوانە باسی لێ دەکەن، باسی پاراستنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، بەڵام جیاوازییەکە تەنها لەوەدایە کە بۆ نموونە کەسێکی وەکوو ڕەفسەنجانی، دەکەوێتە پەراوێزەوە، دەیهەوێت خۆی نیشان بدات، هێزی خۆی نیشان بدات، هەندێک قسە و باس دێنێتە ئاراوە کە سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ بۆ ئەوەی کە دووبارە دەسەڵاتی زیاتر بەچەنگەوە بگرێت، دەنا ڕەفسەنجانی هەر ئەو ڕەفسەنجانییەیە کە کاتێک کە سەرۆک کۆمار بوو، دەستووری تێرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە سەر میزی موزاکرە داوە و ئەوە تەنها دەستووری تیرۆر نەبووە، بەڵکوو بە دەیان دەستووری دیکەش لەو شێوە تێرۆرە لە کاتی سەرکۆماری ئەودا لە نێوخۆی ئێراندا و لە دەرەوەی ئێراندا سادر کراوە. ئەو هیچ فەرقێکی نیە لەگەڵ ڕێیشەهرییەک یان لەگەڵ کەسێکی دیکە کە خەڵکی کوشتووە، ئەوەی کە ئەوانە هەیانە کێبڕکێیە لە سەر دوو شت، یەکەم ئەوەکە دەستیان بە قودرەتی زیاتر بگات بۆئەوەی کە بەشی خۆیان زیاتر بپچڕن لەو حکوومەتە،لە دەسەڵاتەکە بە قازانجی خۆیان زیاتر کەڵک وەربگرن، هەروەکوو تا ئێستا هەموویان ئەو کارەیان کردووە، دووهەم ئەوەیکە بتوانن لە باری مەرجەعییەتەوە، لە باری دەسەڵاتی ئایینیەوە خۆیان بەرز بکەنەوە، هەموویان لەو بارەوە لە کێبڕکێ‌دان. ڕقابەتێک کە ئێستا لە بەینی جناحە جیاوازەکانی ئوسوولگەرا بۆ مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری یان مەجلیسی شووڕای ئیسلامی هەیە، فەقەت لەو ڕاستایەدایە، بۆیە ئەوە نابێت خەڵک ئەوەی لەبیر بچێت پێیان وابێت کە ئەوان ئەگەر ڕقابەتێکیان هەیە، ڕقابەتەکە لە سەر مافی خەڵکە، لە سەر ئازادییە، لە سەر ئەوەیە کە چۆن خەڵک ژیانێکی باشتریان هەبێت. دەلیلی موحکەم بۆ ئەو مەسەلە ئەوەیە کە لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تاکوو ئێستا، کە چاو لێ‌دەکەین، وەزعی ژیانی خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر بووە، نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان، بێکاری و بێزاری خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەگرتندا بووە. ئەوانە لەگەڵ ئەوە کە ڕەنگە لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکاندا هەندێک وەعدە و وەعید بدەن، هەروەک ڕووحانی لەو کاتەدا وەعدەیەکی زۆریدا بە خەڵک و لەوانە بە خەڵکی کووردی دا، بەڵام بە عەمەڵ هیچ کامێک لەمانە ئەو کارانە ناکەن، چوونکە ئوسوولەن ئەو دەسەڵاتانەیان نیە،تەنانەت ئەگەر بیانهەوێت بیکەن، ئێستا سەیرکەن قسەکانی ڕووحانی لە پێوەندی لەگەڵ گیروگرفت و موشکلاتی نێوخۆی ئێران،لە پێوەندی لەگەڵ پێوەندییەکانی دەرەوە، وەکوو هاواری ڕۆژنامەنووسێکە، ئەویش وەکوو ڕۆژنامەنووسێک، وەکوو خەڵکێکی دیکە هەر هاوار دەکات، چون دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نیە. بۆیە ئەو مەسەلەمان نابێت لە بیر بچێت و بکەوینە داوی تەبلیغاتی ڕەنگاوڕەنگی جمهووری ئیسلامی، یان عەواملی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوخۆی ئێراندا کە بە شکڵی جۆراوجۆر دەیانهەوێت خەڵکەکە بەسیج بکەن بۆ ئەوەی کە بێنە سەر سەندووقەکانی دەنگدان.

**Tishk.tv: بەشداریکردن یان بایکۆتی هەڵبژاردن لە لایەن خەڵکەوە، چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕەوایی ڕێژیم لە کۆمەڵگای جیهانیدا یان پێوەندییەکانی لەگەڵ دنیای دەرەوە و بەتایبەتی ڕۆژئاوا دەبێت؟**

**مستەفا هیجری:** من پێم وایە ئەگەر خەڵک کەمتر بەشداری بکات تەئسیری هەیە، چوونکە ئێستا وڵاتانی ڕۆژئاوا هەست بەو مەسەلە دەکەن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە هەڵبژاردنەکاندا و لە ڕاگەیاندنی نەتیجەی هەڵبژاردنەکاندا سادق نیە، چوونکە ئەگەر سداقەتی بوایەو بیویستبایە ئەو هەڵبژاردنە لایەنێکی شەرعی و ڕەسمیی نێونەتەوەیی بە خۆیەوە بگرێت، لە چاوەدێرانی سیاسیی دەرەوەی وڵات دەعوەتی دەکرد بێن و ئەوانیش شاهێدی بدەن کە ئەو هەڵبژاردنە بە شێوەی ئازاد و دێموکراتیک و لە چوارچێوەی ئوسوول و پرەنسیپەکانی هەڵبژاردن بەو جۆرەی کە لە شکڵی نێونەتەوەیی‌دا تەعریف دەکرێت بەڕێوە دەچێت، بەڵام مادام کە کۆماری ئیسلامی ئەوە ناکات،هەڵبژاردنەکان لە نەزەری دەرەوەدائێعتبار و ئەهەمییەتێکی ئەوتۆیان نیە، بۆیە سیاسەتەکەشیان بە نیسبەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نایەت. ئەوەی کە لە سیاسەتی دەرەوەدا ئاڵوگۆڕێکی بەسەرا بێت، بە نیسبەتی سیاسەتێکە کە لە نێوخۆی ئێراندا بەڕێوەدەچێت و ئەو سیاسەتە لە نێوخۆی ئێراندا، لە دەسەڵاتی وەلی فەقیهدایە. وەکوو ئەوەی دەبینین کە لە مەسەلەی بەرجامدا سیاسەتەکە دەگۆڕێت، بەڵام هەموومان دەزانین کە بەرجام نە نەتیجەی تێکۆشانی ڕەئیس جمهوور، بەڵکوو سیاسەتی وەلی فەقیهـ بوو کە دەبوو بەم شێوە بووبایە.

**Tishk.tv: یەکێکی دیکە لە پاساوەکانی لایەنگرانی بەشداری، بە تایبەتی بۆ هەڵبژاردنی مەجلیس لەو دەڤەرانەی کوردستاندا کە نەتەوەی دیکەشیان تێدا دەژی، ئەوەیە کە ئەم هەڵبژاردنە جۆرە ڕێفراندۆمێک بۆ نیشاندانی سەنگ و قورسایی حەشیمەتی کورد لەو دەڤەرانەیە، یان ئەوەیکە پێیان وایە بۆ نموونە ئەگەر کوردێکی خراپیش ببێتە نوێنەری مەجلیس باشتر لەوەیە غەیرە کوردێک بچێتە نێو دەسەڵات و غەدر لە کوردی ناوچەکە بکات. تا چەند ئەم بۆچوونە بە دروست دەزانن؟**

**مستەفا هیجری:** بەداخەوە ئەوەش یەکێکە لەو وەسیلانەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو هەڵبژاردنەکانی‌دا کەڵکی لێ وەردەگرێت و لە تەعەسووباتی نەتەوەیی و جارجار ئایینییش لە بەینی ئایینە جیاوازەکان کەڵک وەردەگرێت بۆ ئەوەی کە خەڵکەکە بەو عینوانە بکێشێتە سەر سەندووقەکانی دەنگدان و زۆر جاریش بەداخەوە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە ئەگەر باس لە حەشیمەتی کورد و هێزی کورد دەکرێت، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەموو کەس دەزانێت کە حەشیمەتی کورد و هێزی کورد لە هەر ناوچەیەک چەندە، یان باقی نەتەوەکانی دیکە، چوونکە ڕاستە لە ئامارگیرییەکاندا کە چەندساڵ جارێک لە ئێران دەکرێت نەتیجەکەی لە باری ژمارەی نەتەوەکانەوە ڕاناگەیەندرێت، بەڵام خودی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوەی دەزانێت و ئەو ئامارانەیان هەیە. کەوابوو لە باری حەشیمەتەوە کورد لە ناوچەیەکدا چەندە، هیچ تەئسیرێکی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران نیە. لایەنێکی دیکەی مەسەلەکە ئەوەیە کە کاتێک ئێمە باس لە نوێنەر دەکەین، نوێنەرێک کە دەیهەوێت بچێتە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، نوێنەرێک کە دەیهەوێت بچێتە شووڕای شار یان شووڕای ئۆستان یان هەر شوێنێکی دیکە،ئەو نوێنەرە دەبێ هەڵگری بۆچوون و ویست و داخوازی خەڵکەکەی بێت، ئەوە دەتوانێت ببێتە نوێنەر و لەو شوێنەدا کە بۆی هەڵدەبژێردرێت، بتوانێت ئەو دەنگەی خەڵک مونعەکس بکاتەوە،پێداگری لە سەر بکا بۆ ئەوەی کە مافی خەڵکەکە وەربگرێت، بەڵام ئایا ئەو نوێنەرانەی کە ئێستا هەن، کورد بێت یان تورک، مەسیحی بێت یان موسڵمان، ئایا دەتوانن ئەو کارە بکەن؟! خۆ ئێمە هەموومان دەبینین کە لە ماوەی ئەو چەندین دەورە هەڵبژاردنەدا هیچکام لەو نوێنەرانە نەیانتوانیوە دفاع لە مافی خەڵک بکەن و مافی خەڵک وەربگرن، نەتیجەکەیشی ئەوەیە کە تاکوو ئێستا، مەسەلەن لە چوار ئۆستانی کوردستان بەپێی ئامارێک کە خودی کۆماری ئیسلامیی ئێران بڵاوی کردووەتەوە،ڕادەی بێکاری لە ئیلام و کرماشان و سنە و ورمێ زیاترە لە بەشەکانی دیکەی ئێران. بودجەیەک کە تەرخان دەکرێت بۆ عومران و ئاوەدانی ئەو بەشانە، لە هەموو بەشەکانی دیکە بەنسبەت کەمترە،خەسارە کۆمەڵایەتییەکان وەکوو تەڵاق، وەکوو ئعتیاد بە مادە سڕکەرەکان لە هەموو بەشەکانی دیکە زیاترە، باشە ئەگەر واقعەن ئەو نوێنەرانە کە هەڵبژێردراون ئەگەر نوێنەری خەڵک بوون، چیان کردووە بۆ کەم کردنەوەی ئەو هەموو ئازارەی ئەو خەڵکە؟ کە وابوو ئەوە کە ئێمە خۆمانی پێوە فریو بدەین کە ئەوە چوونکە کوردە دەنگی پێ بدەین یان نەخێر کەسێکی دیکە تورکە دەنگی پێ نەدەین. یان ئەوکەسە ئایینی جیاوازە دەنگی پێ نەدەین،ئەوە لە واقعدا نەوعێک من دەتوانم بڵێم وێڕای ڕێزم بۆ نەزەری خەڵک، نەوعێك خۆ فریو دانە، دەنا هیچ جیاوازییەکی نیە. پێم وابێت کەسێک کە نوێنەری واقعی خەڵک بێت پێویست ناکات بیر لەوە بکەینەوەلە چ نەتەوەیەکە، چ ئایینێکی هەیە، چ بیرو بۆچوونێکی سیاسیی هەیە، کاتێک نوێنەری واقعی خەڵک بێت و بتوانێت دەرد و ئازارەکانی خەڵک مونعەکس بکات و پێداگریی بکات لە سەر مافی خەڵک، ئەوە نوێنەری خەڵکە هەرکەسێک بێت. بۆیە پێم وابێت لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا خەڵکی ئێمە دەبێت زۆر وریاتر بن، بەتایبەتی ناڵێم هەموو، بەڵام تاکوو ئێستا ژمارەیەک لە نوێنەرانی کوردمان دیوە لەو شوێنانە بۆ ئەوەی کە نیشان بدەن موخلیسی ئەو ڕێژیمەن، بۆ ئەوەی کە نیشان بدەن بیروباوەڕی تەواویان بەو ڕێژیمە هەیە، نەک هەر دفاعیان لە خەڵکەکەیان نەکردووە، بەڵکوو دەنگی پێچەوانەیشیان داوە،دەنگی پێچەوانەی بەرژەوەندیی خەڵکیان داوە.

**Tishk.tv: لە هەر دوو حاڵەتی بەشداریکردنیان تەحریمی هەڵبژاردن لە لایەن خەڵکەوە لە کوردستاندا، پێتان وایە پەیامی ئەو هەڵوێستە بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا چی دەبێت؟**

**مستەفا هیجری:** لەو هەلومەرجەدا کە لە ئێراندا هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیك نیە، ئێمە پێمان وایە نەتیجەکەی هەرشتێک بێت هیچ پەیامێک بە حیزبی دێموکرات نادات. دیارە ئەگەر شەرایتەکە بەو جۆرە بوایە کەخەڵک بە ئازادی دەنگی دابا، ئەوەدەم دەمانتوانی مەقتەعێک هەڵسەنگێنین کەخەڵکێک کە بە قسەی حیزبی دێموکراتیان کردووە بە دەنگدان یان دەنگ‌نەدان، یان بە قسەی حیزبێکی دیکەیان کردووە، ئەوە بکەین بە معیارێک بۆ پەیامی خەڵک بۆ ئەو حیزبە، بەڵام لە ئێستادائێمە وەک پەیام وەری ناگرین.ئێمە نەزەری خۆمان و بۆچوونی خۆمان بە خەڵکەکە ڕادەگەیەنین، تەنانەت ڕەنگە لە هەڵوێستی سیاسی‌دا، لە سەردەمانێک‌دا خەڵک موتەوەجهی ئەو ڕیزەکارییانە نەبێت کە حیزبێکی سیاسی موتەوەجهی دەبێت، بەڵام لە داهاتوودا دەزانێت کە ئەو هەڵوێستە چەند ڕاست بووە. ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا بۆ خۆمان لە باری ئەو تەجروبەوە دەوڵەمەندین، مەسەلەن لەبیرتان بێت لە کاتێک کە ڕێفراندۆم بۆ جمهوریی ئیسلامیی ئێران کرا، لە سەرەتاوە حیزبی دێموکرات یەکێک یان دەتوانم بڵێم ئەوەڵین حزب بوو ڕایگەیاند کە؛ لەبەر ئەوەی ئەو حکوومەتە هیچ کام لە ویست و داخوازییەکانی خەڵک دابین ناکات، بۆیە حیزبی دێموکرات لە هەڵبژاردندا بەشداری ناکات و داوا لە خەڵکیش دەکات کە ڕێفراندووم بایکوت بکەن. دیارە ئەوەدەمیش هەندێک خەڵك هەر بەشدارییان کرد، بەڵام دوایی مێژوو دەریخست کە لەکاتی خۆیدا حیزبی دێموکرات هەڵوێستەکەی دروست بوو. مەبەستم ئەوەیە کە حیزبێکی سیاسی لە سەردەمێکدا هەڵوێستێک بنوێنێ کە نەتیجەکەی لە دوایی‌دا دەرکەوێت، کە ڕاستی و ناڕاستیی دوایی دەردەکەوێت. هەرچەند ئەو هەڵبژاردنە کە عەرزم کردن بە بۆچوونی من بۆ حیزبی دێموکرات هیچ پەیامێکی نیە، چوونکە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیک نیە.

**سەرۆککۆمارەکانی**
**کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموویان بە**
**بەدنێوی، بە فشار و بە ئیهانەت و بێحورمەتی وەلانراون،**
**لە بەنیسەدرەوە بیگرە تا ئەحمەدینژاد ئێستاش نەوبەتی**
**ڕووحانییە، بزانین ڕووحانی دوای تەواو بوونی**
**دەورەکەی چی بە سەر دێ؟**

# کۆماری ئیسلامی وەبەرهێنەری هەژارییە

سەرۆکی کۆمیتەی یارمەتییەکانی ناسراو بە «ئیمام» لە وتووێژ لەگەڵ ئیلنا ڕایگەیاندووە ڕێژەی هەژاری لە ئێراندا بەردەوام زیاد دەکات و هیچ کام لە هەوڵەکانی دەوڵەت و مەجلیس، چ لە ڕابردوودا و چ لە ئێستاشدا نەیانتوانیوە ڕێگر بن لەبەردەم زیادبوونی هەژاری.

پەرویز فەتاح دانی بەوەداناوە کە پانتایی هەژاری لە ئێران ئەوەندە بڵاو بۆتەوە کە ناتوانین هیچ پێناسەیەکی بۆ بکەین. بە وتەی ناوبراو کۆماری ئیسلامی بەبەردەوامی سەرقاڵی بەرهەم هێنانەوەی هەژارییە.

بەرپرسانی ڕێژیمی تاران تا ئێستا ئامادە نەبوون ئاماری ڕاستەقینە سەبارەت بە هەژاری لە ئێراندا بڵاو بکەنەوە.لە ساڵی ٩٣دا ناوەندی ئاماری ئێران بڵاوی کردبوویەوە کە بەشێوەی نێونجی داهاتی ساڵانەی کەم داهات ترین یەکەی کۆمەڵایەتی ئێران ٤,٥میلیۆن تمەنە، ولە بەرامبەریشدا نێونجی داهاتی ساڵانەی پڕداهات ترین یەکەش بریتییە لە ٤٣ میلیۆن و ٥٨٠ هەزار تمەن.

سەبارەت بە ئاستی هەژاری و دەوڵەمەندی خەڵکی ئێران و وڵاتانی دیکە، فەرهاد نیلی، ڕاوێژکاری باڵای ئابوریی حەسەن ڕوحانی دەڵێ: هەژارەکانی ئێران هاوتەرازن لەگەڵ هەژارەکانی وڵاتی مێسر و یەکە خۆشبشێوەکانی ئێرانیش هاوشێوەی سەرمایەدارە دەولەمەندەکانی ئامریکا ژیان دەکەن.

# تا ساڵی ٢٠١٧ نرخی نەوت بەرزبوونەوە بەخۆیەوە نابینێت

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی وزە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٣ی ڕەشەمەی ١٣٩٤ی هەتاوی لەبارەی بەهای نەوت لە بازارەکانی جیهاندا ڕایگەیاند کە، پێشبینی دەکرێت تا ساڵی ٢٠١٧ بەهای نەوت لە بازارەکانی جیهاندا بەرزبوونەوە بەخۆیەوە نەبینێت.

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی وزە کە ڕاوێژکاری وڵاتانی ڕۆژئاواییە لە کاروباری وزە لە جیهاندا، ڕایگەیاند کە بەرزکردنەوەی بەهای نەوت و سەرلەنوێ دارشتنەوەی بازارەکانی پەیوەندیدار بە نەوت لە جیهاندا، بە لانی کەمەوە تا ساڵی ٢٠١٧ دەخایەنێت.

ئەو ڕێکخراوەیە ئاشکرای دەکات کە بە هۆی بەرهەمهێنانی زۆری نەوت، لە ماوەیەکی کەمدا، ناکرێت نرخەکەی بەرز بکرێتەوە.

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی وزە هەروەها ڕایگەیاند کە پاشەکەوت کردنی نەوت لە لایەن وڵاتانی جۆراوجۆرەوە، بەشی خۆی ڕێگرە لە بەرزبوونەوەی نرخی ئەو کاڵایە.

ڕێکخراوی ناوبراو هەروەها زیادی کردی کە پێشبینی دەکرێت لە ساڵی ٢٠٢٠ و ٢٠٢١دا، نرخی نەوت بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد بکات.

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی وزە ئاماژەی بەوە کرد کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٦ی زایینیدا، بۆ ماوەی ٢ ساڵ نرخی نەوت دابەزینی بە خۆیەوە بینی.

# ئاستی بازرگانیی دەرەکیی ئێران بەردەوام ڕووی لە داکشانە

لە ١١ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ڕێژەی هەناردەی ئێران (جگە لە نەوت) ١٧٪ و ڕێژەی هاوردەش ٢٤٪ کەمی کردووە.

هەواڵدەریی حکوومەتیی مێهر لە زاری بەرپرسی گۆمرۆکی ئێرانەوە بڵاوی کردەوە، ڕێژەی بازرگانیی نێودەوڵەتیی ئیران لە ١١ مانگی ڕابردوودا گەیشتۆتە ٧٥ میلیارد و ٨٣٥ میلیۆن دۆلار کە ئەم ڕێژەیە بە بەراورد لەگەڵ ١١ مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو، دەری دەخات کە ئاستی بازرگانیی دەرەکیی ئێران ڕووی لە داکشان کردووە.

ئەو کەلوپەلانەی کە هاوردەی ئێران کراون بریتین لە گەنم، باقلە، برنج و کەلوپەلی ئۆتۆمبیل کە لە وڵاتەکانی چین، ئیمارات، کۆرەی باشوور، تورکیە و سوئیسەوە.

هەروەها کەلوپەلە هەناردەکراوەکان بۆ وڵاتانی عێراق، ئەفغانستان و هێند نێردراون.

لە لایەکی دیکەوە ڕۆژنامەی «جام جم» لە ڕاپۆرتێکدا باسی لە بەردەوامیی لابردنی یارانەی توێژە کەم داهاتەکان لە ئێراندا کردووە و لە زاری کارناسێکی ئابورییەوە بڵاوی کردۆتەوە کە بەرپرسان هیچ مێکانیزمێکیان بۆ ئەم پرۆسەیە نیە و بەشێوەی هەڕەمەکی یارانەکان لە خەڵك دەبڕن.

یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی ئابووریی ئێران بەڕای کارناسان، بوونی گەندەڵیی سیستماتیك لە ناخی دەوڵەت و حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدایە.

لەم بارەوە سەرۆکی حیزبی «اتحاد ملت» بە ڕۆژنامەی «جهان اقتصاد»ی گووتووە: ئەوەی کە دەبێ ببڕدرێت یارانەکان نیە کە خەڵك پێویستیان پێیەتی، بەڵکوو دەبێ گەندەڵییەکان بنبڕ بکرێن.

# گەشەی ٢٧.٪ی نەخدینەیی و چوونەسەری تێچووی مانگانەی خانەوارەکان لە ئێراندا

مامۆستایانی زانکۆ و ئابووریناسان هاوکات لەگەڵ چوونەسەری ئاستی تێچووی مانگانەی خانەوارەکان لەمەڕ زیادبوونی ئاستی نەخدینەیی لە ئێران هۆشدارییان دا.

بانکی ناوەندیی ڕێژیم لە کۆتایی مانگی بەفرانباری ئەمساڵدا ڕایگەیاند؛ ئاستی نەخدینەیی لە ئێران گەیشتۆتە ٩٥٠ هەزار میلیارد تمەن و ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوو، ٢٧.٢٪ زیادی کردووە.

ئەم ئامارە لە کاتێکدا بڵاو بوونەتەوە کە، بەپێی ڕاپۆرتێکی هەواڵدەریی حکوومەتیی مێهر، ئاستی تێچووی مانگانەی هەر خانەوارێک لە ئێران بەشێوەی مانگانە سنووری ٣ میلیۆن تمەنی تێپەڕاندووە و تەنیا بۆ دابین کردنی خۆراکی مانگانە ٧٥٤ هەزار تمەن پێویستە.

لەلایەکی دیکەشەوە هەواڵدەرییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئاشکرایان کردووە کە دەوڵەت بەنیازە لە بەرەبەری ساڵی نوێدا پارەی نوێ بڕژێنێتە نێو بازاڕ کە ئەمە بەپێی زانستی ئابووریی کەلان، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە کەرتی بەرهەم هێنان ڕێڕەوی بەپێچەوانە دەپێوێ، دەبێتە هۆی زیادبوونی ئاستی هەڵاوسان.

وەحید شەقاقی، مامۆستای زانکۆ و ئابووریناس لەمبارەوە دەڵێ: «بوونی سیستمی بانکیی ناکارامەی ئێستای ئێران، دامەزراوە نایاساییەکان، بازاڕی سەرمایەی ناکارامە و کەڵک وەرگرتن لە ئابووریی سەوداگەرانە، ئەم هەواڵانە پێمان دەڵێن کە ئابووریی ئێران لە لێواری مەرگ نیزیک بۆتەوە».

# شانۆی هەڵبژاردن و پرسی ئابووریی ئێران

شەماڵ تەرغیبی

بەناو هەڵبژاردنەکانی ٧ی ڕەشەمە پاش چەند مانگ پڕوپاگەندە و پاڕانەوەی گەورەبەرپرسانی حکوومەتی، کۆتایی پێهات و بەناو نوێنەرانی خەڵکیش دەرگای مەجلیسیان بۆ کرایەوە. جیا لەوەیکە ئەم نوێنەرانە و بەربژێرەکانی دیکە چەندە لە کاتی ڕێکلام کردنەکانیان، وادە و بەڵێنی جۆراوجۆر و ڕەنگاڵەیان بە خەڵک دا و بەم شێوەیە هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی خەڵکیان دا، کۆمەڵێک پرسی گرینگ و بناغەیی لەپێوەندی لەگەڵ ئابووریی ئێران بوونی هەیە کە ئەم بەناو بەربژێر و نوێنەرانە خۆیان لێ گێل کرد و خەڵکیش، یان لێی بێئاگا بوون یان زانیارییەکی ئەوتۆیان لەسەری نەبوو.

ئاوڕدانەوەی خێرا و کورت بەسەر ڕابردووی ٣ هێزی دەسەڵاتبەدەست، هێزەکانی بەڕێوەبەری، یاسادانەر و دادوەری، لە ئێران لە ماوەی ٣٧ ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەت سەردەمی سەرکۆماریی محەممەد خاتەمی کە بە لووتکەی دەسەڵاتی بەناو ئیسڵاحخوازەکان لە ئێران دەژمێردرێ، ئەو ڕاستییە تاڵەمان بۆ دەردەخات کە سەرەڕای بوونی سەرچاوەی گرینگ و دەوڵەمەندی ماڵی و مرۆیی، ئابووریی ئەم وڵاتە بەچۆکدا هاتووە؛ گەشەی ئابووریی نەرێنی، قەرزە دەوڵەتییەکان، هەڵاوسانی چەندین لەسەدی، دابەزینی بایەخی دراوی نەتەوەیی (بەتایبەت لە ٤ساڵی ڕابردوودا)، بێکاریی بەربڵاو، داخرانی بەشێکی بەرچاو لە کارگە و کارخانە وەبەرهێنەرەکان (بەتایبەت پاش چەسپاندنی گەمارۆنامە نێونەتەوەییەکان)، پەرەسەندنی دیاردەی «ڕانت خۆری»، گەندەڵیی بەربڵاوی ئابووریی و ئیداری و دارایی و زاڵبوونی دەسەڵاتی دامەزراوە سەربازی و ئەمنیەتییەکان بەسەر سەنعەتە کەڵانەکانی وەک پێترۆشیمی و ...هتد. بەکورتی لە ئەنجامی شۆڕشی بەناو پاڵپشتیی خەڵکی هەژار و بێدەرەتان، گیرفانی خەڵکی ئێران بۆ پڕکردنی حیسابی بانکیی کەمینەیەکی دەسەڵاتدار بەتاڵ کرا. مەجلیسی شووورای ئیسلامی بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی، تەنیا ناوەندی خاوەن شیاوی بۆ دانانی یاساکانە و لەم نێوانەشدا پێشنیار کردن و پەسندکردنی یاسا و ڕێسا ئابوورییەکان، بودجە، بەرنامە ٥ ساڵەکانی گەشەپێدان و لاگیرییە ئابوورییە کورتخایەن و نێوەندمەوداکانیش دەبێتە بەشێک لە ئەرکەکانی ئەم ناوەندە کە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ هێزی ئیجرایی، کار بۆ گەشەپێدانی ئابووری دەکەن.

ئێستا ئەگەر وەها گریمانە بکەین کە دەوڵەت و مەجلیسێک، وەک ئەوەیکە هەنووکە لە ئێراندا دەبیندرێت، هەڵبژێردراوی ڕاستەقینەی خەڵک نەبن و بە دەنگی ئەوان نەهاتبێتنە سەر کار، یان بەشی زۆری تاکەکانی کۆمەڵگە بەهۆی بێباوەڕی بە سیستمی دەسەڵاتدار لەسەر سندووقەکانی دەنگدان ئامادە نەبووبێتن و بەناو نوێنەران و سەرکۆمار لە ئەنجامی ساتوسەودای نێوان باندەکانی حکوومەت کورسی دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتبێت، ڕوونە کە بوار بۆ تاڵان و دزینی مڵکە گشتییەکان و ناڕوونی لە چالاکییە ئابوورییەکان دێتە ئاراوە و کۆمەڵێک یاسا پەسند دەکرێت کە تێیدا تەنیا قازانج و بەرژەوەندییەکانی تاقمێکی بچووک دابین دەکرێت.

هەندێک کەس بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سەرکۆمار بە هاوئاهەنگی لەگەڵ مەجلیس - ئەگەر هاوبیر و هاوجیناحی سەرکۆمار بن- دەتوانن گۆڕانکارییەکی وەها پێک بێنن کە سەر لە بنی هەموو ئاستەنگەکان هەڵوەشێنێت و بە خێراییەکی بێوێنەوە باری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کلتووری و بەگشتی هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵگا بخاتەوە سەر دەوری ئاسایی و نۆڕماڵی خۆی؛ بەڵام ئانالیزی سیستمی حاکم لە ئێران دەریدەخات کە هێزی ڕەها لە نێو دەزگای ویلایەتی فەقیهدا، کە ڕەواییەکەی بەپێی فەلسەفەی کۆماری ئیسلامی لە ئاسمانەکانەوە وەرگرتووە، لە دەستی وەلی فەقیهدایە. بەم پێیەش هەموو دەزگاکانی حکوومەتی و ناحکوومەتی «دەبێ» لە ژێر سێبەری بڕیار و ڕێنوێنییەکانی ئەودا هەنگاو هەڵبێننەوە و ئەگەر وانەبێت بڕیاراتی «خودا» خراونەتە ژێر پرسیار و ڕوونە کە تاوانێکی وەهاش چ سزایەکی قورسی هەیە؟؟؟!!!

ئابووریی ئێران هەنووکە بە دەس ٤ کێشەی جیددییەوە دەناڵێنێ:

١. دابەزینی نرخی نەوت و کەمبوونەوەی داهاتە نەوتییەکان

٢. بوونی ئیختیاراتی تایبەتیی دامەزراوە سەربازی و ئیدئۆلۆژیکەکانی وەک سپای پاسداران و زاڵبوونی دەسەڵاتەکەیان بەسەر ئابووریی وڵاتدا

٣. بوونی قەرزە هەزاران میلیارد تمەنییەکانی دەوڵەت و زۆریی تێچووە ڕۆژانەکانی

٤. ئامادەنەبوونی سەرمایەدانەرە بیانییەکان بۆ قبوڵ کردنی ڕیسکی سەرمایەدانان لە ئێراندا.

ئێران خاوەنی ئابوورییەکی تاک بەرهەمییە و هەر ئاڵوگۆڕێک لە بازاڕە جیهانییەکان بەسەر ئەم تەنیا سەرچاوەی داهاتەدا بێت، ڕاستەوخۆ یەخەی ئابووریی ئێران دەگرێتەوە. نرخی جیهانیی نەوتی خاو بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردووی زایینی ٧٥٪ دابەزیوە و ئەگەر تەنانەت ئێران بتوانێ ڕێژەی هەناردەی نەوت و بەرهەمە نەوتییەکانی خۆیشی بە ڕێژەی ٢٥٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژدا بباتە سەرێ، داهاتی ئەم فرۆشەی لە ساڵدا یەکسانە لەگەڵ داهاتی هەناردەی نەوتی یەک مانگی ئێران لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەحمەدی نژاددا.

دامەزراوەگەلی وەک خاتەمولئەنبیا کە بە نیهادی ژێر چەتری سپا دەناسرێ، جگە لە وەرگرتنی بودجەیەکی کەڵان لە مەجلیس و حکوومەت، زۆربەی جومگەکانی دەسەڵاتی ئابووریی لە ئێراندا خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆی و بە پشتیوانیی وەلی فەقیە، هیچ کەس و لایەن و ناوەندێکیش بۆی نییە لە داهات و چالاکییەکانی بکۆڵێتەوە. بەپێی ئامارە فەرمییەکانی ناوەندی ئامار و بانکی ناوەندیی ئێران، قەرزەکانی دەوڵەت لە ئێستادا بریتییە لە ٥٤٠ هەزار میلیارد تمەن کە بۆ قەرەبووکردنەوەیان لانیکەم ٢٠ ساڵ کات پێویستە.

چوارەم خاڵیش کە بۆ بووژاندنەوەی ئابووریی شکست خواردووی ئێران پێویستییەکی هەنووکەیی و حاشاهەڵنەگرە، بوونی سەرمایەدانەری بیانییە تاکوو چەرخەکانی ئابووریی وەکار بکەونەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئەمنییەت و یاساگەلی تایبەت لەمەڕ دابین کردنی ئەمنیەتی سەرمایەدانان لە ئێران، بەکردەوە ئابووریی شەلەلی ئێران ناتوانێ، لانیکەم لە ئێستادا، کەڵک لەم دەرەتانەش وەربگرێ.

لە وەها هەلومەرجێکدا باڵی بەناو ڕیفۆرمیست بانگەشەی چاک کردنەوەی دۆخی ئاماژەبۆکراو دەکەن و بەو هیوایەی کە مەجلیسێکی لایەنگری دەوڵەت بێتە سەر کار تاکوو وەک «محەممەدباقر نەوبەخت» جێگری حەسەن ڕووحانی و سەرۆکی ناوەندی بەرنامەڕێژیی ئێران ڕایگەیاندووە، دەبێ بە هاوکاری لەگەڵ وەها مەجلیسێک دەستی ناوەندە سەربازییەکان لە ئابووریی کوڵ بکرێتەوە و باج لە نیهادە نایاساییە ئابوورییەکانی وەک ئاستانی قۆدسی ڕەزەوی وەربگیرێت و ڕێژەی بودجە نادیارەکانی دامەزراوەگەلێکی وەک بەسیج کەم بکرێتەوە؛ هەرچەند کە ئەم شێوە ئاخاوتنانە لە ڕواڵەتدا زۆر لۆژیکی دێنە پێش چاو، بەڵام گەلۆ لە حاڵێکدا کە بەپێی یاسای بنەڕەتی بە بڕیارێکی عەلی خامنەیی یان نوێنەرەکانی لە شوورای نیگەهبان و مەجلیسی خوبرەگان و کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم، هەوڵەکانی مەجلیس دەکرێنە بڵقی سەر ئاو، وەها پلان و بەرنامەیەک دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە؟

**ئەگەر وەها گریمانە بکەین کە دەوڵەت و مەجلیسێک، هەڵبژێردراوی ڕاستەقینەی خەڵک نەبن و بە دەنگی ئەوان نەهاتبێتنە سەر کار، ڕوونە کە بوار بۆ تاڵان و دزینی مڵکە گشتییەکان و ناڕوونی لە چالاکییە ئابوورییەکان دێتە ئاراوە و کۆمەڵێک یاسا پەسند دەکرێت کە تێیدا تەنیا قازانج و بەرژەوەندییەکانی تاقمێکی بچووک دابین دەکرێت**



## ئاماری توندوتیژی دژ بە منداڵان بڵاوکرایەوە

تا کۆتایی ئەوساڵ، ١٥٠ هەزار پێوەندیی تەلەفوونی بە ناوەندی فریاکەوتنی کۆمەڵایەتییەوە گیراوە کە نزیک بە سەدا نۆی (٩٪) سەبارەت بە توندوتیژی دژ بە منداڵانە بوو. ئەو ئامارە پشتبەستوو بە وتەی جێگری ڕێکخراوی بێهزیستیی گشتی وڵات بڵاوکراوەتەوە.

حەبیبوڵڵا مەسعوودی لە وتووێژێکدا ڕوونی کردەوە کە ئەو سەدا نۆیە، تەنیا ئازاری توندی جەستەیی دەگرێتەوە و ئازاری ڕەوانی و سووکایەتی بە منداڵان تۆمار نەکراون.

لە ئێستادا نزیک بە ٦٠٠ ناوەندی بەخێو کردنی منداڵانی بێ سەرپەرەست و خراپ سەرپەرەست، واتە ئەو منداڵانەی کە دایک و باوکەکانیان لەبواری پەروەردە و بارهێنانیانەوە تووشی کێشە و کەمایەسین، بوونی هەیە.

ساڵی ڕابردوو ٨ هەزار و ٦٦٤ حاڵەتی توندوتیژی دژ بە منداڵان(تەنیا جەستەیی) لە لایەن ناوەندی فریاکەوتنی کۆمەڵایەتیی ئێرانەوە تۆمار کراوە.



## لەبارچوونی منداڵ پەرە دەستێنێ

ڕێکخراوی پزیشکیی دادوەری لە ئێراندا ڕایگەیاند کە؛ ٥ هەزار و ٨٠٦ حاڵەتی لەبارچوونی منداڵ لە ماوەی ١٠ مانگی سەرەتای ئەو ساڵدا تۆمار کراون.

ئەو لەبارچوونانە کە بە بەراورد لەگەڵ ماوەی زەمەنیی ساڵی ٩٣ لەسەدا چواردە زیادی کردووە، هۆکاری جۆراوجۆری وەک، هۆکاری دەرمانی یان تووش بوونی دایک بە نەخۆشی، یان ئەوەی ئاوڵەمەی کەمتر لە چوار مانگە هەندێ کێشەی سروشتیی زگماکیی هەبێت. لەپاڵ ئەو ئامارەی دەوڵەتدا، چالاکانی مافی ژنان باس لە ٢٢٠ هەزار لەباربردنی منداڵ لە ساڵێکدا دەکەن کە زۆربەی هەرە زۆریان بەدوور لە ناوەندە یاساییەکان ئەنجام دەدرێن. پێشگرتنی دامودەزگا حکوومەتیەکان لە ژنان بۆ لەباربردنی منداڵ، وەک پێشلکردنی مافی ژنان لەقەڵەم دەدرێت.



## «مرۆڤ و ژینگە» بووە وانەی قوتابخانەکان

لە ساڵی داهاتووەوە، وانەیەک بەناوی «مرۆڤ و ژینگە» لە قوناغی دواناوەندیی قوتابخانەکاندا دەخوێندرێت. ئەو هەواڵە لە لایەن وەزیری پەروەردە و بارهێنانەوە ڕاگەیەندراوە و لە دوو یەکەی خوێندن( ٢ واحد درسی ) پێک دێت. بە وتەی عەلی ئەسغەر فانی، وانەی «مرۆڤ و ژینگە» لە پاڵ وانەی »خوێندەواریی میدیایی» لە پێنا و قەرەبوو کردنەوەی بۆشایی فێرکاری دانراوە.

ئەو وانەیە لە کاتێکدایە کە ماوەیەک لەمەوپێش بەرپرسێکی ڕێکخراوی جەنگەڵبانی ڕایگەیاندبوو کە ساڵانە ١٥ هەزار حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە لە لێڕەوارەکانی ئێران تۆمار دەکرێت. لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی، لانیکەم لەسەدا سی (٣٠٪) لێڕەوارەکانی ئێران لەناو چوون کە نزیک بە نیوەی لە زاگرۆش(کوردستان) بووە.




# هۆکارناسیی کێشەی کۆمەڵایەتیی کێشانی قلیان

غالب حەبیبی

«فرەیی» و «تێگەیشتن»ی خەڵکی لە دیاردەیەکی بچووکی کۆمەڵایەتی کە دژ بە نۆرمە سیاسی، فەرهەنگی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگایەکە، بەستێنی سەرهەڵدانی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەخوڵقێنێ کە لە نێوان دامەزراوەکانی پێناسەکەری ئامانجەکان و ئەو دامەزراوانەی کە کەرەستەی گەیشتن بەو ئامانجانە دەستەبەر دەکەن، کەلێنی پێکهاتەیی دێنێتە ئاراوە.

هەرچەندە لە وڵاتە جیاوازەکان و تەنانەت لە بەشەکانی وڵاتێکیشدا، پێناسە و ڕاڤەی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، ڕوانگەی جیاوازی لێ‌دەکەوێتەوە، بەڵام هەر لەو وڵاتەدا، ڕێسا و بایەخگەلێک زاڵە کە تێگەیشتنی ئێمە لە دیاردە و کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بیچم دەدات. نموونەی ئەو تێگەیشتنە لە نۆرم و بێ نۆرمی، کێشانی قلیانە کە بە گشتی لە جیهاندا کێشانەکەی وەک «کارێکی خراپ» جەختی لێ کراوەتەوە.

ماوەیەک لەمەوپێش، کارناسێکی تەندروستیی ژینگە لە کرماشان، سەبارەت بە خستنەڕووی مادەی هۆشبەر بە بیانووی کێشانی قلیان هۆشداری دا و گوتی کە؛ قلیان ڕێگایەکە بۆ فرۆشتی مادەی هۆشبەر.

ئەو ئامارە دەوڵەتییەی کە تەمەنی کێشانی قلیان بە کەمتر لە ١٥ ساڵ دەزانن و ڕێژەی بەکارهێنەرەکانی بۆ پیاوان سەدا پەنجا و بۆ ژنانیش سەدا ٣٨ ڕادەگەیەنن، هەموویان نیشان دەدەن کە ئەو دیاردەیە خەریکی تێپەڕین بۆ کێشەیەکی ئاڵوزی کومەڵایەتییە کە لەم وتارەدا هەوڵدراوە هۆیەکانی دیاردەی کێشانی قلیان لەنێو گەنجاندا تیشکیان بخرێتە سەر(ئتیۆلۆژی).

کەوابوو ئەو بەریانەی کە خەڵک، بەتایبەتی لاوەکان، بۆ کێشانی قلیان هەیانە نە لە ڕوانگەیەکی سایکۆلۆژی، بەڵکوو لە بیاڤی هۆکارگەلی کۆمەڵناسانە کە تەواوی پێکهاتەی کۆمەڵگا و داهاتووی دەگرێتەوە، لێکدەدەینەوە:

**١ـ کاتی پشوو**

بەبەردەوامی بابەتی قلیان لە ٢٥ ساڵی ڕابردووی مێژووی حقووقیی ئێراندا، لەگەڵ شوێنە گەشت و گوزاریی و گشتییەکان لەپێوەندی‌دا بووە، وەک ئەوەی کە قلیان وەکوو کەرەستەی پشوودان و خۆشبژیویی خەڵک دێتە هەژمار و لە ناوەرۆکی یاسا و ڕێساکانیش ئەوە فامدەکرێت کە چەشنێک سەرقاڵی و خۆشی کاناڵیزە دەکات. واتە، یاسادانەر لە نێوان تەندروستیی گشتی و سنووردارکردنی لاوەکان، دووهەمینی لە یەکەمین پێ باشتر بووەوە. یەکێ لە کێشەکانی لاوەکانی ئەمڕۆ، نەبوونی تەفریحاتی سالمە، شادمانییەک کە لە سیستمی فێرکاریی و بارهێنانی ئێراندا ونە و لە کۆمەڵگاشدا بەرەوڕووی سنووردارکردنەوە و کەمیی جێگا و ڕێگا و لە هەموو گرینگتر تێگەیشتنی دەسەڵاتە لە تەفریحاتی سالم. تێگەیشتنێک کە شادبوون بە چەشنێک نارەزایەتی و دژایەتی ڕاڤە دەکات و بەرەنگاری دەبێتەوە.

**٢ـ باوەڕی هەڵە**

لەوانەیە زۆرێک لە بەکارهێنەرانی قلیان ڕۆژێک بە بیستنی ئەو قسەیە کە «زیانەکانی قلیان گەلێک کەمترە لە جگەرە»، ڕێگای تەرکی جگەرەیان لە دووکەڵی میوەیی قلیاندا دۆزیبێتەوە، خافڵ لەوەی کە زانست ڕوانگەیەکی دیکەی هەیە. ژنان لەو نێوەدا، قوربانیی سەرەکیی ئەو جۆرە ڕوانگەیەن کە قلیان وەکوو نەوعێک کلاس و پرێستیژ دەزانن و پۆزی یەکسانی لەگەڵ پیاوان لە شوێنە گشتییەکان دەدەن. هەر ئەو باوەڕە بووەتە هۆی ئەوە کە کیشانی قلیان لەنێو ژنان لە ماوەی ٧ ساڵی ڕابردوودا ٤ قات زیاد بکات و لەباری دەروونناسیی کۆمەڵایەتیشەوە «دزێویی ئەخلاقیی» لەنێو بنەماڵەدا بشکێت.

**٣ـ بەستراوەیی ئابووری**

ئامارەکان وا نیشان دەدەن، دەوڵەت ساڵی پار، ١٥٠ میلیۆن دۆلار هاوردەی تەماکۆ بە شێوەی یاسایی هەبووە کە ئەو ڕێژەیە بۆ یارانەی ٣٠ جۆر تووتن و تەماکۆ، تا کۆتایی ئەو ساڵ دەگاتە ٧٥ میلیارد تمەن. سوودیماڵیی ئەو بازەرگانییە بە هەژمارکردنی پارە وەگەڕخراوەکانی قاوەخانەکان، ڕێستورانەکان و شوێنی فرۆشتنی قلیان دەگاتە ٤ هێندە، کە هەوڵی دەوڵەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی قلیانەکان دەباتە ژێر پرسیار. پووشپەڕی ساڵی ١٣٩٣ بوو کە ٤ هەزار پزیشک لە تۆمارێکدا ڕوو لە ڕووحانی ڕایانگەیاند کە؛ یاسای کۆنترۆڵ و بەرەنگاربوونەوەی دۆخانیات جێبەجێ بکەن و پێشی بڵاوبوونەوەی ئەو دیاردەماڵوێرانکەرە بگرن. بە سەرنجدان بە پاوانی دۆخانیات لە گومرۆکاتی ئێران، هاوردەی تەماکۆ و تووتن زیاد دەکات و باشقەی کێشانی قلیان لە نەریتییەوە بۆ مودێڕن و نێو بنەماڵە دەگۆڕدرێت.

**٤ـ بەشگەڕێتی**

لە ساڵی ١٣٧٠دا، هەوڵەکان بۆ قەدەغە کردنی کێشانی قلیان دەستی پێکرد، بەڵام لە یەکەم هەنگاودا تووشی پێچی شوورای نیگابان بوو و دەوڵەت ٥ ساڵی بە سەرلێشوییی تێپەڕکرد، تاکوو بڕیاری قەدەغە کردنی بەکارهێنانی قلیان بێجگە لە «قاوەخانەکان» پەسەند بکرێت. بەڵام ساڵی ٨٣ بوو کە وەزارەتی تەندروستی بە پێچەوانەی دەوڵەت کاری کرد، هەوڵێک کە ٥ مانگی خایاند و سەرلەنوێ قلیان گەڕایەوە نێو شوێنە گەشتیاری و گشتییەکان. تەنیا لەپاش ساڵی ١٣٨٥وە یاسادانەرەکان تێبینیان لەسەر کێشانی قلیان دانا و بۆ سەرپێچیکاران سزایان دیاری کرد. بەڵام پاش ماوەیەکی تر، سینفی خاون قاوەخانەکان بە بەڵگەی ئەوەی کە زۆرترین داهاتی قاوەخانەکان لە کێشانی قلیان وەدەست دێت و بە قەدەغە کردنی قلیان لە قاوەخانەکان، ماڵەکان دەبنە شوێنی دانی قلیان، دیوانی عەداڵەتی ئیداری دەنگی بۆ پشتیوانیی قاوەخانەکان دا و دۆخەکە گەڕایەوە شوێنی خۆی. ئەو خاڵانەی سەرەوە، پەسەندکراوەکان و بەخشنامەکانی پۆلیسی ئەماکن و وەزارەتی تەندروستی کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ڕاستەوخۆ لە کابینەی دەوڵەت و خودی سەرۆک کۆمار هەڵوەشانەوە، ناگرێتەوە. ئێستا کە دەنگۆی هاتنە پێشی ستادی بەرەنگاربوونەوەی مادەی هۆشبەر بۆ خستنەڕووی قلیان دێتە بەرگوێ، کە شاری تاران وەک پایلۆت لەبەرچاو گیراوە تا ڕێسای پێشگرتن بە کێشانی قلیان هەر لە سەرلەشێواوی‌دا بێت.

**٥ـ نەبوونی کارامەیی کومەڵایەتی**

سەرکەوتنی هەر تاکێک لە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی، بەندە بە توندوتوڵی لەگەڵ کارامەییە جیاوازەکانی ئەو تاکە لە بیاڤی پێوەندی و هەڵسوکەوتی لەگەڵ تاکەکاندا. کەواتە، کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لە؛ توانستی دەربڕینی هزر لە ڕاگوڕکێ کۆمەڵایەتییەکان، دانایی لەسەر ڕۆڵ و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان، کارامەیی تێگەیشتن لە هەلومەرجە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان، کارامەیی چارەسەری کێشەکان و بەجێ گەیاندنی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانە. زیاتر لە نیوەی بەکارهێنەرانی قلیان لە ئێراندا، قوتابیان و خوێندکارانن کە ژێرکۆی سیستمی فێرکاریی وڵات، وەکوو کاریگەرترین دامەزراوە لە بەکۆمەڵایەتی کردنی تاک، جێ‌دەگرن. سیستمێک کە بە قسەی کارناسان؛ پەیامی بارهێنان و پەروەردەیی بەهۆکاری زەخت و دەستێوەردانی دامەزراوەکانی دەرەوەی سیستمی فێرکاری لە ڕێڕەوەی خۆی چووەتە دەرێ و تەنیا «سەرکەوتنی خوێندن» بە ئەرک دەزانێت. ڕێبازی فێرکاریی ئێران لەسەر بنەمای بایەخ، ئایدیۆلۆژی و ئەولەویەتەکانی سیستمی زاڵ بەسەر ئێراندا دەستنیشان و دادەڕێژرێت و بە گشتی دەگەڵ بایەخ و کردەی دێموکراتیک لە دژایەتی‌دایە. هەلومەرجی ئاماژە بۆکراو لە کۆتاییدا، نەبوونی پسپۆڕیی کۆمەڵایەتی تاک لەپێوەندی بە تاکەکانی دیکەی لێ‌دەکەوێتەوە و بەکۆمەڵایەتی بوونی تاکەکان تووشی کێشەی جیددی دەکات. دیاردەی کۆمەڵایەتی کێشانی قلیان لە کوردستاندا بە سەرنجدان بە فرەیی (دەیان هەزار گەنج دەیکێشن و موعتادی بوون) و تێگەیشتنی کۆمەڵگا(وەک نانۆرمی و شێواوی) چەشنێک خەساری کۆمەڵایەتی دێتە هەژمار کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە ئاڵوزتر بوونی ڕەهەندەکانی، بەرەو کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی هەنگاو دەنێت و ٥ هۆکار کە لە پەرەسەندنی بەکارهێنەرانی قلیان ڕۆڵیان هەیە، لێکمان دایەوە



# هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی دەهەمی ڕێژیمی ئێران شانۆیەکی دۆڕاو

**جەماڵ ڕەسووڵ دنخە**

لە هەر پێکهاتەیەکی سیاسیی دەوڵەتان و حکوومەتەکانی دنیادا، هەڵبژاردن یەکێک لە پێوەرەکانی پێناسەی دەسەڵاتێکی دێموکراتیکە بەو مەرجەی کە توخمەکانی دێموکراسی لەو وڵاتەدا هەبێت و ئەو حکوومەتەی هەڵبژاردنی تێدا بەڕێوە دەچێت دەسەڵاتێکی ملهوڕ و دیکتاتۆر نەبێت.

مافی هەڵبژاردن ئەگەرچی یەکێک لە مافەکانی بێ‌ئەملاوئەولای هەر تاکێکی ناو کۆمەڵگایە و مافی دەنگدان خۆی لە ذاتی خۆیدا کەرامەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، چوونکە کاتێک تاک دەبینێت لە چارەنووسی وڵاتەکەیدا بەشدارە و دەتوانێت داهاتووی سیاسیی وڵاتەکەی دیاری بکات، ئەوە بایەخێکی زۆری هەیە؛ بەڵام ئەوەش لە هەمان حاڵدا خودی تاک دیاری دەکات کە ئایا دەنگ بدات یا نا؟

«دەنگدان» یا «بایکۆتکردن»ی هەڵبژاردن بۆ زۆر هۆکار دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو کەسەی کە دەنگ دەدات بە پاڵێوراوی مەبەستی خۆی، دەبێت ئەوە بزانێت کە بەپێی زانستی سیاسی دەبێ ئەو پاڵێوراوە دەسەڵاتی ئیجرایی لەو حکوومەتەدا هەبێت و بتوانێت وەڵامدەری ویستەکانی خەڵک بێت.

هەڵبژاردن، لە وڵاتانی دێموکراتیکدا بە یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی دێموکراسی دێتە ئەژمار، بەڵام ئایا لە سیستمێکی وەک ڕێژیمی ئێراندا دەتوانین باس لە هەڵبژاردنێکی ئازاد بکەین؟ یا نەخێر ؛ ئایا تەنیا بەشداربوونی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ ڕێژیم گرینگە و بەس؟

لە وڵاتێکی دێموکراتیکدا، مافی مەدەنیی کاندیدبوون و دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا، هەروەها ئەندامی حیزب و ڕێکخراوەیەکی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی بوون یەکێک لە ڕەهەندەکانی سەرەکیی دێموکراسیی و مافی هاووڵاتی بوونە و بەم پێیە تاک بەشداریی لە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی خۆیدا دەکات. بەڵام ئەم مافانە بێجگە لە مافی دەنگدان، لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە هەر لە سەرەتای شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوییەوە بەردەوام پێشێل کراوە.

ڕێبەرانی دەسەڵاتی «ویلایەتی فەقیه» لە کاتی دەستپێکی شانۆی هەڵبژاردندا بۆ ڕەوایی‌دانی زۆرتر بە خۆیان بانگهێشتی خەڵک و تەنانەت دژبەرەکانی نیزامیش بۆ دەنگدان دەکەن، ئەوە جیا لەوەیکە بۆ نەبوونی ڕەواییەک دەسەڵات دەگەڕێتەوە، بەڵکوو بەرپرسانی ئەو ڕێژیمەش دەزانن کە ڕەواییان لە نێو خەڵکدا نیە. بۆیە «خامنەیی» بە ڕاشکاوانە لە قسەکانی خۆیدا بۆ خەڵک باس لە پێویستیی بەشداریی هەموو، تەنانەت ئەوانە دەکا کە نیزام و ڕێبەریان قەبووڵ نیە.

بەپێی ئەزموونی زیاتر لە ٣٠ ساڵ حکوومەتی «نوێنەرانی خودا» لە ئێران و بارودۆخی ئەمرۆی ئەم وڵاتە، بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی دێموکراتیک لە ئێراندا هیچ وجوودێکی نیە و هەر لایەنێک یا کەسێک بە هەر بیانوویەک بانگەشە بۆ ئەوە بکات کە خەڵک دەنگ بدەن، تەنیا کەڵاو لەسەرخۆ نانە و هیچ مانایەکی دیکەی نیە. لە چوارچێوەی ڕێژیمی ئیسلامی‌دا، بە هێزەکان و کەسایەتیی ئازاد و دێموکراتەکان، تەنانەت بە زۆرینەی هۆگرانی باوەڕمەند بە «یاسای بنەڕەتیی ئێران و چاکسازی» ئیزنی کاندیدبوون و بەشداریی لە دەسەڵات نادرێت. لە چوارچێوەی سیستمی «شوورای نیگابان، ڕێبەریی و سپای پاسداران»دا، هیچ ئاسۆیەک بۆ پێکهاتنی ئاڵوگۆڕێک لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا نابیندرێ. بەپێی ئەو ئامارانەی کە لە لایەن ڕێژیمی ئێران و توێژینەوەی ڕێکخراوەکانی مەدەنی یاخود زانستیی ئێرانەوە بڵاو بوونەتەوە، پیشاندەری ئەم ڕاستییەن کە بەگشتی لە ئێران و بە تایبەتی لە کوردستاندا، ڕێژەی بەشداریکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا دابەزیوە و خەڵک وەڵامی بانگهێشتنی ڕێبەرانی حکوومەتی ئیسلامییان نەداوەتەوە.

بەپێی لێدوانی عەبدولڕەحمان فەزڵی کە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٠ی ڕەشەمە لە کۆبوونەوەیەکی ڕۆژنامەوانی‌دا لەگەڵ هەواڵنێراندا ڕایگەیاند، بە فەرمی دانی بەوەدا نا کە ٦٢٪ی خەڵکی ئێران لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدارییان کردووە، کە ئەوەش دەرخەری ئەوە بووە کە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا زۆر کەم بووە.

ئەو ئامارەش لە کاتێک‌دایە کە ڕێژیمی ئێران هیچکات ئامارێکی ڕاست لە سەر هیچ بابەتێک ناداتە دەر، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتی هەندێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی ناوخۆیی، بەشداریی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکاندا زۆر کەمتر لەوە بووە کە ڕێژیم باسی لێوە دەکات.

لە چوارچێوەی حکوومەتێکی باوەڕمەند بە «ئوممەتی ئیسلامی» کە فرە نەتەوەیی بوونی ئێران ڕەت دەکاتەوە و باوەڕی بە چارەسەریی پرسی کورد نیە. بۆ کاریگەریی زۆرتر لە ڕووداوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، پێکهێنانی متمانە بەخۆیی خەڵک و پاشگەز کردنەوەی ڕێژیمی تاران، پێویستە حیزب، ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە پێکهێنانی بەرە یان هەر چەشنە هاوپەیمانی و هاوکارییەک، هێز و توانای خۆیان بخەنە پاڵ یەک و هاوبەش لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران، پەرە بە خەباتی دژ بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بدەن.

# ڕاپۆرت/ هەڵبژاردنەکان لە کوردستان لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بێ بایەخ بوو

کەشوهەوای هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی دەهەمی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە جێگای بایەخ و گرینگی نەبوون و خەڵکی کوردستان هیچ ئۆگرییەکیان بە هەڵبژاردنەکان و باوەڕیان بە پاڵێوراوەکانی مەجلیسی ڕێژیم نیە.

### جوانڕۆ

لە شاری جوانڕۆی سەر بە پارێزگای کرماشان، پاڵێورانی مەجلیسی ڕێژیم بۆ دەنگ هێنانەوە، چەواشەکاریی بێ‌شەرمانەیان کردووە و لەو پێوەندییەدا چەند کەسێکیان کتێبی کوردیی لە نێو بازاڕ و خەڵکدا بڵاو کردووەتەوە و هەروەها بە پۆشینی جلوبەرگی کوردی و چوون بۆ نێو خەڵک دەیانویست خەڵک فریو بدەن و دەنگ بێننەوە. بەڵام خەڵک باوەڕیان بە هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم نیە و فریوی ئەو کار و کردەوانەی پاڵێوراوانی مەجلیسی ڕێژیم ناخۆن.

### کامیاران

لە شاری کامیارانی سەر بە پارێزگای سنەش، دانیشتوانی ئەو شارە هیچ هەڵوێستێکیان نەبووە و گرینگییان بە هەڵبژاردنەکان نەداوە.

لەو پێوەندییەدا، ٨٠٪ی خەڵک و تەنانەت زیاتریش، دەنگیان نەداوە. ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بۆ بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان چالاکییان بەڕێوە بردووە کە خەڵک بە پیریی ئەو بایکۆتەوە هاتوون.

هەواڵنێری ماڵپەڕی کوردستان میدیا لەو بارەیەوە ڕایگەیاندووە کە؛ «پێشتر نەفەراتێک کە مۆرەی خۆیانن و کەسانێکیش تا ڕادەیەک لە ڕووی تایفەگەرییەوە بانگەواز بۆ پاڵێوراوانی خۆیان دەکەن».

هەندێک لە مۆرەکانی ڕێژیم کە خۆیان بۆ مەجلیسی دەیەمی ڕێژیم کاندید کردبوو، ١٠ تا ڕۆژ پێش دەستپێکی تەبلیغات، بە مەبەستی تەبلیغ کردن لە نێو خەڵکدا دەگەڕان و بانگەشەیان بۆ هەڵبژاردنەکان دەکرد.

لە شاری کامیاران سەر بە پارێزگای سنە، خەڵکی ئەو شارە بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە سەر سەندووقەکانی دەنگ‌دان ئامادە نەبوونە و هەڵبژاردنەکانیان بەلاوە بێ‌بایەخ بووە.

هەر لە شاری کامیاران زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی گوندەکانی سەر بەو شارە لە شانۆی هەڵبژاردنەکاندا بەشدارییان نەکردووە و تەنانەت ئیزنیان نەداوە کە هیچ پاڵێوراوێکی مەجلیسی ڕێژیم پڕۆپاگەندا بۆخۆی بکات.

### مەریوان

هەواڵنێری ماڵپەڕی کوردستان میدیا لە شاری مەریوان ڕایگەیاند؛ «ئێستا ڕێژیم فەزای تبلیغاتیی شاری مریوانی شێواندووە، بە جۆرێک کە بە جیاجیا تەحریکی کەسانی سۆرانی زمان بە دژی هەورامییەکان دەکات و ئەوەش دووبەرەکیی لە نێوان خەڵک‌دا دروست کردووە».

پاڵێوراوانی شاری مەریوان هەموویان سەر بە ڕەوتی ئوسوولگەرا بوون، جگە لە یەک کەسیان کە سەربە باڵی ڕیفۆرمخوازەکان بوو.

### بۆکان

لە شاری بۆکان سەر بە پاریزگای ورمێ، دارەکانی خیابانی پارکی ساحلی نزیکی هوتێل ئیزەدیی بۆکان، بە مەبەستی تەبلیغات بۆ هەڵبژاردنەکان بڕدرانەوە.

«ئەنوەر حەبیب زادە» هاوکاری ئۆرگانێکی سپای پاسداران، بۆ سازکردنی ستادی تەبلیغاتی و شوێنی کۆکردنەوەی خەڵک، بەتایبەت لاوان بۆ هەڵپەڕکێی شەوانە، تا بتوانی سەرنجی زیاتری خەڵک ڕابکیشی و لە دەوری خۆی کۆیان کاتەوە، هەموو دارەکانی ئەو مەسیرەیان بڕییەوە. ئەوە لەکاتێک‌دایە کە هیچ شوێن و جێگایەک بۆ کۆبوونەوەی شەوانەی لاوان لەو شارە بوونی نییە و ئەنوەر حەبیب زادە ئەوە بە دەرفەت دەزانێ تا بۆ ماوەیک و بە کەڵک وەرگرتن لە وزەی شادیی لاوان و ئامانجی خۆی؛ ئەو لاوانە بە هاوکاریی چەند گورانیبێژی دەست کورت، بۆ بەزمی شەوانە کۆ دەکاتەوە.

هەروەها لە شاری بۆکان ڕێژیم دەستووری بە مەلای گوندەکان داوە، لە بڵیندگۆی مزگەوتەکانەوە داوا لە خەڵکی بکەن کە بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن.

### شنۆ

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لەو شارە بۆ بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی دەهەمی ڕێژیمی ئێران، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغاتی تێدا بەڕێوە چوو بریتین لە: «شەهرەکی فەرهەنگیان، پێش دەرگای ستادی پاڵێوراوەکان، دادگا، خیابانی کارگەر، چوارڕای کارگەر، شەقامی دوکتور قاسملوو، فەلەکەی بیمارستان و هەروەها لە گەڕەکەکانی «سەلیم ئاباد، مام تەمر، کانی گراو، قەبری شەهیدان، حەسەن ئاباد، مەجید ئاباد، سەیدئاوێ»، تراکتی تایبەت بە بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان بڵاو کراوەتەوە.

### نەغەدە

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لەو شارە بۆ بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی دەهەمی ڕێژیمی ئێران، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغاتی تێدا بەڕێوە چوو بریتین لە: «فەلەکەی وەحدەت، خیابانی ڕەجایی، گەڕەکی ٥٣هێکتار، مزگەوتی جامیعە، بیمارستانی خومەینی و خیابانی ئیمام»، کە تراکت و پۆستێری تایبەت بە بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان بڵاو کراوەتەوە.

### ورمێ

لە شاری ورمێ، خەڵکی ناوچەی مەرگەوەڕ نەیانهێشتووە «عابد فەتاحی» کە یەکێک لەو کەسانەیە خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی دەهەم بەربژێر کردبوو، کۆبوونەوە بۆ خەڵک بگرێت و دەریان کردووە و هەروەها خەڵک هەموو وێنەی پاڵێوراوانی مەجلیسی ڕێژیمیان لە دیوارەکان کردووەتەوە.

عابد فەتاحی چەند ڕۆژ پێش لەوە لە کۆبوونەوەیەکدا لە زێوەی مەرگەوەڕی ورمێ گوتبووی کە شوان پەروەر بە گۆرانییەکانی خۆی ڕۆڵەکانی کوردی بەکوشتن داوە، کە ئەوەش نارەزایەتیی خەڵکی لێ کەوتەوە.

### سەقز

بازاڕی هەڵبژاردن لە شاری سەقز نە تەنیا سڕ بوو، بەڵکوو هەر ڕۆژ هەندێک ڕووداوی سەیر ڕووی دەدا.

ئێوارەی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ی هەتاوی، کرێکارانی شارەداریی سەقز، لەگەڵ ستادی تەبلیغاتی کاندیدایەک بەناوی «سەلیم زەهرابی« دەبێتە شەڕیان. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیکە ستادی تەبلیغاتیی ئەم کاندیدایە ڕێکلامەکانیان بە دیوارەوە چەسپاندبوو.

ستادە تەبلیغاتییەکانی کاندیداکان بە دانی نانی نیوەڕۆ و ئێوارە بە خەڵک دەیانویست سەرەنجی خەڵکی ئەو شارە بۆ لای خۆیان ڕاکێشان.

لەو پێوەندییەدا، چەند کەسێکی شۆڕشگێڕ و نەتەوەیی، ڕۆیشتونەتە ناو ستادە تەبلیغاتییەکان و لەگەڵ چەندین کەس لەو کەسانەی کە کاری تەبلیغات بۆ ئەو کاندیدایانە دەکەن قسەیان کردووە و پێیان ڕاگەیاندوون ئەو کارەی ئێوە دەیکەن خیانەت بە نەتەوەی کوردە و تەبلیغات بۆ ڕێژیم دەکەن، ئەگەر بۆ پارەش وا دەکەن، ئەوە ئێمە زیاتر پارەتان دەدەینێ کە واز لەو کارە بهێنن.

هەروەها لە سەقز خەڵک پۆستێری پاڵێوراوانی مەجلیسی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان لەو شارە دڕاندووە و بێزاریی و نەفرەتی خۆیان لە شانۆگەریی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم دەربڕیوە.

هەر لەو پێوەندییەدا، ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە لە شارە کوردنشینەکان، پاڵێوراوان لە هەموو دەرفەتێک بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سەندووقەکانی دەنگدان کەڵک وەردەگرن.

پاڵێوراوان بۆ فریودانی خەڵک جلوبەرگی کوردی لەبەر دەکەن و لە ناو خەڵکدا دەگەڕێن و بانگەشەی هەڵبژاردنەکان دەکەن و هەندێکیش بە شایی و هەڵپەڕکێ دەیانهەوی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

بەپێی ڕاپۆرتەکان، هەندێک لەو پاڵێوراوانەی مەجلیسی ڕێژیم، پێشتر تەنانەت یەک جاریش جلوبەرگی کوردییان لەبەر نەکردووە، بەڵام ئێستا بۆ هەڵبژاردنەکان دروشم دەدەن و جلوبەرگی کوردی لەبەر دەکەن.

پاڵێوراوانی مەجلیسی ڕێژیم کەڵک لە گۆرانییەکانی هونەرمەندانی بە ناوبانگی کورد بۆ دەنگدان لە ستادەکانیان وەردەگرن.

لەو پێوەندییەدا لە ڕێوڕەسمی بەرز ڕاگرتنی زمانی دایکی، لە زانستگەی کوردستان یەکێک لە پاڵێوراوانی مەجلیسی دەهەم لەو ڕێوڕەسمەدا تەبلیغاتی بۆخۆی کردبوو.

هەڵبژاردن بە مانای ڕاستەقینە و دێموکراتیک لە ئێراندا بوونی نیە و بەرپرسانی ڕێژیم هەڵبژاردنەکان موهەندیسی دەکەن و دەنگدان بەو ڕێژیمە هیچ کاریگەرییەکی لە سەر داهاتووی سیاسی خەڵکی ئێران نیە.

### ڕوانسەر

لە شاری ڕوانسەر سەر بە پارێزگای کرماشان، خەڵک بەشداریی هەڵبژاردنەکانیان نەکردووە و ڕێژیم بە ئۆتووبووس لە شاری کرماشانەوە خەڵکی بۆ سەر سەندووقەکانی دەنگدان هێناوە.

هەروەها بەپێی ڕاپۆرتەکان، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ناسنامەی ساختەی لە نێو لایەنگرانی پاڵێوراواندا بڵاو کردووەتەوە تا دەنگ بدەن.

### سەردەشت

لە شاری سەردەشتیش خەڵکی ئەو شارە بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا نەکردووە و جاش و بەکرێگیراوانی ڕێژیم پارێزگاری لە بنکەکانی دەنگ‌دان دەکەن

### پیرانشار

لە پیرانشار، ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە شانۆی هەڵبژاردنەکاندا زۆر کەم بووە و تەنیا مۆرەکانی سەر بە ڕێژیم ڕۆشتوونەتە سەر سەندووقەکانی دەنگدان.

### مەهاباد

لە مەهاباد ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، هێزە لیباس شەخسییەکانی خۆی بە نێو خەڵکدا و بەتایبەتی لە دەوروبەری سەندووقەکانی دەنگدان بڵاو کردووبووەوە.

# سەقز/ بازاڕی تەسبێح فرۆشان قەرەباڵغتر بوو لە بنکەکانی هەڵبژاردن

لە شاری سەقز لە دوای ئەوەیکە لە نێوان ڕێکلامچییەکانی پاڵێواروێکی مەجلیسی ڕێژیم شەڕ و تێکهەڵچوون دێتە ئاراوە، چەند کەس دەستبەسەر دەکرێن.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، لە شاری سەقز بە پێچەوانەی هەموو ڕۆژانی هەینی، کە بازاڕ لە ئێوارە بەولاوە دادەخرێ، ئەمڕۆ خەڵك دووكان و بازاڕیان دانەخست و بەجێگەی کۆبوونەوە لە دەوری سندووقەکانی هەڵبژاردن، خەریکی کاروکاسبیی خۆیان بوون، بە شێوەیەك کە بازاڕی تەسبێح فرۆشان زیاتر لە هەموو بنکەکانی هەڵبژاردن خەڵکی لێ بوو.

هەروەها خەڵك بە شێوەیەکی بەرچاو ڕوویان کردۆتە پارك و شوێنە گەشتیارییەکان.

هەروەها لە تەنیشت باشگای «فەهمیدە»، لە سەر سێ‌ڕێیانی حاجی ئاوای سەقز، کاتێک ڕێکلامچییەکانی بەربژێرێکی ڕێژیم بەناوی بیگلەری، ڕێکلامیان دەکرد، دووکاندارانی ئەو شوێنە نارەزایەتییان دەربڕی و داوایان کرد ئەو گاڵتەجاڕییە لای ئەوان کۆکەنەوە، هەر بەم بۆنەوە کێشە لە نێوان دووکاندارن و خەڵك لەگەڵ ڕێکلامچییەکان هاتە پێش و ڕێژیم بە دەستبەسەرکردنی چەند کەس کۆتایی بەو تێکهەڵچوونە هێنا.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو بارەیەوە ڕایگەیاند کە؛ هێزەکانی ڕێژیم بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو لایەنگری لە بیگلەری دەکەن و بەردەوام بنکەکانی ئەو لەباری ئەمنیەتییەوە خراوەتە ژێر چاوەدێرییەوە و هێزی تایبەتیان بۆ پاراستنی بنکەکانی ئەو داناوە و لەگەڵ بچووکترین تێکهەڵچوونێك، هێزەکان دێنە مەیدان.

هەروەها ڕێژیم بە شێوەیەکی کەم وێنە هێزەکانی خۆی و جاشەکانی ڕژاندۆتە ناو شار و بە تەواویی شار میلیتاریزە کراوە.

بەپێی زانیارییەکان، دوای چەند کاتژمێر لە هەڵبژاردن، بەهۆی بەشداری نەکردنی خەڵك لە هەڵبژاردن‌دا، سەندووقەکانی دەنگدان لە ناوچەی سەرشیوی سەقز، گەڕێندرایەوە بۆ نێو شار.

# تەقاندنەوەی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان و دەرئەنجامەکانی

**عارف وەڵزی**

لە چەند مانگی ڕابردوودا بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان لە کێو خاکی کوردستانی باکوور تەقێندراوەتەوە و بەم بۆنەوە بۆ ماوەی چەندین ڕۆژە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ بازاڕەکانی جیهان وەستاوە و بەم شێوەیە ڕۆژانە نیزیک بە ١٥ میلیۆن دۆلار زەرەر لە ئابووریی لاواز و ناسەقامگیری هەرێمی کوردستان دەدرێت.

دیارە هەردوو جارەکە، حکوومەتی تورکیە بەرپرسیارییەتی تەقاندنەوەی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستانی خستە ئەستۆی پارتی کرێکارانی کوردستان «پ ک ک» و لە وەڵامدا، یەکەمجار و دوای یەکەم تەقاندنەوە، کۆنسەی سەرۆکایەتی «پ ک ک» بەرپرسایەتی تەقینەوەکەی قەبوول کرد و ڕایگەیاند کە؛ لە پێناو زەربەلێدان لە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی «ئاکەپە»، ئەم تەقینەوەیەی ئەنجام داوە و، دووهەمجار خۆیان لەو تاوانە بێبەری کرد و ڕایانگەیاند کە پارتی کرێکارانی کوردستان ئەو تەقینەوەیەی ئەنجام نەداوە.

لێرەدا جیا لەوەی کە ئەنجامدەری ئەو تەقینەوەیە چ کەسێک یان چ لایەنێک بووە، پرسیارێک دێتە گۆڕێ، ئەویش ئەوەیە کە تەقاندنەوەی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان بە زەرەری چ لایەنێکە و لە بەرژەوەندیی کێ دایە؟

لە ڕاستیدا لە کاتی ئێستادا و بە شێوەیەکی کاتی، زەرەر و خەساری سەرەکیی ئەو تەقاندنەوەیە بەر هەرێمی کوردستان و خەڵکی ئەم بەشەی کوردستان دەکەوێت کە نزیک بە ٢ ساڵە بوودجە و مووچەی لە لایەن حکوومەتی فیدراڵییەوە لێ بڕاوە و ئابووریی هەرێمی کوردستانی فەلەج کردووە.

بەڵام لە درێژخایەندا زەربەلێدان لە بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان، بە زەرەری پرسی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردە لە هەرچوار بەشەکەی کوردستان بە باکووریشەوە. چوونکە سەرتاسەری کوردستان واتە هەرچوار بەشەکەی، خاوەنی میلیۆنها و لەوانەیە میلیاردها بەرمیل نەوت و گازی سرووشتی بێت کە لە داهاتوودا دەبێ یا لە ڕێگەی ئێرانەوە یا لە ڕێگەی تورکیەوە بەرەو بازاڕەکانی جیهانی هەناردە بکرێت. ئێستا کە بەردی بناغەی ئەو بۆرییە ستراتژییە داندراوە، چ باشتر کە بە هەموومان بیپارێزین و تەقاندنەوەی لە لایەن هەر کەس و تاقمێکەوە مەحکووم بکەین.

چوونکە تەقاندنەوەی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان، لە ڕاستیدا لە بەرژەوەندیی ئانکارادایە و تورکیە پێی خۆشە، لەبەر ئەوەی بە ئاسانی دەبێتە کارتێکی فشار بەدەست تورکیەوە کە، لە لایەک سیمای پارچەیەکی کوردستان، واتە کوردستانی باکووری ڕوو بە دەرەوە پێ قیزەون بکات و لە لایەکی دیکەوە، هەر هەمان شت دەکاتە کارتێکی فشار بۆ ئەوەی لە دۆخی نالەباری ئابووریی هەرێم کەڵک وەرگرێت و حکوومەتی هەرێم زیاتر بچەوسێنێتەوە و پۆئەن و ئیمتیازی زیاتری لێ بستێنێت، کە ئەوەش زەربەلێدانە لە دواڕۆژی کوردستان.

# چی لە بەرژەوەندیی کوردی تورکیەدایە؟

**دالامپەر**

ناوچەی سووری ئامەد و شڕناخ و جزیرەی بۆتان و نسێبین و سلۆپی و چەندین ناوچەی دیکەی کوردستاکی باکوور، ماوەی چەند مانگێکە کە بۆتە مەیدانی شەڕ و پێکدادانی گریلاکانی «پەکەک» و شەرڤانانی یەکینەکانی پاراستنی سڤیل «یەپەسە» لەگەڵ پۆلیس و جەندرمەکانی تورکیە و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە، زەرەری زۆر گەورەی مادی و گیانی بەر هەردوو لایەنی شەڕەکە بکەوێت، بەڵام لە ڕاستیدا زەرەری سەرەکیی ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرە بەر خەڵکی مەدەنیی کورد لە کوردستانی باکوور دەکەوێت و تا ئێستا بە دەیان کەس لە ژن و منداڵ و پیر و لاوی کورد لەو نێوانەدا کوژراون و بە سەدان بنەماڵەی دیکە بۆ خۆپاراستن لە ئاگری تۆپخانەی ئەرتەشی تورکیە پەنایان بردۆتە بەر ژێرزەمینی ماڵەکانیان، بەتایبەت لە ناوچەی سووری ئامەد بە سەدان بنەماڵە بێ خواردن و خواردنەوە و دەرمان لە ژێرزەمینی ماڵەکانیان گیریان خواردووە و خەریکە کارەساتێکی مرۆیی لەو بەشە لە خاکی کوردستان ڕوو دەدات. ئەوە جیا لەوەیە کە بە دەیان هزار کەس ئاوارەی ناوچە ئارامەکان بوون و نزیک بە ٣ هزار کەسیش لە لایەن پۆلیسی تورکیەوە دەستبەسەر کراون.

بۆیە لە بەرژەوەندیی هەردوو لایەنی شەڕەکەدایە کە جارێکی دیکە شەڕ و پێکدادانەکان ڕاگرن و ژیان لەو ناوچانە بگەڕێننەوە دۆخی ئاسایی خۆیان، پاشان سەر لە نوێ دەست بکەنەوە بە دانووستان و وتووێژ بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی گونجاو کە هەردوو لایەنی پێ ڕازی بێت تاکوو چیدی گەلەکەمان لە باکوور قوربانی نەدات.

«ئاکەپە» یا باشترە بێژین حکوومەتی ئێستای تورکیەش، دەبێ ئەو ڕاستییە قەبوول بکات کە، بە درێژایی مێژوو دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیە سەرەڕای ئەوەی کە لە بەرانبەر گەلی کورد دەستیان لە هیچ چەشنە جینایەتێک و زوڵمێک نەپاراستووە، بەڵام هەر نەیتوانیوە تۆسقاڵێک لە داخوازییەکانی ئەو نەتەوە شێلگیرە، کەم بکاتەوە.

لە بەرانبەریشدا کورد دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پوتانسیێلەی کە لە کوردستانی باکوور هەیە و هەروەها ئەو کەش و هەوایەی کە زاڵە بەسەر کۆمەڵگای تورکیەدا، واتە هەبووکی دێموکراسییەکی نسبی کە خۆی لە چالاکیی ئەحزابی ڕەنگاوڕەنگی کوردی و خەباتی پارلەمانیدا پێناسە دەکاتەوە، ڕاشنال و لۆژیکییە کە هەڵەکە بقۆزێتەوە و لوولەی چەکەکانیان ڕاگرن و بە هەموو لایەنەکانییەوە پێداگری لەسەر خەباتی پارلەمانی بکەن، تاکوو مافی گەلەکەمان بە بێ قوربانیدانی زیاتر، لە یاسای تورکیەدا بچەسپێنن.




# چارەسەری پرسی سووریە پانادۆڵ نیە فێدراڵییە!

**وارقاسم**

سەرەڕای ئەوەی کە حکوومەتە عەلەوییەکەی بەشار ئەسەد کە تەنیا نوێنەرایەتیی ١٤٪ی خاک و خەڵکی سووریە دەکات، پێداگری لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی خاکی سووریە لە ژێر حکومڕانی خۆیدا دەکات و لە ڕەوتی دانووستانەکاندا ڕایگەیاند کە، هەر کەس باس لە دامەزراندنی سیستمی فیدراڵی لە سووریەدا بکات، باشتر وایە خۆی تووشی سەرئێشە نەکات و حەبێکی «پانادۆل» بخوات، ئێستا نەک تەنیا بۆ بەشار ئەسەد، بەڵکوو بۆ هەموو لایەنەکەن سەلمێندرا کە تەنیا دەرمان بۆ چارەسەری قەیرانی سووریە، لامەرکەزی بوون و دابەشکردنی دەسەڵات لەو وڵاتەدا بە شێوەی فێدراڵییە، بۆیە ئێستا ڕەوایە ئەگەر بڵێین ئەوە بەشار ئەسەد و بەشار جەعفەرین کە پێویستییان بە حەبی «پانادۆڵ»ە.

ئەوەی کە لێرەدا بۆ ئێمەی کورد جێگەی خۆشحاڵییە ئەوەیە کە سەرەڕای دابەشبوونی کوردی سووریە بەسەر دوو بەرەی جیاوازدا، بەڵام سەرەتا ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی سووریە(ئەنەکەسە) و ئێستاش تەڤگەری دێمۆکراتیک (تەڤ-دەم) داوای دامەزراندنی سیستمی فێدراڵی بۆ داهاتووی سووریە دەکەن.

داواکردنی ئەو سیستمە حوکمڕانییە بۆ دواڕۆژی سووریە لەلایەن کوردەوە، بووە هۆی ئەوە کە عەرەبە سوننەکانی ئەو وڵاتەش، دەنگی خۆیان بە نیشانەی پشتیوانی لە داواکاریی کورد و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی فێدراڵی هەڵبڕن، و پاشان کەمایەتییە دینی و نەتەوەییەکانی دیکەیی سووریەش دەنگی خۆیان بۆ چەسپاندنی سیستمی فێدراڵی بۆ دواڕۆژی سووریە خستە پاڵ دەنگی کورد و عەرەبی سوننە.

بێگومان فیدراڵی تاکە ڕێگای چارەسەری پرسی سووریەیە کە دەتوانێ مافی هەموو لایەنێک دابین بکات، و لەو نێوانەدا کورد وەکوو نەتەوەیەکی مافخوراو لە مێژوو و فاکتەرێکی شوێندانەر لە ئێستای سووریەدا، دەتوانێ هەم ڕۆڵێکی سەرەکی و بەرچاو لەمەڕ چارەسەری قەیرانی سووریەدا ببینێت، و هەم بە بەشێکی بەرچاو لە مافە ڕەواکانی خۆی بگات.

نموونەی هەرە بەرچاو و سەرکەوتووی سیستمی فێدراڵی بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین کە زۆربەیان فرە نەتەوە و فرە ئایینن و هەموو داخوازە نەتەوەیی و ئایینیەکانی چوارچێوەی سنوورەکان خۆی دابین دەکات، عێراق و هەرێمی کوردستانە و کورد بۆ جیهانی سەلماندووە کە توانایی خۆبەڕێوەبەری هەیە، هەڵبەت بەو تێ بینییەوە کە یاسای بنەڕەتی وڵات بە جۆرێک بێتە دارشتن کە، حکوومەتی ناوەندی دەسەڵاتی داگیرکاری و قۆڕغکاری حکوومەتە هەرێمییەکانی نەبێت، وەک ئەوەی کە ئێستا حکوومەتی بەغدا لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەی دەبات.

## جووت حەوت



**هەوراز**

لەم ڕۆژانەدا هەڵبژاردنی دوایین خولی هەر دوو مەجلیسی «لوویی جەرگەی جووت حەوت» و «کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندیی پیاوماقووڵانی خواپێداو» بە بەشداریی ئوممەتی گەلی دێموکراتیك واتە مشتەرییانی هەمیشەیی نێو حەوشەی قاوەخانەکەمان بەڕێوە چوو.

بۆ دەڵێم دوایین خول؟ چوونکە پزیشکە چینییەکانی بەیتی عوزمای ڕەهبەری ئاگاداریان کردووینەوە کە بڕیار دراوە حاجی حەمە شەریفی قاوەچیی ئێمە بەم زوانە لەگەڵ شاندێکی یاوەری بۆ هێنانەوەی سەماحەتی ئایەتوڵڵا واعیزی تەبەسی لە مەلکووتی ئەعلا سەردانێکی ئاسمانەکان بکات. بەو پێیە کە ئایەتوڵڵا واعیز سی ساڵ لەگەڵ حەزرەتی قابیز چنگەکڕە و بگرە و بەردەی کرد تا وازی لە دنیا هێنا، پێ ناچێت خاڵۆ حەمەشەریفی ئێمە بتوانێ بەو ئاسانییە دەستی لە عاباکەی گیر بێت بۆ هێنانەوەی. واتە لەوانەیە لەگەڵ بەفری سەد ساڵی دیکەشدا نەیەتەوە خوارێ. هەر بۆیە قاوەخانەکەش لە کاتی سەفەری خاڵۆ تا ئەو کاتە دادەخرێت. لەو کاتەشەوە تا گەڕانەوەی خاڵۆ حەمەشەریف لە غەیبەتی کوبرا، هەر جۆرە چایی و قاوە خواردنەوە و قلیان کێشانێك و تەنانەت کردنەوەی قاوەخانەی جووت حەوت بە ڕووی مشتەرییەکاندا حەرامی شەرعی و مەشموولی حوکمی موحاربە لەگەڵ ڕۆحی قیددیس خاڵۆ شەریف دەبێت و تا کاتی گەڕانەوەی خاڵۆ حەمە شەریف و ئایەتوڵڵا واعیزی تەبەسی لە ئاسمانەکان کە هەموو قاوەچییەکانی جیهان ڕزگار دەکەن و «دیکتاتۆریی سینفی قاوەچی» دادەمەزرێننەوە، کەس مافی ئەوەی نیە بڵێ پێوەندیم لەگەڵ خاڵۆ حەمە شەریف یان سەماحەتی خاڵۆ فەرەجی ڕاحل (دامەزرێنەری قاوەخانەکەمان) هەیە و درگای قاوەخانەکەش بزمارکوت دەکەین. ئەو دوو مەجلیسەش تا کاتێك کاروبارەکان بەڕێوە دەبەن کە جەنابی خاڵۆ حەمەشەریف تەشریفیان بچێت بۆ ڕەحلەتی ئەبەدی یان کاتی، دواتر قوڕێکی سووریان بۆ دەگرینەوە و درگا و پەنجەرەکانیان بە قوڕە سوورە سواق دەدەین.

لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا کە هەموو عەشیرەت و گەڕەکەکانی تێدا بەشدار بوو، دوو لایەنی «ئەنجومەنی ناوەندیی زانایانی گەل» (باڵی شێتخانە) و شووری ڕەهبەریی ژینگەی سەوز (باڵی قلیانخانە) بۆ بەدەستخستنی زۆرینەی کورسییەکانی قاوەخانەکەمان لە کێبڕکێ‌دا بوون.

ئەوەی کە زۆر جێگای سەرنجە ئەوە بوو کە هەر لە سەرەتاوە نەیارانی پێشکەوتنی گەل دەستیان دایە تبلیغات و تەنانەت داوایان لە مشتەرییەکان دەکرد سەردانی قاوخانەکەمان نەکەن. بەڵام خاڵۆ حەمە شەریف بە فتوایەك وای کرد بەشێك لەوانەش کە لە بنەڕەتدا ئەهلی قاوە و چایی و قلیان نەبوون، هەر بۆ ئەوەی لە قاوەخانەکەماندا بێنە بەر چاو، بە هەڵەداوان خۆیان بکەن بە ژووریدا. هەڵبەت بە خۆشییەوە خاڵۆ شەریف زۆر وریا بوو و لەبەر درگاکە ڕایگرتن و وتی کاکە ئێمە وتمان بێنە ناو حەوشەکە سەعاتێك هەڵپەڕکێ بکەن و دواتر بە حەیای خۆتان بڕۆنەوە، خۆ ئیشەڵڵا هێندەش خۆر نەیداوە لە مێشکمان کە پێتان بڵێین تەشریف بێننە ژوورەوە بۆ چایی خواردنەوە.

هەر چۆنێك بێت، هەڵبژاردنەکە کرا و خۆمانین، مشتەریی زۆریش نەهاتن و خەریك بوو حەیامان بچێت، هەروەها ناچار بووین هەر بۆ پیازداخی مەسەلەکەش بوبێت، وردە ساختەکارییەك بکەین، بەڵام کێ دەزانێ بەو تاریکەشەوە چەندەمان مشتری هەبووە و چیمان کردووە. بۆیە خێرا ئانلاین بووین و بە فۆتۆشاپ وێنەیەکی کارەساتی ئەو ساڵی حەجمان خستە سەر پەیجی قاوەخانەکەمان لە فەیسبووك و لەژێرەوەی نووسیمان: «لە بەر زۆر بوونی مشتەری و بەرتەسکبوونی شوێنی قاوەخانەکەمان، ناچار بووین تا سەعات دوازدە و نیوی شەو هەڵبژاردنەکە درێژ بکەینەوە و بەو حاڵەشەوە لە بەر قەرەباڵغیی مشتەری، بە داخەوە ژمارەیەك لە مشتەرییەکانمان بوونەتە ژێر دەست و پێی یەکترەوە و گیانیان لە دەست داوە. هەموو کەسیش باوەڕی کرد، بە تایبەتی ئاژانسی »بی‌بی‌چی«. ئای ڕەحمەت لە قەبری بابی ئەوەی فۆتۆشاپی دروست کرد. خاڵۆ فەرەج ناهەقی نەبوو کە هەمیشە دەیگوت «زۆر هەر بۆ خوا و بۆ دەڵوەت (واتە دەوڵەت) خاسە». هەڵبەت نازانم ئەمە چ پێوەندییەکی بەو دوو بەڕێزانەوە هەبوو، بەڵام دەزانم فۆتۆشاپ و مۆنتاژ گەورەترین سەنعەتێکن کە خوا دروستی کردوون. بێ فۆتۆشاپی هەر بۆ خوا خاسە.

# دیپلۆماسیی «حکوومەتی ناوچەیی کوردستان» لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران (بەشی شەشەم)

ن: پەرویز جەباری
و: جەمال ڕەسوڵدنخە

حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرا کە ڕیشەی لە شوناس و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، کە گەورەتر و سەرووتر لە خاکی خۆی بێت بگرێتە بەر و بەپێی ناساندنی سیمبولەکان، هێڵی فیکری و شوناسی سەربەخۆ و ڕوونی ئەو پەیامەی بەردەوام لەگەڵ خۆی هەبێت. بە بەدواداچوون و پێناسەیەک لە شوناسی نەتەوەیی و سیاسی ـ مێژوویی خۆی، لە دیپلۆماسی لەگەڵ کەسانی دیکە و دراوسێیەکانی لە سەر ئەو توخمە جەخت بکاتەوە کە چارەنووسی خەڵکی خۆی کە نیشتەجێی وڵاتانی دیکەن بۆ ئەوان گرینگی و پێگەیەکی تایبەتی هەیە. ئەو مەسەلەیە دەبێ لە بەرانبەر وڵاتانێک وەک ئێران، تورکیە و تا ڕادەیەکیش سووریەی قەیراناوی، تەوەری دوکتورینی سیاسەتی دەرەوەی حکوومەتی هەرێم بێت. بێ گومان پێداگری و جەختکردنەوە لە سەر ئەو پێگە و تەوەرە سیاسییەی خۆت، وەکوو یەکێک لە باشییەکانی دیپلۆماسیی ناوچەی خودموختار دەبێت لەگەڵ دراوسێ و وڵاتانی دیکە کە کوردی تێدا نیشتەجێیە. ئەو مەسەلەیە تەنانەت لەگەڵ وڵاتانی گەورە و کاریگەریش لە پێوەندییە دیپلۆماتیکەکان کە کوردەکان لەگەڵ ئەوان لە پێوەندیی سیاسیدان، دەبێت بەدواداچوونی بۆ بکرێت. ئەو سیاسەت و بەرنامەیە بە جۆرێک پێداگری و درێژەدانی سیاسەتی نەتەوەیەکی یەکپارچە لە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ دەبێت. سنووری ئەوەش لە سەر بنەمای مافی نێودەوڵەتی، شوناسی مێژوویی، خەبات و سیاسەتی کوردەکان دیاری دەکرێت. دراوسێیەتی و بوونی سنوورە هاوبەشەکان لەگەڵ وڵاتانێک کە بەردەوام بە درێژایی مێژوو بە شێوازی جۆراوجۆر، سیاسەتی دژە کوردیان ڕەچاو کردووە. کە هەمان جەبری ژێئۆپۆلتیکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. لە ڕاستیدا ئەو ناوچە خودموختارە کە لە سنوورەکانی خۆیدا لەگەڵ کوردەکان دراوسێیە، لە دۆخی ئەمڕۆدا، هەر ئەو دۆخە گرینگترین دەرفەت و لە هەمان کاتیشدا خراپترین حاڵەتە لە لایەن ئەو دراوسێیانەی کە لە شرۆڤە و هەڵبژاردنی کۆتایی خۆیاندا دژایەتی لەگەڵ کوردەکان هەڵدەبژێرن. بەڵام هەڵکەوتەی خاکی کوردەکان لە نێوان دژبەران و دراوسێ دوژمنەکان، دیپلۆماسیی کوردی، تووشی ئاڵۆزی و کێشەگەلێکە کە لە جۆری خۆیدا خاڵی بەهێز و شوناسێکی دیکەی پێ دەبەخشێت. شوناسبەخشی پێویستی بە ئیرادەیەکی نەتەوەیی و یەکگرتوویی سیاسی و نەتەوەیی هەیە کە سەرووتر لە بەرژەوەندی و پێوەندییە حیزبییەکان و دیپلۆماسی لەگەڵ بیانییەکاندا ڕەفتار بکات. لەو ڕوویەوەیە کە داڕشتن، پێداچوونەوە، خوێندنەوە، تاوتوێ کردنی زانستی، دۆزینەوە و دیتنەوەی باقی دەفرایەتییەکان لە هەرێم و لە ئاستی جیهانیدا بۆ باڵانسی دیپلۆماسیی کوردەکان گرینگییەکی تایبەتی هەیە. ئەو مەسەلەیە ئیمکانی نیە، مەگەر ئەوەیکە لە ڕێگای داڕشتنی سەرچاوە مێژووییەکان، شارستانییەت، شوناس، ئابووری، فەرهەنگی، بازرگانی و...هتد، بۆ کوردەکان و هەموو ئەکتەرەکان کە خوازیاری بەرژەوەندییەک بۆ کوردن. بە شێوەیەکی کورت بەشێک لەو بەرژەوەندی و دەفرایەتیانە بریتین لە:

١ـ بوونی سەرچاوەکانی وزەی نەوت و گاز و جۆرەکانی دیکەی کانگاکانی ئاسن لە وەبەرهێنان بۆ دەرکێشان، بەرهەمهێنان و هەناردەکردن لەخۆ دەگرێت. ئەو دۆخە لە تەنیشت ترانزیت و ڕەتبوونی لوولەی نەوتی لەخاکی دراوسێیەکان، ئەمنییەت و فرۆشتنی ئەو نەوتە دیپلۆماسییەکی بەهێز و پتەو پێک دێنێت. ئەو کارتە و ئەو سەرچاوەیەی وزە لە جوغرافیای سیاسیی کوردستان، بێ گومان لەگەڵ بەڕێوەبەریی زانستی و بەرنامەڕێژیی درێژماوە، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی دیپلۆماسیی کوردەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران. بە هۆی دراوسێ بوون و کەمتەربوونەوەی تێچووەکان بۆ گواستنەوە و ترانزیتی نەوت و بەرهەمهێنانی بەرهەمە نەوتییەکان، دەتوانرێت بەشی کەرتی تایبەتی ئێرانییەکان لەگەڵ ئەو بەشە تێوە بگلێنی.

ئەو دۆخە و دروستکردنی بەرژەوەندیی هاوبەش، گارانتیەکە بۆ پێشگرتن لە دەستێوەردان و ئاژاوە نانەوە لە بەرنامەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

٢ـ ئەمنییەتی ڕێژەیی بۆ سەرمایەگوزاریی وڵاتانی ئورووپایی، ناوچەیی و دراوسێیەکان لە بوارە جیاوازەکاندا. ئەو مەسەلەیە دەتوانێت هاوکات لەگەڵ گەشە و خۆشبژیویی ئابووری بۆ خەڵکی ناوچەکە، بەستێنێک بۆ ڕەخساندنی هەلی کار و دابینکردنی هێزی مرۆیی بێت کە سەرەڕای کوردەکانی بەشەکانی دیکە، خەڵکی وڵاتانی دیکەش بۆ دۆزینەوەی کار لە بیاڤە جۆراوجۆرەکاندا ڕوو لە کوردستان دەکەن. ئەو دۆخەش لەگەڵ تێکەڵکردنی سیاسەتە فەرهەنگییەکان، شوناس و ڕاهێنان لە لایەن بڕیاردەرانی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، دەزگاکانی حکوومەتی بۆ بەهرەبەرداریی لە قازانجەکانی دیپلۆماسی بەهێز دەکات. بەشداریی هێزی کار، خاوەنانی شارەزایی و سەرمایە لە هەرێمی کوردستانی خودموختار، بەستێنی زیاتر بۆ پێوەندی، ناسین و گواستنەوەی ئەزموون و شوناسەکان دەکاتەوە. ئەو دۆخە دەبێتە هۆی بەهێزبوون و گەشەی دیپلۆماسیی گەشتی نێوان نەتەوە و کاراکتێرە نافەرمییەکان.

هەر ئەو دۆخە بۆ کوردەکان لە دیپلۆماسی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران لە قازانجەکانی وتووێژ و دانووستان لە جێگایەکی ڕاستەقینە بەپێی نەریتێکی دیپلۆماتیک دەبێت. تا ڕادەیەک کە پابەند بەو مەسەلەیە بوو کە وەک پارسەنگێکی سیاسی، ئابووری و بازرگانی چاو لە کوردستان بکرێت.

٣ـ ئەزموونی تا ڕادەیەک سەرکەوتوو لە بواری دروستکردنی ئەمنییەت و جۆرێک دێموکراسیی باش لە ناوچەیەکی دیکتاتۆر لێدراو و بێ بەرەکەتی ناوچەکە بۆ گەشەی دێموکراسی. دروستکردنی ناوەندەکانی تا ڕادەیەک سەربەخۆ لە بەشی ڕاگەیاندکان و چاپەمەنی، ئازادییە سیاسییەکان و چالاکیی حیزبەکان بە بیروڕای جیاوازەوە. ئەو ئەزموونە و تا ڕادەیەکیش کارنامەی سەرکەوتوو دەتوانێت وەکوو نموونە و بەستێنی هاوکاریی و ڕاکێشانی سەرنجی هێزە گۆڕانخواز و مەدەنییەکان لە ئێراندا بێت. حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ هەوڵ بدات کە بە شێوەی جیاواز لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە نێوخۆ و دەرەوەی نیزامی دینی، جۆرێک پێوەندی لە بواری ئەزموون، ناسین، ڕاهێنان و ڕابردووی خەباتی ئەو هێزانە لەگەڵ نیزامی دینی لە ئێران هەبێت. ئەو دۆخە دەبێتە هۆی چوونە سەری قورسایی، دەسەڵات و هێزی دیپلۆماسی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئەو پێوەندییە نابێ ببەسترێتەوە بە حیزب و هێزە سیاسییەکانی کورد. حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو ناوەندانەی کە لەو حکوومەتەدا دامەزراون، دەبێت ئەو پەیامەیان لە گوتاری دیپلۆماسیی خۆیاندا هەبێت و ئەوەش بەردەوام وەکوو لاوازییەکان، ناکارامەیی و کەموکوڕییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەیان بکەن. لەو هەرێمە خودموختارەدا بە هۆی سەروەربوونی یاسا و دەفرایەتییەکانی مافی سیاسی و پەنابەریی سیاسی، دەبێ دەفرایەتی و بەستێنەکانی ئەو پۆتانسیێلە چالاکتر بکەرێت تا بتوانرێت لە دیپلۆماسیی خۆی لەگەڵ ڕێژیمێکی نادێموکراتیکی وەکوو ئێران لە بەستێنی چەمکەکانی مافی مرۆڤ، دژایەتی لەگەڵ ئێعدامی سیاسی، مافی نەتەوەکان، ئازادییە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان و... هتد، بەهرەمەند بن.

٤ـ پێوەندیی زۆر پتەو و قایم لەگەڵ هێزە سیاسییەکان و حیزبەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان. دامەزراندن و دروستکردنی ناوەندێکی لێکۆڵینەوە، ڕاهێنان و توێژینەوەیی لەگەڵ کەسایەتییەکان و نوخبەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان و پشتیوانی لە بەرنامە و دەسکەوتەکانی ئەوان لە بیاڤی پرسی نەتەوەیی، شارستانی، مێژوویی، فەرهەنگی و خەڵکناسی لەگەڵ ئاراستە جیاوازەکان بۆ بەهێزبوون و نۆژەنکردنەوەی کۆڵەکەکانی نەتەوەسازی و گواستنەوەی دێموکراتیکی دەسەڵات بۆ خەڵک و یەکگرتوویی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە ڕێگای گوزارێکی دێموکراتیک و سیاسی ئەو دۆخە جۆرێک تابلۆی دیاریکراو لە دیپلۆماسی لەگەڵ دراوسێیەکان و بەتایبەت کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێت. تا جێگایەک کە ئەو هەڵوێستە، هێڵە سوورەکانی کورد دەبێت لە دیپلۆماسی لەگەڵ ئەو ڕێژیمە. بەو مانایە کە نە دەتوانی چاوپۆشی لێ بکەی نە مامەڵە. ئەو کەرەستە و سەرچاوەیەی دیپلۆماسی دەبێتە هۆی بەهێزبوون و گەشەی وێکچوویی، ئیرادەی نەتەوەیی و هەستی سیاسیی سەربەخۆ و یەکپارچە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و لە نێوان حیزبە سیاسییەکان.

٥ـ کەڵکوەرگرتن لە ڕابردوو و خەبات لە ڕێگای ئازادی و شوناسی نەتەوەیی کە بەستێنێکی خەڵکیی و مێژوویی هەیە. لەو ڕێگایەوە خەڵک و خاکی کوردستان بەردەوام و هاوڕێ لەگەڵ حیزب و هێزە سیاسییەکانی خۆیان، تێچووی زۆریان داوە. لەو ڕاستایەشدا خەڵک قوربانیی سیاسەتی سەرکوت، کوشتار، توندوتیژی، ئیعدام و ئاوارەیی بوون. بۆردومانی شیمیایی شاری هەڵبجە لە لایەن ڕێژیمی سەدام، ئەنفالی کوردەکان، کۆڕەوی گشتی بۆ شارەکانی باشووری عێراق، گۆڕینی دێمۆگرافی ناوچە کوردنشینەکان و باقی مەسەلەکانی دیکە، خۆی بەشێک لە کارنامەی خەباتی خوێنین و بەرخۆدانی کوردەکان لە بەرانبەر دیکتاتۆریی و شەڕ بۆ ڕزگاری، ئازادی و مافی چارەنووس بووە. تا بتوانن بەپێی ئیرادە و دەنگی خۆیان، چارەنووسی سیاسیی نەتەوەیی خۆیان بەدەستەوە بگرن. ئەو ڕابردوو و مێژوویەی خەبات و بەرخۆدان یەکێک لە سەرچاوە پڕ بایەخەکان بۆ دێموکراسی و پاراستنی بەها مرۆییە جێگای ڕێزەکانی کۆمەڵگای جیهانیە. ئەو سەرمایە نەتەوەییە و ئەو خەباتە لە پێوەندییە دیپلۆماسییەکان، دەبێ بە شێوەیەکی زۆر ڕاست و پتەو جەختی لە سەر بکرێتەوە. ئەو مێژوویە بەرخۆدان و ئیرادەی نەتەوەیی بۆ کوردەکان لە بەرانبەر سەمبولەکانی ئەو خەباتە، کە لە کۆتاییدا سەرکەوتنی سیاسی لێ کەوتووەتەوە دەبێ وەکوو بەهایەکی جیهانی و جێگای سەرنجی مافی مرۆڤ، هەوڵی بۆ بدرێت لە ناوەندە جیهانییەکان و لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەکوو میراتێکی نەتەوەیی و جیهانی تۆمار بکرێت. لەو شوناسە و لەو خەباتە نەتەوەییە لە سەردەمی ئێستادا دەبێ بە شێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا لە دیپلۆماسی لەگەڵ دراوسێیەکان کە بەردەوام سیاسەتی نەفی و نکۆڵی لە کوردەکانیان لە بەشەکانی دیکە گرتووەتە پێش، بەکار بێنین.

> شو نا س بە خشی پێویستی بە ئیرادەیەکی نەتەوەیی و یەکگرتوویی سیاسی و نەتەوەیی هەیە کە سەرووتر لە بەرژەوەندی و پێوەندییە حیزبییەکان و دیپلۆماسی لەگەڵ بیانییەکاندا ڕەفتار بکات، لەو ڕوویەوەیە کە داڕشتن، پێداچونەوە و شوناسبەخشی بێویستی بە ئیرادەیەکی نەتەوەیی و یەکگرتوویی سیاسی و نەتەوەیی هەیە کە سەرووتر لە بەرژەوەندی و پێوەندییە حیزبییەکان و دیپلۆماسی لەگەڵ بیانییەکاندا ڕەفتار بکات









## بەرهەمی نوێ

هونەرمەند قادر ئەلیاسی لە درێژەی چالاکییە هونەرییەکانی خۆیدا، بە دوو بەرهەمی نوێوە بەرەوپیری ساڵی نوێی هەتاوی دەچێت.

«لەهەر باخێک گوڵێ» ناونیشانی یەکێک لەو بەرهەمانەیە، کە سەرجەم ١٠ گۆرانی لەخۆ دەگرێت بە ناوەکانی» خاوەر، سەوزە یارەکەم، شیرینە خانم، کوبانێ، خەیاڵ، شیوەن، باڵابەرز، سوارەکەی زەهاو، فەسڵی بەهار و چەو مەس».

بەرهەمە نوێیەکەی دیکەی ئەم هونەرمەندەش بە ناونیشانی «پەرتەونامە»یە. ئەم بەرهەمەش ٩ گۆرانی بە ناوەکانی «ساقی، پەرتەوی (مەقام)، چەبوو؟، غەزاڵ، یار گیانی، چە بکەم(مەقام)، دیار عشق، بڕشن و ئەرمەنی»ی لە خۆ گرتووە.

ئەم دوو بەرهەمە لە لایەن نزار زێوێی و بە هاوکاریی گەووپی موزیکی لوڕەوە هاتۆتە بەرهەم .

هونەرمەند قادر ئەلیاسی خەڵکی گوندێکی دەشتی زەهاو لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە و هەتا ئێستا چوار بەرهەمی لە بەردەستی ئۆگرانی ئەم هونەرە و ئەم هونەرمەندەدایە بە ناوەکانی «دەردی دووری، شڵەوخانان، سلێمانی و میلکان». ئێستاش دوو بەرهەمی نوێی ئامادە کردووە بە ناوکانی «لەهەر باخێک گوڵێ» و «پەرتەونامە»، کە لەژێر چاپدایە و بە زوویی دەکەوێتە بازاڕەوە.



## چەمۆڵەی «نا»



هێند سەرت داخست،لە داخت ڕێ چەمۆڵەی نا لە ڕووم
تاکوو کەی من! ئارەقی شەرم و حەیات بڕوا لە ڕووم؟
شەو ڕەگاژۆی کرد لە مێشکمدا، دڵ و ڕۆحم ڕزین
بێزی هەستاوە دڵی مێژوو و هەموو دنیا لە ڕووم
هەستە گڕ بەردە شەوی چارشێو و مەقنە، کیژی خۆر
با تررووسکەی زەردی کەزیەت داڕژێ و بیدا لە ڕووم
بێ گەزیزەی بسکی تۆ مانای نییە نەورۆزی من
کۆنە ساڵم، با شنەی ئەو خۆرە گڕ بەردا لە ڕووم
باوەشی سەوزی سەرنجم بۆ بزێکت کردەوە
تووڕەیی و گرژییت شەپێکی بێ بەزەی هەڵدا لە ڕووم!!
سەرسەرڕ ئاسایی بە کووچەی ئارەزووما تێپەڕیت
شەختە بووی گەستت چرۆی ئەشقم، بەهاری لالەڕووم!
خەم وەکوو بەردە و منیش گیایەک، لە ژێریدا ڕووام
زەرد و ژاکاوم شەپۆلی تاوی ڕووت نەیدا لە ڕووم.
کەی بەهاری «نا» یەکەت باوەش بە هەستمدا دەکا؟
کەی پشووی سەوزی حەزت دەیدا وەکوو شەوبا لە ڕووم؟!
بمخە قوڕگی مەرگەوە، کەللەم بکە کوانوو بەڵام
قەت دڵت بڕوا نەدا بینێی چەمۆڵەی «نا» لە ڕووم!!

(ئەمین گەردیگلانی)

## بڵاو کراوەی نوێ




ناوەرۆکی ئەم کتێبەکە بە گشتی بەرپەرچ دانەوەی توندئاژۆیی و ڕادیکالیزمی ئیسلامی و ناساندنی ئایینی ئیسلامی ڕاستین، هەروەها ڕوون کردنەوەیەک لە مەڕ وشەی جیهاد و باسێکی تێروتەسەل لە مافی ئافرەت و گرنگیی ئازادی و مافی تاکەکەسی و نەتەوەیی لەخۆ دەگرێت. پاشان شی کردنەوەیەکە سەبارەت بە سکۆلاریسم و لائیسیتە و زۆر تەوەر و بابەتی دیکە کە پەیوەندییان لە گەڵ کێشەکانی ئەمڕۆی جیهان بە گشتی و موسوڵمانان بە تایبەتی هەیە. ئەم کتێبە بەرهەمی هاوڕێی پێشمەرگە مەلا عەلی ئاسپرەس ناسراو بە «سێڵاو»ە و لە چاپخانەی ڕۆژهەڵات لە تیراژی ٥٠٠ دانەدا چاپ کراوە و هەنووکە لە کتێبفرۆشییەکانی هەرێمی کوردستاندا دەست دەکەوێت. وێڕای دەستخۆشیمان بۆ مەلا عەلی سێڵاو، هیوای بەردەوامیی بۆ دەخوازین.



## قوتووی پێڵاو

نیک ساڵحی
و: ناهید

ژن و مێردێک زیاتر لە ٦٠ ساڵ پێکەوە ژیانی هاوبەشیان بردبووە سەر. ئەو دووانە هەموو شتێکیان بە یەکسانی لە نێوان خۆیاندا دابەش کردبوو. سەبارەت بە هەموو شتێک پێکەوە دەدووان و هیچیان لە یەکتر نەدەشاردەوە جگە لە یەک شت: قوتوویەکی پێڵاو لەسەر کۆمۆدی پیرێژنەکە هەبوو کە داوای لە مێردەکەی کردبوو هەرگیز نەیکاتەوە و هیچیش دەربارەی ئەو قوتووە نەپرسێت. لە هەموو ئەو ساڵانەدا پیرە پیاو وازی لەو قوتووە هێنابوو، بەڵام دواجار ڕۆژێکیان...

پیرێژن نەخۆش کەوت و دوکتورەکان جوابیان کرد. هاوکات لەگەڵ ئەوەی پێکەوە دوا کاروبارەکانیان ڕێکدەخست، پیرەپیاو قوتووی پێڵاوەکەی هەڵگرت و چوو بۆ لای ژنەکەی.

ژنە گوتی ڕاستە ئێستە کاتیەتی کە سەبارەت بەو قوتووە هەمو شتێک بە هاوسەرەکەی بڵێت. داوای لێ کرد قوتووەکە بکاتەوە. کاتێک پیرەپیاو قوتووەکەی کردەوە دوو وەویلەی بەدەست چنراو و بڕێک پارەی بینی بە بڕی ٩٥ هەزار دۆلار. پیرەپیاو پرسیاری ئەو دۆخەی لە هاوسەرەکەی کرد. پیرێژن گوتی: کاتێک ئێمە بەڵێن و قەراری ژیانی هاوبەشمان ئەدا، داپیرەم پێی گووتم کە ڕازی بەختەوەریی ژیانی هاوبەش لەوەدایە کە هەرگیز چەلەحانێ نەکەن، ئەو پێی گوتم هەرکاتێک لە دەستی تۆ تووڕە بووم، بێدەنگ بم و وەویلەیەک بچنم.

پیرەپیاو ورووژابوو و هەوڵیدا پێش بە خلۆر بوونەوەی فرمێسکەکانی بگرێت، تەنیا دوو وەویلە لە قوتووەکەدا هەبوون، کەواتە هاوسەرەکەی تەنیا دوو جار لە ماوەی ژیانی هاوبەشیاندا لە دەستی تووڕە بووە، گەلێک دڵی بەوە شاد بوو، هەر بۆیەش ڕووی لە هاوسەرەکەی کرد و گوتی ئەی ئەم هەمووە پارە چیە؟ بۆ لێرەیە؟

پیرێژن لە وەڵامدا گوتی: ئاخ ئازیزەکەم ئەم پارانە هەمووی پارەی فرۆشی وەویلەکانمە.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No: 672 ▪5 mar 2016

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

## کۆماری ئیسلامی دژی دیاریکردنی ڕێپۆرتێری مافی مرۆڤ هەڵوێستی گرت




مۆحەممەد جەواد لاریجانی وێڕای دەربڕینی ناڕەزایەتی لە هەمبەر دیاریکردنی ڕێپۆرتێری تایبەتی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، کۆماری ئیسلامی ئێرانی بە هێمای گەورەترین دێموکراسی ناوچە لەقەڵەم دا.

بە پێی هەواڵێک کە لە ماڵپەڕی ڕادیۆ فەرانسە بڵاو کراوەتەوە؛ جێگری کاروباری نێونەتەوەیی هێزی دادوەریی کۆماری ئیسلامی دیاریکردنی دووبارەی ڕێپۆرتێری مافی مرۆڤ بۆ ئێران، لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانی بە هەوڵێکی نالۆژیکی، بێ بەزەییانە و بێ پاساو لەقەڵەم دا و وتوویەتی: ئەم کارە بە مەبەستی سیاسی لەلایەن زلهێزەکانەوە ئەنجام دەدرێ.

ناوبراو ڕایگەیاندووە ئێمە بە هەموو شێوازێک دژی دیاری کردنی ڕێپۆرتێری مافی مرۆڤین، چونکە وەها کارگەلێک دەبێتە هۆی کەڵکاژۆوەرگرتنی سیاسی ئەکتەرە جیهانییەکان لە وڵاتانێکی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران.

سەرۆکی «ستادی مافی مرۆڤی» هێزی دادوەری حکومەتی ئیسلامی سەبارەت بە ڕوانینی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ دەڵێ ئەوان بە هەڵە لە مافی مرۆڤ گەیشتوون، چونکە جیاوازییە فەرهەنگییەکان و بنەما ئەخلاقییەکانیان لە بەرچاو نەگرتووە.

پێشتریش ناوبراو بە پشت بەستن بەم «جیاوازییە فەرهەنگییانە» بەردباران کردن و قرتاندنی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤی بە یەکێک لە یاسا جوانەکانی قەساس و دابین کردنی مافەکانی مرۆڤ ناوزەد کردبوو

## دەستبەسەر کردنی کاسبکارێک لە بانە

لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی ٧ی ڕەشە مەمەدا، هێزە ئیتلاعاتییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو، هاوڵاتییانی کورد لە شارە جیاجیاکانی کوردستان دەستبەسەردەکەن.

لە ڕێکەوتی ٢٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ی هەتاویەوە، هاوڵاتیەکی کوردی خەڵکی شاری بانە، بە ناوی «شێرزاد فەلاحی» لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی ئەو شارەوە دەستبەسەر کراوە.

ئەو هاووڵاتییە بانەییە کە تەمەنی ٢٠ ساڵە، ئێستا لە زیندانی وەزارەتی ئیتلاعاتی شاری سنەدایە.



دەگوترێ، شێرزاد لە دووکانەکەی خۆیدا، کە بۆنگایەکی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبیلە دەستبەسەر کراوە.

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، دوای گیرانی شێرزاد، هێزە ئیتلاعاتییەکان بەبێ حوکمی قەزایی و بە بێ ڕەزامەندیی بنەماڵەی ئەو هاووڵاتییە، بە زۆرەملی ڕژاونەتە نێو ماڵەکەی و دەستیان بە سەر هێندێک کەلوپەلی شەخسیی ناوبراودا گرتوو.

## کاسبکارێکی کورد کەوتە بۆسەی هێزەکانی حکوومەت لە سەردەشت

لەپاش بەرکەوتنی گوللەیەک بە کاسبکارێکی سەردەشتی، ئەو کەسە بۆ ناوەندە دەرمانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق گوازرایەوە.

ناوەڕاستی ئەم حەوتوویە لە ناوچەی سنووریی سەردەشت لە پارێزگای ورمێ، چەندین کاسبکاری کورد کەوتنە بۆسەی هێزەکان حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە.

لە کردەوەیەکی نەباڵی هێزە چەکدارەکانی سپای پاسداران، یەکێک لەو کاسبکارانە بە ناوی «سۆران ئەحمەدی» کوڕی «عەبدوڵڵا» بە توندی بریندار دەکرێت.

ئەو کاسبکارە ٢٨ ساڵەیە بەهۆی سەختیی برینەکەیاوە لە لایەن هاوڕێکانیەوە بۆ شاری قەڵادزێ لە هەرێمی کوردستان دەگوازرێتەوە و ئێستا لەژێر چاودێریی پزیشکی دایە.

ئەو هاووڵاتییە خەڵکی گوندی «قەڵەڕەش»ی سەربە شاری سەردەشتە.

## سەرلەنوێ بنەماڵەی چالاکانی سیاسیی کورد کەوتنە ژێر گوشار



دادگای پیرانشار لە نێوەڕاستی حەوتووی ڕابردوودا، لە بریی دانەوەی قەباڵەی خانوویەک، بڕی سەد میلیۆن تمەن پارەی لە باوکی چالاکێکی سیاسی ستاندووە.

لەدوای ئەوەی کە باوکی چالاکێکی سیاسی لە لایەن دەزگای قەزایی ئێرانەوە هەڕەشەی دەستبەسەرداگرتنی خانووەکەی لێ کرا، بە مەبەستی پێشگرتن لەو بڕیارە، بڕی ١٠٠ میلیۆن تمەنی خستووەتە سەر ژمارە حیسابی دادگای پیرانشار.

پێشتر باوکی ئەو چالاکە سیاسییە لە پێناو ئازادکردنی کوڕەکەی لە گرتووخانە، سەنەدی خانووەکەی لەبارمتەدا دانابوو.

جەلال لاهیجانی چەند ساڵ لەمەوبەر و پاش ئازادبوونی لە زیندان، بەناچاری و بەهۆی گوشاری ئەمنییەتی، وڵاتی بەجێهێشت. ناوبراو بە تۆمەتی هاوکاری و پڕۆپاگەندە بۆ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئیسلامیی ئێران، لەژێر زەخت و هەڕەشەی گیانییدا بوو.

ئەو دۆخەی کە بۆ بنەماڵەی لاهیجانی دروستکراوە، لەکاتێکدایە کە جەلال لەئێستادا لە ئێراندا نەماوە و نیشتەجێی دەرەوەی وڵاتە.

بڕیاری زەوت و وەرگرتنی ئەو بڕە پارەیە لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی پیرانشارەوە بە دەزگای دادوەری ڕاگەیەندراوە.

زۆرجار لەدوای هەر هەڵبژاردنێک لە ئێراندا، چالاکانی سیاسی و بنەماڵەکانیان لە لایەن دەزگا ئەمنی و قەزاییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە دەکەونە ژێر زەخت و گوشار و ئەو دۆخە لە کوردستان، هەردەم بەرچاوتر، زۆرتر و سیستماتیکترە.

## گرتن و کردنەوەی دۆسیەی قەزایی لە کوردستان درێژەی هەیە



لە سەقز، ناوەندە ئەمنییەکانی حکوومەتی، ٢ هاووڵاتی دەستبەسەر و دۆسیەی مامۆستایەکی دیکەش دەنێرێتە دادگای شۆڕشی ئەو شارە.

لە چوارچێوەی زەخت خستنەر چالاکانی مەدەنیی کوردستان، بۆ مامۆستایەکی سەقزی بەناوی «تاهیر قادرزادە» دۆسیەی دادگایی ڕێکخراوە.

ئیدارەی ئیتلاعات، تۆمەتی «پڕۆپاگەندە دژی نیزامی» داوەتە پاڵ ئەو هاووڵاتییە.

ئەو مامۆستایە ئەندامی ناوەندی سینفی مامۆستایانی کوردستانە و هەنوکە دۆسیەکەی بۆ لقی پێنجەمی دادگای شوڕشی شاری سەقز گەڕێندراوەتەوە.

دەگوترێت تاهیر قادرزادە لە یەک ساڵی ڕابردوودا چەندین جار بانگهێشتی ناوەندە ئەمنییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە سەقز کراوە.

هەروەها لەو شارە، ٢ هاووڵاتی کە خۆشک و برای یەکترن، لەلایەن ئیتلاعاتەوە دەستبەسەر و بۆ شوێنی نادیار گوازراونەتەوە.

ناسنامەی ئەو دوو کەسە، فەوزیە و ئاوات ڕاگەیەندراوە کە تەمەنیان لەنێوان ٢٥ تا ٣٠ ساڵە.

پێوەندی لەگەڵ ئۆپوزسیۆنی کوردی دژبەری حکوومەتی ئیسلامی ئێران، هۆکاری دەستبەسەرکردنی ئەو دوو هاووڵاتیەیە.

لەپاش هەڵبژاردنەکانی ٧ی ڕەشە مەمە، کوردستان شەپۆلێکی بانگهێشت کردن و گیرانی چالاکانی مەدەنی بەخۆوە بینیوە کە هێمایەکە بۆ گەڕانەوەی کەشی ترس و دڵەڕاوکێ لەپاش هێمنیی سەروبەندی دەنگدان.

## لەگەڵ خانماندا

هێرۆ هاشمی



هەر کە لە وەرزی بەهار و کۆتایی ساڵ نزیک دەبینەوە، سروشت و ژیان و کۆمەڵگا، جووڵەیەکی دیکەی تێدەکەوێ. هەموو ژیان ئۆقرەی لێ دەبڕێ کە هەرچی زووتر خۆی بگەیەنێتە ساڵی نوێ، چاوەڕێیە و بە تامەزرۆییەوە دەیەوێ بزانێ ساڵی نوێ چی پێیە بۆ ژیان.

لەم حاڵ و هەوایەدا، خانمان زیاتر لە هەمیشە و زیاتر لە کەسانی دیکە لە نێو کۆمەڵگادا وەخۆ دەکەون و خۆیان بەرەو پیریی نوێبوونەوە و ساڵی نوێ ئامادە دەکەن.

هەرجۆرە گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕیک لە ژیان و دەوروبەر و نێو ماڵ و تەنانەت جلوبەرگ و تەنانەت خۆراکیشدا بۆ خانمان جێی سەرنجە و گرنگیی پێ دەدەن و بەرەو پیریی دەڕۆن. لەگەڵ هەر گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕکردنێکدا، خانمان وا دەزانن و وا هەست دەکەن کە ژیانەکە لاپەڕەیەکی نوێی بەڕوودا کردوونەتەوە، بۆیە لە گۆڕینی جلوبەرگدا، لە گۆڕینی ڕەوتی ئاسایی سەردان و سەفەرەکاندا، لە ناسینی کەسی تازەدا و لە هەموو ئەوانەدا چێژی لێ وەردەگرن و گەر هیچ کام لەوانەیان پێ نەکرا، هەر هیچ نەبێ، جار جار شوێنی شتەکانی نێو ماڵ دەگۆڕن و نێوماڵەکەیان بە جۆرێکی دیکە دەچنن.

لە کۆتایی ساڵ و نزیکبوونەوەی ساڵی نوێدا، خانمانێک هەن کە ژیانەکەیان و حەز و ئاواتەکانیان، بەو جۆرەی کە شیاوە نارواتە پێش و زۆرن ئەو خانمانەی کە لە بەرەبەری ساڵی نوێدا داخ و دەرد و ئازارەکانیان زۆرتر دەبێ.

خانمانی وا لەکۆمەڵگادا و بەتایبەت لە کۆمەڵگای کوردستاندا هەن کە مێرد و باوک و برا و ... کەسێک کە لە کۆمەڵگا جیهان سێهەمییەکاندا بە پیاوی ماڵ و سەرپەرستی ماڵ ناو دەبرێن، یان لە دەستیان داوە، یان لەکار کەوتووە، یان لێیان دوورە و بە هەر هۆکارێکی دیکە ئەوان خۆیان شانیان وەبەر قورسایی دابینکردنی ژیان بۆ خۆیان و بنەماڵەکەیان داوە و بە دەستی ناسک و بێهێزیان، بەڵام بە ئیرادەیەکی سەرسووڕهێنەرەوە، بەیانی تا ئێوارە و شەو تا بەیانی بە ڕەنجی خۆیان هەوڵ دەدەن پارووە نانێک بۆ بنەماڵەکەیان وەدەست بخەن و دەزگای بێبەزەیی حکوومەتیش نەک هەر یارمەتییان نادا، بگرە بارێکی قورسترە بە سەر شانی ئەو خانمانەوە.

ئەم خانمانە، لە بەرەبەری ساڵی نوێدا خەم و پەژارەیان زۆرتر دەبێ، چوونکە ناتوانن کراسێکی نوێ بۆ منداڵەکەیان دابین بکەن کە لە نێو هاوپۆل و هاوکایەکانیدا تووشی خەم و دەرد نەبێ، ئەم خانمانە، ناتوانن شوێنی کەلوپەلی ناوماڵەکەیان بگۆڕن، چوونکە یان لە ژوورێکی بچکۆلەی تەڕوتووشدا بە کرێ دەژین، یان ئەوەندە قەرەباڵغ هەن و کەلوپەلی ئەوتۆشیان نیە کە ژیانەکەیانی پێ بەڕێوە ببەن، نەک لە فیکری ئاڵوگۆڕیدا بن. ئەم خانمانە لە بەرەبەری ساڵی نوێدا خەم و پەژارەیان زۆرتر دەبێ، چوونکە ئازیزێکیان لێ دوورە. یان پیاوی ماڵەکەیان ڕێژیمی ئیسلامی ئێعدامی کردووە، یان مێردیان لە زیندانە، یان کوڕ یان کچیان لە دوورەوڵاتە و خەمی دووریی ئەوان نوێبوونەوەی ساڵیان لی دەکا بە تاڵییەکی چەندقات.

بۆ ئەوەی هەر کەسێک بتوانێ لە نوێبوونەوەی ژیان و ساڵ چێژی خۆی وەر بگرێ، خراپ نیە لە پەنای گۆڕینی جلوبەرگ و گۆڕینی دیزاینی نێو ماڵ و هەموو ئەو ئامادەکاریانەی کە بۆ ساڵی نوێ دەیکەین، چاوێکیشمان لەو خانمانە بێ کە نوێبوونەوەی ساڵ، خەمەکانیان قورستر دەکا، هەر هەنگاوێکی بچووکیشمان پێ هەڵ دەگیرێ بۆ کەمکردنەوەی خەمیان، ساڵی نوێمان پڕماناتر دەکا.